# ديموكراسی بۆرژوازی

# کامڵترین بەرگی سیاسی سەرمایەداری یە

## نوسینی – (ن . ف. عبدالله)

## مانگی نیسانی ١٩٩٨

# پێشەکی

لە کاتێکی زۆر لەوەو پێشەوە دەمویست ئەو نووسینەی لەبەر دەستدایە . بخەمە سەر ڕووی پەڕەکانی نووسراوێک . بەڵام کات خەریک بوو دەی بڕین ، بە هەر حاڵ ئێمە کاتمان بڕی و توانیمان، ئەم نووسراوەیە، لە منداڵدانی فیکری ئێمەدا لە دایک ببێت .

ئەم نووسراوەی کە چەند موضوعی لە خۆگرتووە و چەند سەرباسێکی هەیە ، بەڵام هەر هەموویان لە دەرگای یەک ناوەڕۆک دەدەن قسە لەگەڵ یەک واقعدا دەکەن و لەگەڵ یەک تەواوکەری یەکن و یەک واتا دەگەیەنن . کە دیموکراسی بۆرژوازی، دەخاتە ژێر نەشتەری ڕەخنەی دیموکراسی پرۆلیتاریاوە ، بێ گومان ئەو بەکارهێنانەی کە بەناوی (دیموکراسی پرۆلیتاریا)وە بەکارهاتوون ، بۆئێمە یەک واتای هەیە لەگەڵ (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) چونکە دیموکراسی خاسیەتی دەسەڵاتی چینایەتی یە . ئیتر هەر پێناسێکی تری بۆ بکرێت ، لە لای ئێمە بێ بەهاو ڕیاکارانەیە .

ئێمە تەنها دوو نوسراومان ڕەخنە کردووە، کە بووەتە جێگەی نیشانەمان و تیری خۆمانی تێ دەگرینە سەرمایەداری و سیستەمەکەی . واتە لە لایەک لەگەڵ ئەو بۆچوونە ئانارشیستانەیەی ووردە بۆرژوازی و کردەی فێڵبازیانەیان، کە بە جۆرێکی نوێ و بە ئەداتێکی تر، دەیەوێت قسە لەگەڵ دیموکراسی پرۆلیتاریا و هاوتای دیموکراسی سەرمایەدارانی بکات . لە لایەکی تریش هەموو لایەنەکانی سیستەمی سەرمایە داری یان خستووەتە ژێر ڕەخنەوە .

هەموو ئەم ڕەخنانە لە دیموکراسی سەرمایە داری جزئی ڕەخنەی (کل) مانە لە سەرمایە داری و بزووتنەوەی بێچووەکانی. واتە قسەکردنمان لەگەڵ

کۆمۆنیزمی کرێکاری و بزووتنەوە فکری یەکانی تری ووردە بۆرژوازی ، تەنها کار و هەموو کارمان نی یە . ئێمە ڕەخنەمان لە هەموو لایەنەکانی سەرمایەداری هەیەو لەناوبردنی ئەو دەسەڵاتەو بزووتنەوە جیاجیاکانیشیان ، تەنها لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا بەرجەستە دەبێتەوە . با هەموو بەشەکانی ترو باسی گرنگی تر هەڵبگرین بۆ ناو نووسراوەکە...

# (( خەڵک چێتی و دیموکراسی))

خەڵک بە مانای تەواوی ووشەکە، هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ ئەگرێتەوە، کەواتە خەڵک ، تەنها یەک چین ناگەیەنێت، بەڵکو لە هەموو دیدگا و بۆچوونەکان و بزووتنەوە جیا جیاکانیش ، پێک دێت . کە هەر یەکەیان بە دوای داواکاری و بەرژەوەندی یەکانی خۆیانەوەن. واتە بۆ ئێمە خەڵک بێجگە لە مانا گشتی یەکەی کە بزووتنەوەی دژی بزووتنەوەی چێنی کرێکار نەبێت هیچ شتێکی لێ سەوز نابێت. کەواتە خەڵک چێتی بێجگە لەوەی کە پەردەپۆش کردنی، مفاهیم و لێکدانەوەکانی چینی شۆڕش گێڕی سەردەم نەبێت هیچی تر ناگەیەنێت. هەروەها دیموکراسی لە لای خەڵک چیەکان، دیموکراسی بۆرژوازی یە بە باش و چاکتر لە قەڵەم ئەدەن، لە سەردەمە جیاجیاکانی پێش سەرمایەداری. کە خۆشی بێجگە لەوەی کە دیموکراسی بۆرژوازی، پڕە لە کارەسات و محدودیاتی ئیش و کارەکانی ئینسانی کرێکار لە چوارچێوەیەکی،بەر تەسکی کارکردن داونەفەس بڕین لە بزووتنەوەکەی و جووڵانەوەی سەربەخۆیان. وە دیموکراتیکانە چینی کرێکار ئەتوانێت، بژی یان نەژی. هەڵبەت مەبەستم لە ژیان، ئەو جۆرە ژیانە کولە مەرگی یە یە کە

له ڕێگەی کرێ یەکی کەمەوە، دەستەبەری دەکات. چونکە ئینسانی کرێکار بەدەر لەوەی کە لە چوارچێوەی کارکردندا، مەجالی لە بەردەم براوە ، تا بتوانێت لەگەڵ بزووتنەوەکەشی دا بە ئازادی کار بکات. هەروەها ئەوە ئەو بزووتنەوە فکری و سیاسی یە یە کە غەرقی بێ ئاسۆیی بووە کە بە شان وباڵی دیموکراسی بۆرژوازی دا هەڵ دەدات و لە چاو هەندێک، لە دەوڵەتی پۆلیسی و عەسکەرتاریەتدا بە باشی دەزانێت. کە ئەمە بێجگە لە جۆری دڵخۆش کردنی، کۆمەڵێک ئینسان نەبێت بە دیموکراسی بۆرژوازی بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە، دەرگا بکەنەوەو بچنە گۆمی لیتەی ڕفێڕنیزم و دەست لە ملان بوون، لەگەڵ هەندێ لە بڕواو بۆچوونەکانی تری دەرەوەی مارکسیزم و پیادەکردنی بۆچوونی ڕیاکاری یانەی خۆی و دڵسۆزی نواندن بۆ بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی . پێم باشە لێرەوە بەشێک، لەو بۆچوونە ڕیاکاری یانە بهێنمە بەر دید و بۆچوونی ئێوە و نەشتەری ڕەخنەی خۆمانی ئاڕاستە بکەین و تەشریحی جەستەی فکری ووردە بۆرژوازی بکەین. منصوری حیکمەت، لە چاوپێکەوتنێکدا، کە لە ژێر( دیموکراسی : لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا ) بڵاوکراوەتەوە لە لایەن (دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ح . ک . ک .ع ) دا .

له بەشێک لە وەڵامی پرسیاری (یەکەم) دا ئەڵێت {(بە هەر حاڵ دیموکراسی، بەو مانایەی کە دەڵێن ئەمڕۆ سەرکەوتووە، دژایەتی نی یە لەگەڵ تێزی زوڵم و سەرکوت،بەڵکو تەنها بە مانای بوونی جۆرێک لە ئەنجوومەنی، سەرتاسەری نوێنەرانە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنێکی گشتی ( مەرجیش نی یە هەڵبژاردنێکی ئازاد بیت ) . ئەمە بێگومان لە حوکومەتی ئاشکرای سوپا و

پۆلیس باشترە چونکە ئیدعای بۆرژووازی ئازاد بوونی کۆمەڵ چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی فکری یەوە تا ڕادەیەک ئازادی بۆ چینی کرێکار و توێژە ستەم دیدەکان و لایەنگرانی ئازادی فەراهەم دەکات. بەڵام ئەمە تا ئەو ڕادەیە نی یە کە شایەنی سەماو هەڵپەڕکێ بێت. ل٣ ( دیموکراسی لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )} . لەم پەرە گرافەی سەرەوەی ، منصوری حیکمەتدا، ئەوە دەبینرێت کە دوو دەربڕینی دژیەکی تێدایە. لە لایەک دیموکراسی ئیتر نازانرێت ئەم دیموکراسی یە، کام دیموکراسی یە ، کە یەکسانە بە سەرکوت و زوڵم و زۆر، لە لایەکی تریشەوە ، هەندێک لە ئازادی فەراهەم دەکات بۆ چینی کرێکار و بزووتنەوە سیاسی و فیکری یەکەی . ئەم تێڕوانینە ئەوە دەگەیەنێت کە بڵێت دیموکراسی بۆرژوازی، خراپیشەو خراپیش نی یە . لە بنەڕەتەوە دیموکراسی بۆرژوازی، دیموکراسی دەسەڵاتی بۆرژووازی ، کە بە هەر شێوەیەک بۆی بلوێ و بۆی بکرێت ، پارێزگای لە دەسەڵاتەکەی دەکات وسەرکوتی چینی کرێکار و بزووتنەوەکەی پێ دەکات . ئەو دیموکراسی یەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا، بە زەبری دارو شەلاق پارێزگاری لێ دەکات و ئەو دیموکراسی یەی کە لە ڕۆژئاوادا، لە ڕێگەی ئەلکترۆنەوە، چاودێری چینی کرێکار وبزووتنەوەکەی پێ دەکات . هیچ کام لەمانە، لە یەکتری جیانین، لە پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتی سەرمایەداری . ئەو کاتەی هەر ڕێپێوانێک کە لە ئەورووپادا دەکرێت یان لە ئەمریکای خوارو سەروو ، بە هەر بۆنەیەکەوە بێت ، چاودێری کردنیان لە لایەن پۆلیس و دەزگا جاسوسی یەکان و سیخوڕە ئەلکترۆنی یەکاندا. بە چوار دەوریاندا خول دەخۆن ، لە پێناوی ئەوەدایە ، کە ڕێپێوانەکان ، لەچوارچێوەی یاسا و قانوونەکانی سەرمایەداران نەچێتە دەرەوە . واتە دەرنەبڕینی ئازادانەی کرێکاران، لە ڕێپێوانەکاندا. هەروەها ئەمە چ جیاوایەکی هەیە لەگەڵ ئەو دیموکراسی یەی کە لە دەووڵەتە عەسکەرتاریەتەکانی ڕۆژهەلات و ئەفەریقا دا ، کە بە زەبری توندو تیژی پۆلیس بڵاوەیان پێ دەکەن و نایەڵن بگەنە دوا مەزڵگای ڕێپێوانەکەیان، یان هەر نایەڵن ڕێپێوانەکان بە جێ بگەیەنن.لێرەدا

یەک پرسیار دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە جیاوازی لە نێوان ئەم دیموکراسی یانەدا چی یە لە وولاتە جیا جیاکاندا، بۆ چینی کرێکار؟ بێ گومان هیچ جیاوازیەک نیە ، چونکە هەردووکیان بە دوو هۆی جیاواز نایەڵن داخوازی و پرنسیپی ڕێپێوانەکان بە ئامانجی خۆیان بگەن . لەوانەیە ئەمە بۆ کەسێک ڕاست بێت کە بیەوێت دڵی خۆی و دەووروبەری پێ خۆش بکات و جیاوازیان بکات. ئەوەی کە لە ئاسیا و ئەمریکای لاتین و ئەفەریقادا، دژی بزووتنەوە کرێکاری یەکان و هەڵسووڕانیان تەنگەبەر دەکرێت . ئەبێ لە ئەورووپای دیموکرات مەسیحییەکان و ئەورووپای ڕاسیست چییەکان ، ڕێگری نەشونماکردنی ڕێکخراوەی کرێکاری و کۆمۆنستی، جیاوازیان چی بێت. هەڵبەت لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا، وولاتەکان و دیموکراسی یەکەیان، بە هۆی جیاواز بەرەنگاری نەشونماکردنی ڕێکخراوە کرێکاری وکۆمۆنستییەکان دەبن . ئەوان ڕێگە بە بزووتنەوەی فمینیستی ژنان دەدەن ، لەبەر ئەوەی دەتوانێت بە دڵخوازی سەرمایەداری و نیزامەکەیان، هاوکاری ژنان و پیاوان لە بزووتنەوەکانیاندا تێک بدەن و مەسەلەی بێ مافی ژنان ویان هەر چەوسانەوەیەک کە هەبێت لەسەریان بە تاوانی پیاوانی بەرامبەریان لە قەڵەم بدەن.

هەروەها ئەو دیدگایەی کە دیموکراسی ئەم وولاتەیان باشە و ئەو وولاتەی تریان عەسکەرتاریەتی یە . لە دیدگای خەڵک چی یەکانەوە سەرچاوە دەگرێت . بێجگە لەوەی کە مەسەلەی، ئەم دیموکراسییانە پەیوەندی هەیە بە ڕاگرتنی دەسەڵات و فەرمان ڕەوایی بۆرژوازی یەوە ، لە ناوچە جیاجیاکاندا .

منصوری حیکمەت لە بەشێکی تری وەڵامەکەیدا بۆ پرسیاری(١) دەڵێت ئەگەرلە ڕوانگەی دیموکراتەکانەوە ئەو هەل ومەرجەی کە لە دنیادا بەرقەرارە ناوی دیمکراسی بێت ، زۆرباشە ، کەوایە ئاشکرایە کەکێشەی خەڵکی لەسەرئەم دیموکراسی یە نەبووە. بەڵکو لەسەر ئازادی و یەکسانی

بووە. ل٣-٤{( دیموکراسی لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )} . ئەوەی کە دیموکراتەکان هەلومەرجی دنیا بە دیموکراسی ناودەبەن ، ئەوە بۆ ئەوان ڕاست و ڕەوانە . واتە دیموکراتەکان بۆچوونەکانیان لە دەسەڵات و پەیوەندی سەرمایەداری یەوە سەرچاوەی گرتووە . کەواتە بۆ ئەوانیش ئەم دەسەڵات و دیموکراسی یە ، تایبەتی خۆی هەیە ، کە سەرچاوەکەی لە استبدادەوە وەرگرتووە ، سەرکوتی بزووتنەوەکانی کرێکارانی پێ دەکات . نامەوێت لێرەدا بە ووردی لەسەری بدوێم ، چونکە لە بەشەکانی دواتردا، قسەی لەسەر دەکەین . بەڵام کاتێک کە مەقولەی خەڵک و داواکارییەکەی بەکاردێت ، خەڵک بێجگە لە مەقولەیەک کە پۆپۆلیستەکان بەکاری ئەهێنن وچوار چێوەی فکری و سیاسی خۆیانی پێ دادەڕێژن و دیموکراسی یەکەیان بە تام ترین دیموکراسی ئەجوون ، هیچ شتێکی ترنییە . لێرەدا دووشتی زۆر لێک جیا دەبینرێت ، ئەویش ئازادی و یەکسانی یە بۆ خەڵک . ئەوە بڕوواو بۆچوونێکی زۆر پوچە، کە ئێمە بڵێین ئەمە دیدگای کۆمۆنیستەکانە .

وە لە پێشەوە باسم لەسەر خەڵک کرد کە چ مانایەکی گشتی تری هەیە لە مانای چینێک یان توێژیک. بێگومان ئێمە خۆمان بە هاوکار و داواکاری داخوازی یە مێژووییەکانی چینی کرێکار دەزانین . داکۆکی لە تەواوی داخوازی یەکانیان دەکەین . هەروەها ئێمە لە بەرامبەردیموکراسی بۆرژوازی دا، داواکاری ئازادی و یەکسانی بۆ هەموو چینەکانی ناو کۆمەڵی سەرمایەداری نین . ئەو داواکاری یەکەی کە ئازادی و یەکسانی کۆمەڵی سەرمایەداری و توێژوو چینەکانی دەکات ، لە خواست و ویستی پۆپۆلیزمەوە سەرچاوە دەگرێت . هەروەها ئەمانە داوای پێکەوە ژیانی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی دەکەن . ئەو پێکەوە ژیانەش هیچ مانایەکی نابێت بێجگە لەو پەیوەندییەی کە ئێستا چینی کرێکار و سەرمایەداران هەیانە لە پەیوەندی یە ئابورییەکانی نیزامی سەرمایەداری دا . ئەمانە خوازیاری سوڵح و ئاشتی ، نێوان چینی کرێکارو سەرمایەدارانن.. پۆپۆلیستەکانن ، کە ئازادی

و یەکسانییەکەیان ، یەکسانە بە دیموکراسی ووردە بۆرژوازی ، کەواتە ئەمانە بە ناوی چینی کرێکاریشەوە ، داواکار و دیفاع کاری ئەم جۆرە دیموکراسی یەن . ڕاڕایی ووردە بۆرژوازی ، لەسەربە دەستەوەدانی تصویرێک لە دیموکراسی بۆرژوازی جارێک بە خراپ وجارێک بە باشی باسی دەکات . گوایە ئەم دیموکراسی خەڵکی یە، تۆزێک لە ئازادی بۆ ڕێکخراوەو بزووتنەوەکانیان فەراهەم کردووە . کە کۆمەڵێک ڕووکەشی وسەوزو سورکردنی ڕەنگ و ڕووخساری دیموکراسی و نیزامی سەرمایەداری و پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەبێت هیچ درەختێکی تری لێ سەوز نابێت.

## دیموکراسی و ئازادی

## ئایا دیموکراسی لەگەڵ ئازادیدا یەکسانە ؟

دیموکراسی بریتی یە لە دەسەڵاتی چینایەتی چینیک . کە ناوەڕۆکی پەیوەستە بەو چینەوە کە دەسەڵاتی لە دەست دایە . واتە دیموکراسی پروسیسی دەسەڵاتی سیاسیانەی چینیکە لە چینەکان . کەواتە لە کۆمەڵگایەکدا ، چینەکان بوونیان هەبوو ، ئازادی بوونی خوی وەک پروسیس کردنی لە ژیاندا لە دەست دەدات و دیموکراسی تیادا پروسیس دەکرێت ، کە دیموکراسی فەرمان ڕەوایە . کەواتە بە پێ ی چینەکانی کۆمەڵگا دیموکراسی دوو جۆرە ، کە دیموکراسی پرولیتاری و دیموکراسی سەرمایەداران .

ديموكراسی بۆرژوازی ، پەیوەندیدارە بە دەسەڵاتی سیاسی وئابوری و کۆمەڵایەتی بۆرژوازییەوەو لە بەرامبەر چینی کرێکارو بزووتنەوەکەیدا ، پارێزگاری لە مانەوەی دەسەڵاتی خۆی دەکات و لە بەرامبەریاندا بە توندترین شێوە ئەجەنگێت . هەر کاتێک ناوی دیموکراسی بۆرژوازی ئەبرێت . ئەوە دەبینین کە هاوکاری و هاوئاهەنگی بۆرژوازی و ئیستبدادی سەرمایەداری و پارێزگاریکەری کاری بە کرێ و بێ مافی ئینسانی کرێکار، لەژیان و مافەکانیان پروسیس دەکرێت . دەرئەکەوێت کە ئەم دیموکراسی یە ڕێگرە لە بەردەم ڕەووتی مێژووی ئینساندا . هەروەها کۆسپ دەخاتە بەردەم گەشەی کۆمەڵایەتی و زانستی یەکانی ئینسان . بەڵام دیموکراسی پرۆلیتاریا ، بە پێچەوانەی دیموکراسی سەرمایەدارییەوە، گوێزەرەوەی سەردەمی بێ مافی ئینسان و توندوتیژی سەرمایەدارییە بۆ سەردەمی ئازادی ویەکسانی تەواوی ئینسان ، کە بە توندوو تیژی چینایەتی خۆی ئەم دەسکەوتە گەورەیە بۆ مرۆڤ بە دەست دەهێنێت . لە بوونی نیزامی سەرمایەداری یەوە، دەسەڵاتی پرۆلیتاریا و دیموکراسییەکەی سەرچاوە دەگرێت . ڕووتی ڕوو لە گەشەی کۆمەڵ و هەوڵدان بۆ زیاتر بەرکەماڵ کردنی و دامەزراندنی ئازادی ویەکسانی ئینسان ، لە دیکتاتوریەتی خۆیدا بەرجەستە ئەکاتەوەو دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی دەوڵەت بە هەموو ناوەڕۆکەکانیەوە . چونکە تاقە چینی شۆڕشگێڕە کە ئەتوانێت ، چینەکان بە خۆشی یەوە لە ناو ببات و هەڵبوەشێنێتەوە . واتە کاری بە کرێ لە ڕەگ و ڕیشەوە دەردەکێشێت . دیموکراسی دەسەڵاتی پرۆلیتاریایە ، کە هەموو ڕێگرییەکانی بەردەم کۆمەڵگای ئازاد و یەکسانی ئینسان ، ڕادەماڵێت و هەموو ئاسەوارەکانی سەرمایەداریووردو خاش دەکات . کەواتە لە مارکسیزم دا دیموکراسی پرولیتاری مەقولەکی بناغەیی یە . بەڵام منصوری حیکمەت لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا ئەڵێت {(دیموکراسی مەقولەیەکی بناغەیی نی یە لە سیستەمی فکری مندا وەک کەسێکی سوسیالیست و مارکسیست. ل٤( دیموکراسی : لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )} . کە دیموکراسی

مەقولەیەکی بنەڕەتی نەبێت لە فکری منصوری حیکمەتدا یان هەر کەسێکی تردا ، ئەوا پێ خشاندنە لە یەک مەرحەلەی مێژوویی گرنگ . واتە بڕوانەبون یان بناغەیی نەبوونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە ، لە ستراتیج و مەهامی سیاسی کەسەکاندا . کەواتە ئەم بۆچوونە ، یەک ڕابوونەو یەک دەست بوونە لەگەڵ ئانارشیزمدا . کە ئانارشیستەکان دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، بەکاری مەرحەلە کردن و کەرت کەرت بوونی شۆڕشی پرۆلیتاریا دەزانن و نابێتە جێگەی بناغەیی بوونی لە کاری سیاسی و ستراتیجیاندا . کە لە دیدگاو کارو کرداری مارکسیستەکاندا ، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، زەروریەتی بە دەست هێنانی سوسیالیزم و کۆمۆنیزمە . واتە بناغەیی دەبێت لە فیکرو میتودی مارکسیزمدا . هەروەها ئەو قسەیەی کە گوایە دیموکراسی ئێستا دیموکراسی یەکی قێزەوونی بورژوازی یە . بەڵێ دیموکراسی بورژوازی ئیستبدادییە ، کە بە هەر جۆر و شێوەیەک بێت . دیموکراسی پارێزگاری دەسەڵاتی سەرمایەداری یە ، واتە بە هەر هۆیەکەوە بێت .

بازدان بەسەر دیموکراسی پرۆلیتاریادا ، بازدانە بەسەر ساتێک لە مێژوودا و کە ناتوانێت مێژووی ئینسانی ئینسان دەست نیشان بکات . بازدانە بەسەر خەبات و تێکۆشانی کرێکاراندا بۆ لەناو بردنی چینەکان و هەوڵ دان لە پێناوی بە دەست هێنانی ئازادی ویەکسانی دا. منصوری حیکمەت لە هەمان وەڵامدا دەیەوێت کارێک بکات کە بە هەر شێوەیەکە لە بەهای دیموکراسی پرۆلیتاریا کەم بکاتەوە. لەو وەڵامەدا دەڵێت {(ئێمە قسە لە ئازادی دەکەین و ئەمە مەقولەیەکی بنەڕەتیە بۆ ئێمە). ل٤ ( دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. ئازادی بە بێ دەسەڵاتی پرۆلیتاریا بە دەست نایەت . واتە ئازادی مانایەکی تری هەیە کە ئەویش نەمانی چینەکانەو گەڕانەوەی ئینسانە بۆ ئازادی یەکانی لە هەموو بوارەکاندا . ئەگەر دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریا ، دەسەڵاتێک نەبێت کە خۆی و چینی بەرامبەری لەناو ببات ، ئەوا

ئازادی و یەکسانی بە دەست نایەت . واتە دیموکراسی پرۆلیتاریا دەسەڵاتی خۆی پێ لەناو دەبات ، نەک وەک سەرمایەداران زیاتر لە هەوڵی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی چینایەتی خۆیدا بەکاری بهێنێت . ئەگەر دیموکراسی پرۆلیتاریا نەبێت لە کوێوە ئازادی و یەکسانی ئینسان بە دەست دیت ؟ کەواتە چی وا لە فکری کۆمۆنیزمی کرێکاری و هەردوو حیزبەکەی ئێران وح .ک .ک.ع . دا دەکات ، حکومەتی کرێکاری پلاتفورم و بەیان نامەکانیان بڕازێنیتەوە ؟!.

کەواتە ئەو بۆچوونەی کەوا خۆی بەیان دەکات ، گوایە دەستی بردووە بۆ بە دەست هێنانی زیاتر و چاکتر لە مەفهومی شۆڕشگێڕی بو چینی کرێکار . ئەم بۆچوونە ، بێجگە لەوەی کە بەیانی بێ ئیعتباری دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریای کردووەو زۆر فریوکارانە دەستی پێوە گرتووە . هیچ اجتهادێکی نەکردووە ، بە ناوی ئەوەی کە گوایە خۆپارێزی ئەمان بێت لەوەی کە مامەڵەی دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریا بەو شێوەیە ناکەن ، کە دەسەڵاتی توندوو تیژی خۆی بە دەستەوە بگرێت ، وە هەموو چین و تویژەکان لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا ، دەتوانیت ممارەسەی بزووتنەوەو ژیانی خۆیان بکەن ، ئەمە بۆچوونێکی پووچەو بێ بەهایە ، هەروەک چۆن ، ئۆرۆکۆمۆنیزم ئەوە بەیان دەکەن . کە گوایە لە پێناو ئازادی یە فەردییەکاندا هەوڵی باشتر کردنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران ئەدەن . بەڵام دەستیش بۆ دەسەڵات نابەن ڕاستە ئەگەر بڵێن لە زۆر شوێن باس لە دەسەڵات دەکەین . بەڵام باس لە کام دەسەڵات دەکرێت؟! کام چین دەسەڵاتی لە دەست دابێت؟! منصوری حیکمەت بۆ وەڵامی هەمان پرسیاری (دووەم) ئەڵێت {بەڵام دیموکراسی هەروەک پێشووتریش باسم کردووە ، لێکدانەوەیەکی چینایەتی تایبەت و تێگەیشتنێکی مێژوویی دیاری کراوە لە مەفرومی فراوانتری ئازادی . دیموکراسی مەقولەیە کە لە بەشێکی دیاری کراوی کۆمەڵگای بەشەری لە سەردەمێکی دیاری کراوی مێژوویی دا لە ڕێگای ئەم دیموکراسی یەوە

مەفهومی فراوانتری ئازادی لە قالب داوە. ل٤ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. ئەو بەیان کردنەی کە منصوری حیکمەت بەیانی دەکات ، لە بڕواو بۆچوونەکانیدا ، بەیان کردن نفی دیکتاتوریەتی پرۆلیتاریایە . بەڵێ دیموکراسی مەحدووە لە هەردوو بارەکەیاندا، مەحدوودیەکەش پەیوەستە بە دەسەڵاتی چینایەتی یەوە ، کە هەر چینە دیموکراسیەکە ممارەسە دەکات بۆ خۆی نەک هاوکاری چین و توێژەکانیش بە باش و ڕێدراو بزانێت . بەڵام ئازادی مانایەکی فراوانتری هەیە و مەحموود نی یە بە هیچ چین وتوێژێکەوە . تەنها ئەوە نەبێت کە پرۆلیتاریا ئەتوانیت ئازادی بە دەست بهێنێت بۆ مرۆڤایەتی . هەروەها مەحدوود بوونی دیموکراسی ، ناتوانێت لە بەهاو ڕاستییەکانی پێویستی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا کەم بکاتەوە ، بۆ لە بەین بردن و لە ناوچوونی هەموو دیموکراسی یەکانی تری سەردەم . هەروەها دەسەڵاتی پرۆلیتاریا نەبێت مانای ئازادیش بە دەست نایەت . ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە لە مێژوویەکی دیاری کراوی لەوەو پێشدا باس لە دیموکراسی کراوە ، ئیتر بۆ ئێستا و مارکسیستەکان شتێکی نادروست و ناڕەوایە بە پێچەوانەوە .

ئەو بۆچوونانە دەیانەوێت سیاسەت و ناوەڕۆکی مەنهەجی ووردە بۆرژوازی لە ژێر ناوی مارکسیست بووندا بەرنە پێشەوە ، هەروەها بە بیانووی ئەوەی کە ئەمە لێک دانەوەی مێژوویەکی ترە ، بەیانی ناکردەی ئەو دیموکراسی یە بکرێت و بە دیموکراسی بۆرژوازیش لە قەڵەم بدرێت کە ڕڤیژنییزم ، سەروسیمای دەردەکەوێت و بڕوا نەبوونی بە مەهام و ئەرکەکانی پرۆلیتاریایە لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا. لەگەڵ ئەوەش دا بڕوانەبوونە بە پرنسیپەکانی مارکسیزم . چونکە ئینسان سەردەمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای ممارسە نەکردووە وتێی نەپەڕاندووە ، تا باسکردن لێیان ، شتێکی جیاواز ونایەک بێت لەگەڵ لێکدانەوەکاندا، واتە لە ساتی مانەوەی سەرمایەداریدا دەسەڵاتی پرۆلیتاریا زەرورەتی خۆی بە

بوونی سەرمایەداری یەوە گرێداوە . هەربە پێ ی پەرەنسیپەکانی مارکسیزم ، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، بەشێکی گرنگ و جیانەکراوەی مەهام و میتۆدی مارکسیزمە، بۆ خەبات لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا . کەواتە هەر لێکدانەوەیەک ئەوە بە زوورو گرنگ نەبینێت ، کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، شەرتی بە تەواوی لەناوچوونی سەرمایەداریە ، ئەوا تازەگەریەکەی بەرهەم هێنانەوەی ئانارشیزمە . ئەوەی کە ڕڤێژنییزم دەیەوێت ، بە بەرگی جۆراو جۆر ڕاستی یەکان لە بەردەم خەباتی پرۆلیتاریادا بشێوینن ، ناتوانیت لە ڕاستی و ڕەوابوونی دیموکراسی پرۆلیتاریا ، دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی خۆیدا بەکاری دەهێنێت ، کەم بکاتەوە و لە مێژووی خەبات و شۆڕشی چینی کرێکاردا بیکاتە دەرەوە . هەروەها ئەوەی کە ئازادی محدوود کردووەتەوە و پەیوەستی کردووە بە دەسەڵاتەکانەوە ، ئەوە تیوری سەنەکانی بۆرژوازین و خزمەت کارانی ڕەزیل وبێ ئیعتباریانن . کە بە جەدەل و پلیمکی ووردە بۆرژوازیانەیان ، دەیانەوێت ڕاستییەکان بشێوێنن و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و مەترسیەکەی لەبەردەم بۆرژوازیدا بڕەوێننەوە . کەواتە ئازادی لە چوار چێوەی دەسەڵاتی سەرمایەداری و دەسەڵاتی پرۆلیتاریادا ، مەحدوود نابێتەوە ، بەڵکو دەسەڵاتی سەرمایەداری بەناوی دەسەڵاتی ئازادی بۆ خەڵک ، بەیانی پیرۆزی دەسەڵاتی خۆی دەکات و ئازادی واقعی ئینسانیش لە مەنگەنە ئەدات . بەڵام دیموکراسی پرۆلیتاریا ئازادی تیادا نییە ، بەڵکو بۆ ئازادی ویەکسانی دروست بووە و دەبێت .

واتە دیموکراسی پرۆلیتاریا مانا مێژووییەکەی هەر شتێک بیت ، ئەوە ڕۆشنە کە ناوەڕۆکی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی خۆی لە دەست نادات و لەکە داریش ناکرێت لە مێژوودا . بێجگە لەوانەی کە ئاوێزانی ئانارشیزمن . بەڵکو دیموکراسی پرۆلیتاریا ، بزووتنەوەو خەباتی چینی کرێکار، لە نیزامی سەرمایەداریدا ، بە ئاسۆترو گەشتری دەکات.

هەروەها ئەو باس کردنانەی لە مێژوویەکی لەوەو پێشەوە ، لە مەڕ دیموکراسی کراوە، لە لایەن مارکس و مارکسیزمەوە ، بۆ ئێستاش بەهاو ناوەڕۆکی موضوعی خۆی لە دەست نەداوە . بەڵکو لەگەڵ نیزامی سەرمایەداری دا، داواکردن و هەوڵدان بۆی ، گەشتر وچاکتر دەبێت ، وە ئەوەی مەنصوری حیکمەت لەدەست دانی بەهای دیموکراسی پرۆلیتاریایە وە دەبینێت کە سەردەمی ئێستا و پێشووتر جیاوازن و لە یەک باردا نین. بەڵام ئێمە دەڵێین هەر بەڵگەیەک بهێنرێتەوە لەسەریان، هێشتا ناتوانن دەسەڵاتی دیموکراسی پرۆلیتاریا ( دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ) بێ ئیعتبار و بێ ناوەڕۆک بکریت . جارێکی تر مەنصوری حیکمەت لە وەڵامی پرسیاری (دووەم) دا دەڵێت { دیموکراسی نەک وەک واژەیەک لەم یان لەو کتێبی کۆندا بەڵکو وەکو ڕاستیەک کە خەڵکی کۆمەڵگای هاوچەرخ لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەتەوە ، بەرئەنجامی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە . دیموکراسی تێڕوانینی بۆرژوازییە بۆ مەسەلەی ئازادی. ل٤-٥ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. ئەگەر ئێمە بۆ مێژوویەکی کۆنتر، بگەڕێینەوە لە سەرمایەداری کۆنتر ، ئەوا ئەتوانین ئەوەش لێک بدەینەوە کە کاتێک دەرەبەگایەتی یان کۆیلەداریتی لە دەسەڵاتدا بوون ، یان هەموو زەوی و زارەکانی بەرهەم هێنانی کشتووکاڵی و هۆیەکانی پەیدا کردنی پارەوو پولیان لەبەر دەستدا بوو ، ئەو کات بە ئازادی کۆیلەکانیان ئەفرۆشت و یان بە کۆیلەی تریان ئەگۆڕینەوە . پرس و ڕای یەکتریشیان دەکرد و هاوکار و هاوپشتی یەکتر بوون . لە دەوڵەتی کۆیلەداریدا، دەوڵەتیش وەکو ئۆرگانێکی سیاسی بۆ پاراستنی قازانجی خاوەن کۆیلەکان ، لە دژی کۆیلەکان پێک دەهاتن و بەرەنگاری کۆیلەکان دەبوونەوەو هاوکاری سەربازی یەکتریان دەکرد بۆ لەناو بردنی هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی کۆیلەکان . واتە لە دەسەڵاتیاندا، دیموکراسییەکیان بۆ خۆیان دامەزراندبوو ، پرۆسیسیشیان دەکرد . وە بۆ دەوڵەتی فیودالیش بە هەمان شێوە ، دەوڵەت پارێزگاری لە بەرژەوەندی فیودالەکان دەرکردو جوتیارانیان زیاتر بۆ دەستەمۆ دەکردن .

ئەمانیش لە دەسەڵاتی خۆیاندا دیموکراسی یەکییان بۆ خۆیان پێک دەهێناو، لە بەرامبەر جووتیارانی هەژاردا ، بە خراپترین شێوە مامەڵەی سەرکووت کەرانەیان لەگەڵ دا دەکردن .

بۆ دەوڵەتی سەرمایەداریش ، بە هەمان شێوە لەگەڵ زاڵ کردنی دیموکراسی دەسەڵاتی خۆیاندا ، ئاوێزان بوو بوون . کەواتە ساتی دروست بوونی دەوڵەتەکان ساتی بەڕێوبردنی دەسەڵاتێکی دیموکراسی تایبەت بە فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی خۆی بووە ، کە بنەمای فرماسیۆنی ئابووری و سیاسی وکۆمەڵایەتی سەردەمەکەی دەست نیشان دەکرد . لە سەردەمی سەرمایەداری دا کە زیاتر گەشەی بە خۆوە بینیبێ ، ئەوا بە پێ ی سەردەمەکەی کە بزووتنەوەی خۆی هەیە ، لە بەرامبەریشدا پرۆلیتاریا بە پێی پەیوەندیەکانی خۆی بە نیزامی سەرمایەداری یەوە، دەربڕی دیموکراسی خۆی دەبێت و هەوڵیش بۆ پرۆسیس کردنی دەدات . واتە لە بزووتنەوەی چینی کرێکارداو لە بەرامبەر بزووتنەوەی دیموکراسی خوازی بۆرژوازی دا، بزووتنەوەکەی خۆی دەخاتە گەڕ، دەسەڵاتی دیموکراسیانەی پرۆلیتاریا بە باشترین و کاملترین دیموکراسی زۆرینەی کۆمەڵ جێکەوتە دەکات . واتە دیموکراسی ناتوانرێت پەیوەست بکرێت بە سەرمایەدارەوەو لە چینی کرێکاریش دابڕێت . بێگومان ناوەڕۆکی ئەو دوو دیموکراسییە و بەدەستەوەگرتنی زۆر لێک جیاوازن و دەبن . ئەو مەقولەیەی منصور کە دەڵێت دیموکراسی تێڕوانینی بۆرژوازییە بۆ ئازادی . بێگومان تێڕوانینی بۆرژوازییەو یەکسانیشی دەکات بە ئازادی و دەڵێت تۆ ئازادیت لە دروست کردنی ڕێکخراو و بەڕێکخستنی بزووتنەوەکانتان وئەتوانن بچنە سەر شەقامەکان و ڕێپێوانی خۆتان بکەن . بەڵام لە ژێر چاودێری پۆلیس و سەگ و دەزگا جاسوسییەکانی سەرمایەداریدا دەیبەن بەڕێوە . کە کاریش گەشتە سەر ئەوەی کە قسەی توند کرا بەرامبەر بە نیزامەکەیان ، ئەوا سەگ و پۆلیس بەر دەبنە گیانت و لەت و پەتی دەکەن . ئەوە نی یە ئێوە هەر

داواکاری یەکتان هەبێت، لە پەرلەمان دا باس دەکرێت و بە زۆرینەی دەنگەکان ڕەت دەکرێنەوە . ئەگەر نا ئەوا وەڵامی دان شکێنیشمان هەیە . کەواتە ئەمانە ئازادی بۆرژوازین و لەگەڵ ناوەڕۆکی دیموکراسی پرۆلیتاریا و داواکردنی ئازادی و یەکسانی یەکانیاندا، زۆر لێک جیاوازن.

واتە ئازادی نە یەکسان دەبێت بە دەسەڵاتی دیموکراسی پرۆلیتاریاو نە بە دەسەڵاتی سەرمایەداری . وە بڕوای مارکس و ئنجلس و لینینیش هەروایە کەواتە ئازادی هاوتای دیموکراسی نی یە و دیموکراسیش هاوتای ئازادی نی یە . هەروەها ئەوانەی لە سەرەوە باسمان کردن زۆر لێک جیاوازن لەگەڵ ئەو لێکدانەوانەی منصوری حیکمەت لەسەردیموکراسی کردوونی . هەروەها بە ناواقعی باس لە مێژووی دیموکراسی و مەفهومی بۆرژوازی بۆ دیموکراسی دەکات و لە وەڵامی پرسیاری ( دووەم ) دا ئاوا باسی دەکات {بە هیچ جۆرێک مەبەستم ئەوە نی یە کە تەنها یەک جۆرە تێگەیشتن هەیە لە دیموکراسی و لە ڕووی مێژوویی یەوە تەنها بۆرژوازی خوازیاری دیموکراسی بووە . وە یان لێکی داوەتەوە . وە بەپێچەوانەوە ، بە تایبەت بە درێژایی ژیانی دوو نەوە (جیل) ی ڕابردوو، دیموکراسی لە زۆر حاڵەتدا خواستی چین و توێژە ژێر دەسەتەکان بووە لە لایەن ( خاوەن بیرو ) بزووتنەوەکانی ئەم چین و توێژانەوە بە شێوەی جۆراو جۆر لێکدراوەتەوەو ڕوون کراوەتەوە. بەڵام ئەوە ئەمە دەرناخات کە ئەم مەفهومە بۆرژوازی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، دەسەڵاتدارێتی ئایدۆیۆلۆژی و ترمینۆلۆجی بۆرژوازی بەسەر خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری دا نیشان دەدات.کۆمەڵگای بۆرژوازی توانیویێتی مەقولەی دیموکراسی بخاتە جێگای ئازادی و ئازادیخوازی و بەم جۆرە سنوری نهائی هێرشی ئازادیخوازانەی چینە ژێر دەستەکان و شێوەی نهائی سەرکەوتنی ئەوان لە پێشدا دیاری بکات. ل٥ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. ئێمە لە پێشدا ئەوەمان ڕوون کردەوە لە هەموو فرماسیۆنەکانی پێشوودا، لە کۆیلەدارێتی

و دەرەبەرەگایەتی دا هەروەها لە سەرمایەداریشدا بۆ لێکدانەوەی قسەو باسەکانی منصوری حیکمەت کە لەم پەرەگراڤەی سەرەوەدا هاتوونەتەوە . ئەوە نەبینراوە کە لە فرماسیۆنە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییە جیاجیاکاندا و لە بزووتنەوەی دیفاع لە دەسەڵاتیاندا ، چینە ژێردەستەکانیان ، بەشێوەی بزووتنەوەی دژی دیموکراسی و دەسەڵاتەکەیان بزووتنەوەی فکری و سیاسی خۆیان بەڕێکخستووە . هەر چۆن ناکرێت فرماسیۆنی دەرەبەگایەتی بکرێت بە کۆیلەداری و سەرمایەداری . ئاواش ناتوانرێت بزووتنەوەکانیشیان بکرێت بە یەک . هەروەها ناتوانرێت بزووتنەوەکانی ناو دەسەڵات و دژ بە دەسەڵاتیش بکرێت بە  یەک و هاوتای یەک بکرێت . ناکرێت منصوری حیکمەت بۆ پاساوی قسەکانی خۆی دیموکراسی پرۆلیتاریا بە  دیموکراسی بۆرژوازی لە قەڵەم بدات و لەوێوە بتوانێت باز بدات بەسەر مەرحەلەیەکی مێژوویی و ئازادی بەکار بهێنێت لە دەسەڵاتی پرۆلیتاریادا . کە ئازادی و دەسەڵات دوو ناوەڕۆکی لێک جوودان و دژ بە یەکن.

واتە ناتوانریت بەو بەکارهێنانە، ڕاستیەکان وون بکات و دەسەڵاتی پرۆلیتاریا بە جۆرێکی فریووکارانە نفی بکات و لە ڕاستی و دروستی ئەو دەسەڵاتە بۆ سەردەمێک پێ ی لێ بخشێنرێت.

کاتێک کە بۆرژوازی دەیەوێت لە دەسەڵاتەکەیدا محدوودی بزووتنەوەو داواکاری یەکانی پرۆلیتاریا جێ بە جێ بکات . لەگەڵ دەسەڵاتەکەی و بەرژەوەند یەکانیدا پەیوەندی هەیە. ئەوە کۆمۆنیستەکانە، کە لە ڕێگەی بزووتنەوەکانییان و بە تیۆری زانستیانەی خۆیان بەر بە هەر هێرشێکی سەرمایەداران دەگرن و نایەڵن مەفهومی ئازادی واقیعی بۆ ئینسان بشێوێنن و لە جیاتی دیموکراسی یەکەیان بەکاری بهێنن . نەک دوای تێزو بیروڕاکانی بۆرژوازی بکەون و گوایە شتێکیان بۆ خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا و خەبات لە پێناوی ئازادی  واقیعی دا کردووە. کەواتە کۆمۆنیستەکان دەتوانن

لێکدانەوەی تەواو و دروست لەسەر دیموکراسی و هەموو جۆرەکانی بکەن و ناوەڕۆکەکەیان بۆ پرۆلیتاریا ڕوون بکەنەوە . کە ئەمە لەگەڵ کارێک کە ووردە  بۆرژوازی ئانارشیست بە دەستیەوەیە جیاوازە ..

وا لێرەدا منصوری حیکمەت لەسەر ئازادی کەوتووەتە ئەوەی کە بۆچوونی ئەنتاگۆنیزمی بۆچوونەکانی خۆی بە ڕوون و ئاشکرا باس بکات. کە لە وەڵامی پرسیاری (نۆ)دا ئەڵێت {لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگا چینایەتییە، دەوڵەت و ئایدۆلۆژی دەسەڵاتدار هی  بۆرژوازین و هۆکاری فەرمانڕوای ئەوون ، ڕێبازە بۆرژوازییەکان هەر پێناسەیەک سەبارەت بە ئازادی بەدەستەوە بدەن بەشێکە لە مکانیسم و دام و دەزگای بەر تەسک کردنەوەی ئازادی جەماوەری کاریگەر لە کۆمەڵگا دا . ناکرێت چینی دەسەلاتدار هەبێت و ئازادی سیاسی واقعیش هەبێت کۆمەڵگای چینایەتی ناتوانیت کۆمەڵگایەکی ئازاد بێت . ل٢٦ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. ئەم فۆرمەڵ بەندییەی سەرەوە ، بێجگە لە تێڕوانینێک ، کە بیەوێت  ،  لێرەدا پێناسەی دیموکراسی وەک وەڵامەکانی تری نەکات و ئەوەش بەیان بکات، کە لەسەر دیموکراسی و ئازادی ئەم بۆچوونەی هەیە . کەواتە داواکردنی ئازادی سیاسی  لە کۆمەڵگای چینایەتی دا بێجگە لە شیعاری بریقەدارو ڕەنگاو ڕەنگ نەبێت ، هیچ بوونێکی واقیعی نابێت . چونکە ناکرێت یان نای کات بۆرژوازی خۆی لە دەسەڵاتدا بێت و ئازادی سیاسیش بۆ چینی کرێکار بسەلمێنێت . هەروەها ماناو ناوەڕۆکی ئازادی زۆر لەوە فراوانترە کە ڕوویەک لە ڕووەکانی ژیانی ئینسان بگرێتەوە . یان تەنها تەعبیر بێت لە ئازادی سیاسی . بەڵکو ئازادی دەست ڕاگەیشتنی هەمە لایەنەی ئینسانە ، بە هەموو پێداویستییەکانی ژیانی و بەهرەمەند بوون لێیان ئازادانە .

کەواتە کۆمەڵگای چینایەتی ، کۆمەڵگایەکی ئازاد نابێت ، واتە ئازادی و یەکسانی لەگەڵ حکومەتی کرێکاری دا، هاوتا و هاویەک نابێت ، بێجگە لەوەی کە ئەم دەستەواژەیەی( ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) ،

دەستەواژەیەکی دژ بە یەک و ناجۆرن ، وە لەگەڵ ناوەڕۆکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا ناگونجیت . وە ئەو گونجاندنەی کە منصوری حیکمەت لەم شیعارەدا کردووەتی ، بێجگە لەوەی کە دەست نیشان کردن و داواکردنی پێکەوە ژیانی کرێکاران و سەرمایەدارانە بەیەکەوەو ئاشتیانە بردنە سەری ژیانیان هیچی تری لێ بەرهەم نایەت . هەروەها بۆ مارکسیستەکان ئەم شیعارە پووچ و بێ مانایە چونکە تەعبیر لە پرەنسیپەکانیان ناکات و لەگەڵ خەباتی چینایەتی یاندا زۆر جیاواز و دژ بە یەکن وە ناتوانێت ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەیان بکات .

بەڵکو ئەوەی لە وەڵامەکاندا ئەدۆزرێتەوە ، تەنها بۆ سەر لێشواندن و وە سەلماندنی بڕواو بۆچوونە ووردە بۆرژوازییانەکەیان دەیکەن . واتە لە وەڵامی پرسیاری (نۆ)دا، ناتوانێت خۆی لەوە بدزێتەوە کە بیرو ڕاکانی مارکس و ئنجلس و لینین ، لەسەر دیموکراسی پرۆلیتاری و ئازادی دا تیۆریزەیان کردووە.. بەڵام لە وەڵامی پرسیارەکانی یەکەم و دووەم دا. دەیەوێت ئەوە بسەلمێنیت ، کە دیموکراسی پرۆلیتاریا، هەمان دیموکراسی سەرمایەدارییە وە بۆرژوازی ئازادی لە بری دیموکراسی بەکار دەهێنێت.. ئەم بۆچوونانەی سەرەوەی منصوری حیکمەت بۆچوونی ووردە بۆرژوازی یە لەسەر ئازادی و دیموکراسی پرۆلیتاری .

# دیموکراسی یەکان و ناوەڕۆکیان

ناوەڕۆکی دیموکراسییەکانی سەردەم ، بێجگە لە دەست نیشان کردنی خواست و دەسەڵاتی سەرمایەداران نەبێت ، هیچی تر ناگەیەنن . واتە ئەو

دیموکراسیانەی کە لە دەوڵەتەکانی ، سەرمایەداری دەوڵەتی و بازاڕی ئازاد و دیموکراسی خەڵکی دا هەن ، بێجگە لەوەی کە بەرگی سیاسی دەسەڵاتی سەرمایەدارانە ، هیچ مانایەکی دیموکراسی واقعی چینی کرێکار ناگەیەنێت . ئەم دیموکراسی یانە ، لە ممارەسەی دەسەڵاتی سەرمایەداراندا بەکاردەهێنرێت . دیموکراسی لیبراڵی و دیموکراسی خەڵک ، دیموکراسی پەرلەمانی یان نوێنەرایەتی دیموکراسی ڕاستەوخۆ و دیموکراسی ڕۆژ ئاوا هیچ جیاوازیەکیان نی یە .

کاتێک جیاوازی بۆ ناوەڕۆکی ئەم دیموکراسی یانە دروست دەکرێت تەنها توێژەرەوە ووردە بۆرژوازی و بۆرژوازی یەکان خۆیانی پێوە خەریک دەکەن . چونکە دیموکراسی بە دەسەڵاتی چینیەکان دەست نیشان دەکرێت و لە هەموو بارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یە جیاوازەکاندا ، دیموکراسی ئەو دەسەڵاتە دەبێت ، کە چینێک تیایدا فەرمان ڕەوا دەبێت . هەروەها دیموکراسی فراوانترە لەوەی کە سیاسیانە لێکبدرێتەوە . کە لە ڕێگەی چینی فەرمان ڕەواوە دەناسریتەوە ، بەڵکو لە دەسەڵاتدا هەموو بارە جیاوازەکانی ئەو پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یە دەگریتەوە. کە لە ڕێگەی جینی فەرمان ڕەواوە دەناسرێتەوە . منصوری حیکمەت دەیەوێت لەسەر بزووتنەوەکانی دیموکراسی بدوێت و لە بەشێک لە وەڵامەکانی پرسیاری (دوو) دا دەڵێت { بزووتنەوەو سیاسەتمەدارە جیا جیاکان بە ئامانج و بەرژەوەندی جیاواز و جارو بار دژ بە یەکیشەوە قسەیان لە دیموکراسی کردووەو دەکەن و بێگومان مەبەستیشیان یەک شت نی یە . هەل و مەرجی سیاسی جیا جیا لە لایەن ڕەوتە جیا جیاکانەوە ناو نراوە دیموکراسی . ل٥ (دیموکراسی لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. ئەو بزووتنەوانەی کە سیاسەت مەدارەکانیان هەڵگری سیاسەتی بۆرژوازین هەر تێڕوانینێک و لێکدانەوەیەکیان بۆ دیموکراسی هەبێت و جۆریان بە باش بزانن و کامیان خراپ سەیر بکەن. بێجگە لەوەی کە بەیانی دیموکراسی بۆرژوازی دەکەن

هیچی تر نابێت. واتە بزووتنەوەی ئەم دیموکراسییانە ، لەگەڵ سەرمایەداریدا ژیانیان تێکەڵ و یەکماڵن . ئەم ناونیشانانە بێجگە لەوەی کە تیایدا دەسەڵاتی سەرمایەداری ڕاڤە دەکەن و کاری بەکرێ بە پیرۆز ڕادەگرن ، هیچ ناوەڕۆکێکی تر ناگەیەنێت. کەواتە ئەو لێکدانەوانە ناتوانێت تۆزێک ناوەڕۆکی دیموکراسییەکان لێک جیا بکاتەوە و هەر یەکەیان جۆرێک لە پرۆسیسی دەسەڵاتداریێتی بداتە پاڵ یەک کە لە یەکتر جیابن . یان بیەوێت بڵێت ئەم دیموکراسییەیان لە ناوەڕۆکدا نەرم و نیان و خۆش مەشرەفە ، ئەوی تریان باشتر ئازادییەکانی چینی کرێکار فەراهەم دەکات و لەگەڵ ڕیفرۆمدا ئاوێزان و لە بارە . کە هەرهەموو بزووتنەوەکانیان و دەسەڵاتی بزووتنەوەکانیان ، جگە لەوەی کە دەیەوێت دەسەڵاتی سەرمایەداری بە ئەزەلی و ئەبەدی لە قەڵەم بدات و بتوانێت درێژە بە تەمەنی بدات .. بێجگە لە بزووتنەوەی پرۆلیتاریا ، هەموو بۆ هەڵخەڵەتاندنی پرۆلیتاریایەو خۆش باوەڕ کردنیان بەوەی کە دیموکیاسییەکیان دەرگای باشتر کراوەیە بۆ چوونە پێشەوەی بزووتنەوەی چینی کرێکار ، کە لە درۆیەکی ڕووت زیاتر هیچی تر ناگەیەنێت . هەروەها هەلومەرجەکان هەر جۆرێک لە دەسەڵات ڕاڤە بکەن و بە پێ ی پەیوەندی ئەو دەسەڵاتە بە کام چینەوەیە ، دیموکراسی یەکەشیان دەربڕی ویست و خواستەکانی ئەو چینە دەبێت . هەلو مەرجی سیاسی و ئابوری ئەزمەگرتووی سەرمایەداری و هەلومەرجی سیاسی و ئابووری پەرەسەندوو ، لە نیزامی سەرمایەداری دا ، تیایدا دیموکراسی و بزووتنەوەکانیان چ شتێک لە بەردەم خۆیاندا دادەنێن بۆ بەرەنگاری بوونەوەی هەلو مەرجەکان ؟ واتە ئەوان کارەسات و ناعەدالەتی و سەرگەردانیەک درووست دەکەن و ڕوودەدات کە بتوایت تیایدا سەرکەوتن بەسەر بزووتنەوەی چینی کرێکاردا بەدەست بهێنێت و ژیانی خۆی و سەرمایەکەیان بپارێزن . ئەوان لە چەند ڕۆژێکدا دەتوانن بڕیار لەسەر بێکار کردنی چەند ملیۆن کرێکار بدەن و بێ لانە و حاڵیان بکەن و خێزانەکانیان ڕووبەڕووی مەترسی برسێتی و مەرگ بکەنەوەو منالانیان

بخەنە ژێر کاریکی گران و کرێیەکی کەمەوە . ئەم کردارانەی سەرمایەداران لە چوارچێوەی کام دیموکراسییاندا پرۆسیس ناکرێت و ژیانی کرێکار ڕوبەڕووی مەترسی مەرگەسات نابێتەوە .

جارێکی تر، دوا بە دوای ئەو بەشەی وەڵامەکەی پێشووی منصوری حیکمەت ئەڵێت {هەر لیکدانەوە دژی کۆمۆنیستی و جەنگی ساردی یەکانەوە، تا دەگات بە لێکدانەوە ئینسان دۆست و حەقخوازانەکان، ووجوودیان بووەو هەیە. لە پشتی ئەم هەموو لێکدانەوانەوە دەکرێ ناوەڕۆکی هاوبەش ومەوزوعی دیموکراسی و دیموکراسی خوازی کە ئەو بە هەموو شێوەکانی یەوە بۆ نموونە لە سۆسیالیزم و ئازادی خوازی سۆسیالیستی جیا دەکاتەوە ، بناسین و پێناسە بکەین . بەڵام لە مەیدانی سیاسیدا خودی مەفهومی دیموکراسی ، هەر بەم شێوە گشتی یەی شتێکی ئەوتۆ بەیان ناکات و هیچ کۆمەکێک بە جیاکردنەوەی بزووتنەوەو ڕەوتە کۆمەڵایەتی یەکەیان ناکات. ل٥ (دیموکراسی لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. ئەم لێکدانەوانەی منصوری حیکمەت، ئەوە ڕادەگەیەنن کە ناوەڕۆکی بزووتنەوەی دیموکراسی پرۆلیتاری و بزووتنەوەی دیموکراسی بۆرژوازی بە یەک ناوەڕۆک لە قەڵەم ئەدات. تەنها لێکدانەوەیەکی سیاسی یانە بۆ دیموکراسی بێجگە لەوەی کە دیدگای ووردە بۆرژوازییەو ناوەڕۆکێکی بۆرژوازی هەیە هیچی تر نیە . واتە بزووتنەوە جیاجیاکانی چینە جیاجیاکان، ناوەڕۆکی دیموکراسی جیای خۆیان هەیە. چونکە بۆرژوازی لە سەردەمی دەرەبەگایەتی دا، لێکدانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەبوو لە بارەی دەسەڵاتی دەرەبەرەگایەتی لێکدانەوەی خۆشی هەبوو بۆ دەسەڵاتی دیموکراسیانەی ،هەروەها بۆ پرۆلیتاریاش لە ئێستەی نیزامی سەرمایەداریدا، هەر بە هەمان شێوەیە ، بەڵام ناوەڕۆکی بزووتنەوەو دەسەڵاتەکەی جیاوازە لەگەڵ هی سەرمایەداری دا .

ئێستا سەرمایەداری لە باری سیاسی و بزووتنەوەکەیدا، دەسەڵاتی سەرمایەداریانەی خۆی سەپاندووە بەسەر چینی کرێکارو کۆمەڵگادا . چینی

کرێکار لە فەلسەفەی بوون و بزووتنەوەکەیدا دیموکراسی و پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە بەیان کردووەو لە خەباتی بەردەوامیش دایە .

بە گۆڕینی دیموکراسی بۆرژوازی بە دیموکراسی پرۆلیتاری و پەیوەندی بە کۆمەڵگا و چینەکانەوە لێک داوەتەوە . کاتێک وورده بۆرژوازی دەیەوێت ، دیموکراسی پرۆلیتاریا بە دیموکراسی بۆرژوازی بشوبهێنێت. تەنها بۆ پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتی سەرمایەداران و دروست کردنی گیانی بەرەڵایی و کردنەوەی جێگا بۆ هەموو توێژوو چینەکانی کۆمەڵ لە دیموکراسی پرۆلیتاریادا (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) دا. هەر لە هەمان پرسیارو وەڵامەکەی دا منصوری حیکمەت ، نە بزووتنەوەکانی چینی کرێکارو سەرمایەدار لێک جیا دەکاتەوەو ناوەڕۆکەکەیان بە یەک ناوەڕۆک دەست نیشان دەکات . دوا بە دوای وەڵامەکەی پێشووی بۆ پرسیاری (دوو) ئەڵێت {لەبەر ئەمە ئەو سیفەت و پاشگرو پێشگرانەی کە دەخرێتە پاڵ دیموکراسی ، ئینجا ڕێگە دەدات کە ئەم ووشەیە مانایەکی دەقیق تر پەیدا بکات. وەک دیموکراسی لیبراڵ ، دیموکراسی خەڵک ، دیموکراسی پەرلەمانی یان نوێنەرایەتی دیموکراسی ڕاستەوخۆ، دیموکراسی ڕۆژئاواو شتی تر. ئەم عیبارەتە لە ڕووی سیاسییەوە بە تەواوی مەفهومەوە دەکرێ پێناسە بکرێت و جیاوازی یەکانیان و لە زۆر حاڵەتدا دژایەتی یەکانیان ڕوون بکرێتەوە. هەروەها ئەو بزووتنەوەو هێزانەش کە لایەنگری هەر یەکێک لەمانەن دەکرێ دیاری بکرێن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە تەواوی دەکرێ لێک جیا بکرێتەوە. ل٥-٦ (دیموکراسی لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. ئەم بەشەی منصوری حیکمەت لە وەڵامی پرسیاری (دوو) دا پێچەوانەی وەڵامەکانی پیشووتریەتی ، کە بۆ وەڵامی پرسیاری دوو قسەی کردووە . چونکە ناکرێت بزووتنەوەکان لێک جیا بن و دیموکراسی یەکەشیان یەک ناوەڕۆک بێت . لە لایەکی ترەوە کە سیفەتی پاشگرو پێشگر دائەنرێت بۆ دەستەواژەیەک لەو دەستەواژانەی کە سیفەتی دیموکراسییەکەی پێ دەست نیشان کردووە ،

هیچ ناگەیەنێت بێجگە لەسەر لێشێواندن نەبێت ، لە دەست نیشان کردنی دیموکراسییەکان و بزووتنەوەکانیان دا . دیموکراسی لیبڕاڵی، دیموکراسی دەسەلاَتی سەرمایەداری یە . ئەبێت کام کاری سەرمایەداری بە سودو قازانجی چینی کرێکار پرۆسیس بکات . واتە  دیموکراسی لیبراڵ و هەموو جۆرەکانی تری ، بێجگە لەوەی کە ڕاسیزم و هەزار و یەک ڕێکخراوی جۆراو جۆرو دژ بە چینی کرێکار دروست دەکات ، کام کرێی زیاد کردووەو لە بەرامبەریدا ، ضریبەی زیاد نەکردبێت و یان ضریبەی لەسەر ئاو خواردنەوەش دانەنابێت . هەروەها بۆ دیموکراسی خەڵکی ، بە ئاسن وئاگر وەلاَمی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان و داواکاری یەکانی خەڵک ئەداتەوەو گرتووخانەکانیانی پێ پڕ دەکەن و لە ژێر ئەشکەنجەی دیموکراسی خەڵکی یەکەیاندا گیانیان لە دەست دەدەن . واتە  دیموکراسی سەرمایەدارییە لە ژێر ناوی دیموکراسی خەڵکیدا ، کە پارێزەرە بۆ دەسەلاَتی سەرمایەداران ، ئەبێت  دیموکراسی پەرلەمانی لە کۆبوونەوەو دانیشتنەکانیاندا ، چی بۆ کرێکاران بکەنە یاساو ڕێسای پەرلەمانەکەیان . بێجگە لەوەی کە زیاتر بە هەوڵی بەرگرتن لە خەبات و بزووتنەوەی چینی کرێکارو مژینی هێزی کاریان بۆ کەڵەکەی سەرمایەو خۆش گوزەرانی سەرمایەداران و بە هێز ڕاگرتنی بە ناو ئاسایشی نەتەوایەتیان و پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییەکانیان ، ڕوو بە ڕووی جەنگی ماڵ وێران کەرو سووتاندنی گیانی کرێکاران تیایدا کردوونەتەوە . کەواتە ئەوەی لە  دیموکراسی پەرلەمانییەوە دەردەچێت ، تەنها بڕیار تیایدا پارێزگاری کردنە لە دەسەلاَتی سەرمایەداری . بۆ ئەم پارێزگاری یە  جاری وا هەیە بڕیار لەسەر بەرپا کردنی جەنگ دەدەن لەگەڵ دەوڵەتان و کرێکاران هۆی بەڕێوەبردنی جەنگەکان دەبن و دەیانکەنە سووتەمەنی و ئاگری جەنگەکەیانی پێ گەرم ڕادەگرن . هەروەها لە لایەکی ترەوە بڕیار لەسەر محدود کردنی مافی پەنابەری دەدرێت بۆ پەنابەران و زۆر مافیان لێ دەسێنرێتەوە . ئەوەتا مانگانە یا سالاَنە یا لەکاتی ئەزمەکاندا ، بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە چەند

ملیۆن کرێکار بێ کار بکەن ، بە هۆی ئەوەی کە بودجەی نەتەوایەتی یان ڕووو لە خوارو کزییە . ئەمانە هەر هەموویان بێجگە لە هێرش کردنە سەر مافی کرێکاران و بزووتنەوەکەیان هیچی تری بۆ کرێکاران تیادا نابێت . هەموو ئەو بڕیار و یاسایانەی کە لە پەرلەماندا دەردەچێت بڕیارێکی سیاسی ڕووت نی یە . بەڵکو تەنها بڕیارەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار بە نیزامی سەرمایەداریەوە بگرنەوە . واتە هەموو ئەم دیموکراسییانە لە یەکتری جیا نین چونکە ئەمان دیموکراسی سیستەمی جیاوازنین . بەڵکو ناو و ناونیشانی یەک دەسەڵاتی سەرمایەدارین . واتە تصنیف کردنەکانی منصوری حیکمەت تەنها لە چوارچێوەی سیاسەتی دیماگۆجیانەی ووردەبۆرژوازی دا دەسوڕێتەوەو کرێکارانی پێ چاوەڕوان دەکەن ، کە گوایە یەکێکیان لەوی تریان باشترەو ئەتوانێت تیایدا بزووتنەوەکەی خۆی پێ تاو بدات . هەروەها لە هەموو حاڵەتەکانی نیزامی سەرمایەداریدا ئەمانە قسەکەر و دەمڕاستی سەرمایەداری دەبن و هەزارو یەک شیکردنەوە بۆ دەرچوون لە بارێکی ناهەمواری ژیانی سەرمایەداری ئەدەن بە دەستەوە .

منصوری حیکمەت لە وەڵامی پرسیاری (پێنج)دا بە جۆریک لە دیموکراسی گەیشتووە ، کە مانا واقعی و فەلسەفەیەکەی ئەکات بە دوو بەشەوە . لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان دەربڕی یاساو ڕێساکانی سەرمایەدارین . بەڵام منصوری حیکمەت دەڵێت {دەڵێم لەسەر کاغەز، چونکە لە واقعدا لە بەشی هەرە زۆری سەدەی بیستەمدا ، تا ئەم دواییەش ژیانی بەشی هەرە زۆری خەڵکی گۆی زەوی بە کردەوە لە ژێر کاریگەری دوو تێگەیشتنی تردا بوو لە دیموکراسی، یەکێکیان تێگەیشتنی جەنگی ساردی ((دیموکراسی غەربی)) کە سەرەڕای خزمایەتی نزیکی لەگەڵ تێگەیشتنی لیبرالیدا بە هیچ جۆرێک نابێ نە هاوتای یەکیان بزانین ، وە دووەم ، تێگەیشتنی خەڵکی ((دیموکراسی خەڵک)) واتە ئەو تێگەیشتنەی کە

لێکدانەوەی جەماوەری فراوانی خەڵکی وولاتانی ژێر دەستەو دوواکەوتوویی لە مەفهومی دیموکراسی پێک دەهێنا . مەفاهیمی ئەم ڕێبازانە لە بارەی دەسەڵاتی سیاسی و مافە مەدەنی یەکان و ئازادی فەردی یەوە لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاوازییان هەیە. ل١٣ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. ئەو دیموکراسییەی کە لە غەرب دایەو نزیکایەتی لەگەڵ تێگەیشتنی لیبراڵیدا هەیە . بێجگە لەوەی کە پارێزەرو بەڕێوبەری ، سەرمایەداری دەولەتی بووەو کرێکار بە کرێ گرتەیییەوە پەیوەست بووە بە نیزامەکەیەوە . نەیتوانیوە لەو دیموکراسییە دەربچێت کە سەرمایەداران داواکاریان بووە . لەم دیموکراسییەدا باس لەوە دەکرا کە خەرجیەکی زۆر تەرخان بکرێت بۆ بەهێز کردنی هێزی سەربازی و کورەی ئەتۆمی پێ نەصب بکرێت و بتوابێت لەگەڵ حیلفی بەرامبەریدا ، شتێک گەشەو ڕەونەقی بە توانای سیاسی و ئابوری خۆی بدات . شەڕی ئەستێرەکانیان لەسەر حیسابی پارووی دەمی خێزانی کرێکاران دەبرد بەڕێوەو ئینسانی لەسەر زەوی پێ بێ ئاسۆ دەکرد .

هەر ئەو کاتەی کە دام و دەزگاکانی دەوولەتیان لە بەرنامەو خواستی حیزبە شوعییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت و لەگەڵ ئازادییە فەردییەکان و مافە مەدەنییەکان دەکرد ، دەی خستە خزمەت دەسەڵاتی سەرمایەی دەولەتییەوە . مافی مەدەنی و مافی فەردی لەم دام و دەزگایانەدا. بێجگە لە دروست کردنی دابڕان و لێکپچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یان هیچی بۆ کرێکاران تیا نەبووە .

هەروەها ئەم مافانە ناتوانن ڕێگە بۆ بزووتنەوەی واقعی چینی کرێکار خۆش بکەن و کرێکاران بە خواستی خۆیان لە دروستکردن و دەست بە حیزبی کۆمۆنیستی زانستی خۆیانەوە بگرن . لە یاساکانیاندا و لە جێ بە جێ کردنیاندا ، تێکەڵی ژیانی مەسیحیانە و دروست کردنی ڕەمزی ئاشتی و ئازادییەکانیان بۆ مەزهەبی مەسیحی دەبەنەوە . وە مافی مرۆڤ لە لایەن

مافی به کرێ گرته بوونی چینی کرێکاره ، به ڕاست و ڕەوان بینینی سەرمایەی تایبەتی و دانانی بە یەکێک لە دەستکەوتەکانی مرۆڤ . واتە هەموو ئەوانەو گەلێک شتی تر، ناوەڕۆکی دیموکراسییەکەیان دەست نیشان دەکات . بێجگە لە پیلان گێڕان و بە وەسیلە کردنی کرێکاران بۆ دیفاع لەم دیموکراسییەو هەڵگرتنی وەک ڕەمزی بزووتنەوەکەی خۆی و دوور خستنەوەی چینی کرێکار لە بزووتنەوەی واقعی چینایەتی و مێژوویی خۆی .

ئەوە بۆچوونێکی پووچە کە پێی وابێ جۆری دیموکراسییەکانی سەرمایەداری و بزووتنەوەکانیان لێک جودا بن .

هەروەها دیموکراسی خەڵکی، دیموکراسی و لێکدانەوەی لە جەماوەری فراوانی خەڵکەوە وەرنەگرتووە . بەڵکو بزووتنەوەی ووردە بۆرژوازی لە وولاتانی جیهانی سێیەم و دوواکەوتووەکاندا بوون . بێ گومان خەڵک ئێمە لێکدانەوەیەکی تری بۆ دەکەین کە لە یەکەم بەشی نوسینەکەدا باسم لێوە کردووە . ئەو دیموکراسییە لە وولاتانی ژێر دەستەو دوواکەوتوودا ، لە لایەن ووردە بۆرژوازی یەوە دەکا بە ڕەمزی ڕزگاری لە وابەستەیی ئابووری و دەرکێشانی ئابوورییەکی سەربەخۆی نیشتمانیان . کە لەم بزووتنەوانەیاندا جەماوەرێکی بەرینی ئەم وولاتانەیان بە دوای خۆیاندا هەڵئەخڕاند . بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕستی ئابووری نیشتمانیاندا بەشێک بە دەست بهێنن . وە یان کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە دەگرت بێجگە لە ئیستبدادو بە ناوی ئەوەی کە ئابووری نیشتمانیان خراپ بووەو پێویستە کرێکاران زۆرتر کار بکەن لە جاران و کەمترین کرێش وەربگرن ، هیچی تریان بەرهەم نەدەهێنا و  دیموکراسی و بزووتنەوەکەیان لە پێناوی بەرقەرارکردنی دەسەڵاتی سەرمایەی خۆ وولاتی بوو لەو وولاتانەدا .

ئەوەی لە دەوڵەتەکانی ئێران و مصەدەقییەکان و عێراقی جمهوری خوازو بەشێکی زۆری ڕۆژهەلات ، بێجگە لە دەسەلاتی سەرمایەداری بەناوی دیموکراسی یەوە هیچی تریان لیَ بەدی نەهات . ئەمانە بە ناوی ئەوەی کە ئاسایشی نەتەوەییان تێک نەچێت بە ئاسن و ئاگر وەلامی کرێکارانیان ئەدایەوە ، ڕەوانەی گرتووخانەکان و لە مەحکەمە عەسکەریەکاندا حوکمی لە سێدارەدانیان ئەدان . ئەمانە جۆری دیموکراسییەکانی سەرمایەداران بوون کە هەر یەکەیان بە شێوەیەک پارێزگاری لە دەسەلاتی سەرمایەداریانەیان دەکات . جیاوازی بنەڕەتیش هەیە لەگەڵ دیموکراسی پرۆلیتاریاو بزووتنەوەکانیان لە پێناو بە دەستهێنانی دیموکراسییەکەیان ، چونکە دوو ناوەڕۆکی جیاواز لە بزووتنەوەکانیاندا هەیە ، لەبەرئەوە لە مێژوو و ئێستاشدا دوو بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە . منصوری حیکمەت لە بەشێک لە وەلامی پرسیاری (پێنج) دا زۆر سەرپێییانە ، ئەڕوانێتە حوکمی هاوبەش و سەربەخۆ و ناوەڕۆکی دیموکراسییەکانی سەرمایەداران و دەڵێت{ ئەوەی کە لە نێوان هەموویاندا هاوبەشەو هەروەک ووتم حوکمی سەربەخۆ و ناوەڕۆکی مەوزوعی دیموکراسی پێک دەهێنێت ، ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی سەرمایەداری و دامەزراندنی میکانیزمی حقوقی بۆ بەشداری کردنی خەڵکی (جا بە هەر پێناسەیەکەوە بیت) لە پرۆسەی دیاریکردن و ئاڵ و گۆڕ پیَ کردنی دەوڵەتدا بە بنچینەی خۆی دەزانێت ، خودی دیموکراسییان بە حوکمەتی زۆر بە داناوە نەک بەرقەرار کردنی کۆمەڵیَ میعیارو بەهاو قیم و مافی دیاریکراو . تێهەڵکێشانی ئەم معیارە تایبەتانە لەگەڵ مەفهومی دیموکراسیدا کاری ڕێباز و بزووتنەوە سیاسی یە جیاجیاکان بووە . ئەم کارە لیبراڵیزم ، سۆسیالیزم، کنسرواتیزم، ئانارشیزم و ئەوانی تر هەموویان ئەنجامیان داوە . ل١٣ ( دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. ئەم لێکدانەوەی منصوری حیکمەت لێکدانەوەیەکی مجردو نادروستە لە خاڵی هاوبەش و موضوعی ، دیموکراسییەکان . چونکە حەقی خەڵک لە بەشداری کردنی هەڵبژاردندا ، ناتوانێت بە تەنها خاڵی هاوبەش بێت

. لەبەر ئەوەی پرۆسیسی هەڵبژاردنی دیموکراسی بۆرژوازی ، بڕوادان و هەڵبژاردنی سیستەمی سەرمایەدارییە و هەڵبژاردنیش لە لای ئەم دیموکراسییانە لە پێناوی سەقامگیر بوون و جارێکی تری نوێ بوونەوەی ژیانی سیاسی و ئابووری ، سەرمایەدارییە . هەڵبژاردنەکانی ، بزووتنەوە کرێکاری یەکان، بۆ پەرلەمان گونجاندنی ناوەڕۆکی ئەم بزووتنەوانەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری و دەستوری پەرلەماندا .. ئەو بزووتنەوە کرێکارییانەی کە لە چوار چێوەی قانوونی سەرمایەداریدا هەیە ، ناتوانێت دەستوورو یاساکانی پەرلەمان بخاتە ژێر پرسیارەوەو بە قازانجی خۆیان ئاڕاستەی قانوونی پەرلەمان بکەن.

ئەم بزووتنەوانە ، کە ئیلهام لە ئایدۆلۆجیای سەرمایەدارانەوە وەردەگرن ، بڕوایان وایە کە پێویستە هەموو توێژوو چینەکان و بیرو بۆچوونەکانیان لە چوارچێوەی قانوون و یاساکانی پەرلەماندا پێکەوە بژین و کۆبن . ئەمانە دژ نین بە سیاسەتی سەرمایەداری و بزووتنەوە دیموکراسییەکانی، ئەوان حەق بە کرێکاران ئەدەن ، کە دەنگ بە نوێنەری بۆرژوازی بدەن . بەڵام هەزارو یەک بوختان و ناوناتۆرە دەخەنە پاڵ ڕابەرێکی کرێکاری کە بە دەربەست مەسەلەی کرێکاران و شۆڕشەکەیەوە بێت . حەق بە داواو پێویستییەکانی کرێکاران نادەن لە پەرلەماندا . واتە پرۆسیسی هەڵبژاردن لە نیزامی سەرمایەداری دا ، شەرعیەت دانە بە هەموو ئەو پلانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی کە لە پەرلەماندا تشریع دەکرێت . خاڵی هاوبەش لە نێوان هەموو دیموکراسییەکاندا ، ئەوەیە کە یاساو ڕێساکانی گشت سەرمایەداری و دەسەلاتەکەی دەپارێزن . چەپ و ڕاستی ئەم بزووتنەوانە ، بە سنگ فراوانییەوە مافی مرۆڤەکەی لە مەڕ سەرمایەداریان پێ باشەو لە چوارچێوەشیدا بە جۆر و ناوی جیاوازەوە کاری بۆ دەکەن . هەروەها بزووتنەوە سیاسی یە جیاجیاکانی وەک ئۆرۆکۆمۆنیزم و لیبرالیزم، سۆسیالیزم، ئانارشیزم و کنسرواتیزم ، هەموویان لەسەر ئەوە ڕێک

دەکەون کە پارێزگاری لە سیستەمی ئێستاو ئایندەی سەرمایەداری بکەن . ئەمانەو گەلێک شتی تر ، ناتوانن ئەوە لەبەرچاوی کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی هۆشیار وون بکەن ، کە دیموکراسی پرۆلیتاریا ئەتوانێت وەڵامی عەمەلی و جدی خۆی بە هەموو ئەو بێ مافی و ناعەدالەتی یە بداتەوە ، کە لە سایەی دیموکراسی سەرمایەداریدا بەڕێوە دەچێت . هەروەها دیموکراسی پرۆلتاریا ئەتوانێت دیموکراسی بۆ زۆرینەی کۆمەڵگا دابین بکات و بەهرەمەندیان بکات لە دەستەڵاتیاندا . کەواتە کۆنە پارێز چۆن ئەتوانێت دیموکراسی زۆرینەی خەڵک بگرێتەوەو یان دابینی بکات . هەروەها سۆسیالیزمی ووردە بۆرژوازیش ئەوەی لە دەست نایەت و ناشی کات.

جارێکی تر منصوری حیکمەت، گلەیی لە لیبرالیزمی حکومەتەکان دەکات و پێ ی وایە لەگەڵ ناوەڕۆکی حکومەتەکان کار ناکات . لە وەڵامی بەشێک لە پرسیاری (شەش) دا دەڵێت { لیبرالیزم وەک مەرجێکی جڵەو کەرو سنووردارکەری حکومەتی دیموکراتی کاردەکات نەک وەک ناوەڕۆکی ئەو حکومەتە. ل١٨ ( دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. بە پێ ی ئەم باس کردنەی منصوری حیکمەت بێت ، پێی وایە لیبرالیزم ئازادی خواز دەبێت کە دەسەڵاتی سەرمایەداری لەگەڵدا جووت بێت ، واتە لیبرالیزم و سەرمایەداری ئازادی خوازن لیبرالیزم ڕێبازی ناو پەرلەمانە بزووتنەوەی یاسادانەری حکومەتی سەرمایەدارین . چونکە حکومەتیش بەشی جێ بەجێ کەری ئەو یاسایانەیە . واتە کاتێک کە حکومەتی سەرمایەداری جڵە و دەکات ، بۆ باشتر کردنی هەل ومەرجی گەشەی سەرمایەو سەرکوت کردنی کرێکارانە . واتە ئەوەی کە لە حکومەت و پەرلەمانەکانی ئەمریکادا ڕوو دەدات ، وەک پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکانی سەرۆک کۆمار بە مەجلیسی پیران و دروست کردنی کێشە و ململانێی ناو پەرلەمان لە لایەن جمهوری و دیموکراتەکانەوە ، بۆ ئەوەی نی یە کە پەرلەمان لە ناوەندی خۆیاندا لەسەر سەرمایەداری و نیزامەکەی ڕێک ناکەون ، بەڵکو لە پێناوی ئەوەدایە ، کە

کام بڕواو بۆچوون ئەتوانێت زیاتر خزمەت بە سەرمایەی نیشتمانی و دەسەڵاتی سەرمایەداران دەکات لە ئەمریکادا . پنتاگۆنیشیان لە پێناوی ئاسایشی نەتەوەیی یاندا خستووەتە سەر لاساری و پرچەک بوونیان بە هەموو ئیمکانیکی تەکنەلۆجی یانەوە . ئەم دام ودەزگایانەی کە ئیش و کارەکانیان لە پەرلەمانەوە بۆ دیاری دەکرێت و جڵەوی یاسایی و داڕشتن و جێ بە جێ کردنیان بە بڕیاری ئەوان دەبێت . منصوری حیکمەت وا دەبینێت کە دیموکراسی لیبراڵیزم و حکومەتەکانیان لێک جیاوازن . ئەگەر وانەبووایە لە لای منصوری حیکمەت حکومەتێکی دڵخوازی ئەو دەبوون . بەم پێیەی لیبرالیزم ناوەڕۆکی سەرمایەداری یە ، دەستوری حکومەتەکەشی، بۆرژوازی دەبێت و گوێ ڕایەڵی سیاسەتی لیبراڵیزم دەبیت.

با بزانین ئەو ئەحکامانە کامانەن لە لای منصوری حیکمەت کە لە بەشێک لە وەڵامی پرسیاری ((هەشت)) دا دەڵێت { بەشێک لەم ئەحکامانە هەر ئەوانەن کە ئەمڕۆ وەک مافە سەلمێنراوەکانی ئینسان و ئازادی یە مەدەنی یەکان باس دەکرێن . ئازادی بیروباوەڕو ڕادەربڕین ، ئازادی کۆبوونەوەو ڕێکخراوبوون و لیستێک لە ئازادی یە فەردی یەکان ئەو کۆمەڵە ئەحکامە ئەساسی یەی لیبراڵیزمی کلاسیکن . ل۲۰ ( دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. ئەگەر تۆزێک بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، ئەوا ئەو ڕاستییە دەبینین کە بیرو ڕای لیبراڵیزم ، لە سەردەمی دەرەبەگایەتی دا، لە دژی ئەم فرماسیۆنە کۆمەڵایەتی یە ، کۆمەڵێک ئەحکامیان بۆ خەڵک دەست نیشان دەکرد ، کە هەڵگری ئەم ئەحکامانە، بۆرژوازی مەزهەبەکان بوون . لە ڕووی سیاسی یەوە کۆمەڵێک لە دەربڕینی ئازادی و مافی مەدەنی و فەردیان دەردەبڕی وە بە ناوی لیبراڵیزمی ئەو کاتەوە قسەیان لەسەر دەکرد .

ئەوە بوو کە ئەمڕۆ منصوری حیکمەت و هەردوو( ح. ک .ک .آ ./ .ح .ک .ک .ع ) داخوازی شەوو ڕۆژیانەو لە ئەحکامی بەرنامە و سیاسەتیاندا بەیانی دەکەن . هەروەها داواکاری مافە مەدەنی یەکانی (خەڵک) بە مانای

خەڵکییەکەی خۆیان دەکەن بە باس و خواستی ئەمڕۆی کرێکاران و زۆریش پێی لەسەر دائەگرن . هەروەها هەوێنی ئازادی خوازی و شۆشگێڕی، خۆیانی لێوە دیاری دەکەن . کە هیچ ناگەیەنێت بێجگە لەوەی کە ووردە بۆرژوازی و ئەڵقە لە گوێی سەرمایەداری دەیەوێت لە بزووتنەوەی کرێکاراندا دەوری خراپەکاری و لە ڕێگە لادانی گیانی شۆڕشگێڕییان ببینێت . ئەمانە هەموو کارو کرداری لیبراڵیزمی کلاسیک و بۆ ئەمڕۆش چەپی لیبراڵیزم ئەو دەورە دەگێڕێت . چونکە لە لای کۆمۆنیستەکان، ئازادی یە فەردییەکان بێ ئازادی واقعی کۆمەڵ مانای نابێت و لەگەڵ بەرەڵاییدا دەست لە ملان دەبێت . هەروەک ئەوەی کە ئازادی فەردی لە ئەورپادا لیبراڵیزم و سەرمایەداران بۆیە برەوی پێدەدەن کە بتوانن وەکۆ کردووشیانە ، ئینسان لە پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکەی لەت لەت و دابڕراو بکەن . واتە بەرنامەو سیاسەتی ئەم حیزبانە لەگەڵ سیاسەت و مەنهەجی حیزبەکانی چوارچێوەی ئۆروکۆنیزم زۆر لێک نزیک و هاوڕا دەبن . بەڵام ئەوەی کە بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە ئایا ئەم ئەحکامانە لەگەڵ لیبراڵیزم و دیموکراسی یەکەیاندا لێک جیاوازن و دەتوانێت کۆمەڵگا بەرەو پەیوەندی یەکی کۆمەڵایەتی جیاواز بگۆڕێت ! بێگومان نەخێر . ئەم ئازادییە فەردیانەی کە ڕووی سیاسی لیبراڵیزمن هیچ لە بەهای سەرمایەدار بوونی نیزامی سەرمایەداری کەم ناکاتەوە ، چونکە ئازادی یە مەدەنی یەکانت بۆ دەخەنە سەر کاغەزو دەبێت بە ئەحکامی بەرنامەو سیاسەتیان . بە مەرجێک ئەم مافانە بتوانیت پارێزگاری ، لە ژیانی سەرمایەداری بکات . هەروەها لە پرۆسیسی ئەم ئەحکامانەدا ، ئەگەر زۆر ڕادیکاڵ بن ، هەزارو یەک ڕێگری دەخەنە بەردەم . واتە هەموو ئەو ئازادییانە دەخرێتە چوارچێوەی ژیان و پەرەنسیپەکانی سەرمایەدارییەوە . هەروەها ئەو هەوڵانەی کە لیبراڵیزمی کۆن و نوێ دەیدەن ، پاوان کردنی بازاڕی سەرمایەدارییە . بێگومان خاسیەتی بازاڕی سەرمایەداری ، ململانێی هێزە ئابورییە گەورەکانە . لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لەسەر ئاستی سیاسی یشدا ئەوە بە خۆیەوە دەبینێت کە هەلومەرجی

ئابوری بخەنە ژێر چاودێری و ڕێگا تیۆریە ئابورییەکانیانەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگەی پێکدادانە ئابورییەکانی بازاڕدا ، سەرکەوتن بەسەر ئەوی تردا بهێنن . کە لە چوارچێوەی ئەم ململانییەدا ، کرێکاران بە ئێسک و گۆشتیان تیایدا زەرەرمەند دەبن و دیموکراسی لیبرالّیزم و دەسەلاّتی ئەم دیموکراسییە. تیایدا سوود مەند دەبن .

جارێکی تریش لەسەر لیبرالّیزم منصوری حیکمەت قسە دەکات و بەشێک لە وەلاّمی پرسیاری((هەشت)) دا ئەلّێت { لیبرالّیزمی کلاسیک لە پەیوەند بە سەرمایەیەوە، خصوصی گەراو دژی دەست تیوەردانی دەولّەتە لە ئابوری دا . دژی وا بەستە کردنی سەرمایەی تایبەتی و فەردی بۆرژوایە بۆ هەر جۆرە قانون و بڕیارو مەدارێکی سەروو قانوونەکانی بازاڕ . ل٢٢( دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. ئەمە ئەو بۆچوونەی حیکمەتە ، کە لە سەرەوە قسەمان لەسەری کردووە . واتە هەموو ئەو دەستەواژانە ئەوە ناگەیەنن کە لیبرالّیزمی کلاسیک و نوێ ، دەست ناخاتە ناو بەرهەم هێنان و کەلّەکەی سەرمایەوە . لەگەلّ ئەوەشدا کەرتە تایبەتەکانی بەرهەمهێنان ، پەیوەندی توندووتۆلّیان بە لیبرالّیزم و پەرلەمانەوە هەیە . نموونەی ئەمریکا باشترین نموونەی ئەوەن کە چەند خێزانێک سەرچاوە ئابورییەکانی سەرمایەداری ئەمریکایان بە دەستەوەیە و هەر کارێک کە لە چوارچێوەی خواست و وویستەکانی ئابوری سەرمایەداری ئەمریکادا نەبێت ، ئەوا بە توندترین شێوە ڕەخنە دەکرێن . واتە نە پەرلەمان لە دەرەوەی خزمەتی ئەم چەند ئابووریەدایە ، نە ئەم چەند ئابووریە لەدەرەوەی پەیوەندی پەرلەمان و لیبرالّیزم دایە .

منصوری حیکمەت لە وەلاّمی بەشێکی پرسیاری (هەشت)دا دەلّێت {لە ڕوویەکی ترەوە لە بەرامبەر کرێکاراندا، لیبرالّیزم دژی دەرکەوتنی بە کۆمەلّیان و دژی وابەستەبوونی فەردی کرێکارە بۆ سیاسەتی نەقابە و ڕێکخراوەی کرێکاری، من وتۆ لەوانەیە پێمان وابێ کە بوونی نەقابە ڕێگا

خۆش دەکات بۆ بەدیهاتنی هەندێ لە مافە ((سروشتی )) و مەدەنی یەکانی کرێکاران ، بەڵام  لیبراڵیزمی کلاسیک ئەمە بە ڕەت کردنەوەی ئازادی فەردی کرێکار دەزانێت لە شێوەی فرۆشتن و کەڵک وەرگرتن لە هێزی کارەکەی . ل٢٢( دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. ئەم لیبراڵیزمە پێی وایە کە ڕێکخراوی نەقابەیی کرێکاران ، لە بەردەم داموو دەزگاو سەرچاوە ئابورییەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا لەمپەر دەبێت و لەو لاشەوە خوازیاری مافی مەدەنی بیت بۆ ئینسانەکان . ئەم تێڕووانینە دوو سەرچاوەی جیاوازی لێکدانەوە ، وەردەگرن . واتە هەردوو بینینەکە دژ بە یەکن چونکە نەقابە ئیتر ئەو دەورە شۆڕشگێڕیە بۆکرێکاران نابینێت تا لیبراڵیزم لێی کەوتبێتە تەقە . وە لە وەڵامی هەمان پرسیاری (هەشتەم)دا ، منصوری حیکمەت دەڵێت ، ئەم لیبراڵیزمە خوازیاری بە دەست هێنانی مافە مەدەنییەکان و فەردییەکانی کۆمەڵن .

ئەم تێکەو لێکەیەی لە تێڕوانین و بۆچوونەکانیدا ، بۆ ئەوەی کە جارێک بڵێت  لیبراڵیزم ڕوویەکی باشی هەیەو جارێکی تریش بە ڕوویەکی خراپ لە قەڵەمی بدات . لە لای ئێمە ، لیبراڵیزم بە هەموو ڕووەکانییەوە ، دەربڕی سیستەمی کارو سەرمایەیە . واتە یەک ڕاستی ڕۆشن هەیە کە لیبراڵیزمی پێ ناو دەنرێت ئەویش ئەوەیە کە پارێزەری نیزامی سەرمایەداری و دژ  بە بزووتنەوەی چینایەتی چینی کرێکارە . ڕازاندنەوەی لیبرالیزم لەلایەن وورده بۆرژوازیەوە لە جارێکیاندا و بۆ گەشە پێدانیان لە جارێکی تردا ، هیچ ناگەیەنێت بێجگە لەوەی کە دەیەوێت  دڵی سەرمایەداری لێ نەڕەنجێت .

هەروەها لە وەڵامی پرسیاری (چواردە)دا منصوری حیکمەت دەڵێت { بە بڕوای من لەم ڕووەوە ڕەخنەی ئێمە لە لیبراڵیزم و دیموکراسی وەکو رەخنەمان لە خودی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری وایە. ل٣٦( دیموکیاسی : لە نێوان دەرپڕین وڕاستی دا )}. لێرەدا ئەوە دەبینرێت کە دیموکراسی پرۆلیتاریاش خراوەتە پاڵ دیموکراسی بۆرژوازییەوە و لەگەڵ یەک

بزووتنەوەدا حیسابیان بۆ دەکرێت . کە بێگومان ناوەڕۆکی ئەو دوو بزووتنەوە جیاوازەی دیموکراسی کە هی دوو چینی جیاوازی کۆمەڵن زۆر لە یەک جیادەبن . واتە دیموکراسی پرۆلیتاریاو دەسەڵاتەکەی زۆر لێک جیاوازن لەگەڵ دیموکراسییەکانی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەیان . لێرەدا منصوری حیکمەت ئەیەوێت هیچ بەهایەک بۆ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو دیموکراسی یەکەی دانەنێت . لەگەڵ هەمان هەڵوێستی ئانارشیستەکاندا وازی دەکات و مەرحەلەیەکی مێژوویی پرۆلیتاریا دەکاتە مەرحەلەی دەسەڵات و ناوەڕۆکی دیموکراسی بۆرژوازی . لێرەدا جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ بەشێک لە وەڵامی پرسیاری (پێنج) کە منصوری حیکمەت ئەڵێت {ئەوە گومانی تێدا نی یە کە دیموکراسی، وەک نیزامێک کە تیایدا دەخاڵەتی فەردو توێژە کۆمەڵایەتی یەکان لە کاروباری دەوڵەتدا بە ڕەوا لە قەڵەم دراوە، هەلێکی زیاتر بۆ بزووتنەوە جۆراو جۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەڕەخسێنێ لە چاو شێوەکانی تری حکومەتە غەیرە دیموکراتییەکاندا بۆ ئەوەی مۆری خۆیان بە کۆمەڵگاوە بنێن وە بۆ ئاڵوگۆڕانە تێبکۆشن کە دەیانەوێ بەدی بهێنن . بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا شەخسیەتی کۆمەڵ پێناسە ناکات . مەرج نییە بەرئەنجامی پرۆسەی دیموکراتیک بە مانای ئازادی فەردی یان گشتی زیاتر، یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، پێشێل نەکردنی مافەکانی مرۆڤ شتی تر بێت. ل٤ ( دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. زۆر باسمان کردووە لەسەر ئەوەی کە دیموکراسی بۆرژوازی چ ناوەڕۆکێکی لە کارو کردەوەکانی دا بەرهەم هێناوە . گومان لەوەدا نی یە کە دیموکراسی بۆرژوازی هیچ جۆرێک لە ئازادییەکانی فەراهەم نەکردووە بۆ ئینسانی کرێکارو بزووتنەوەکەیان ، تا بتوانێت دەخاڵەت لە دەسەڵاتی یاسا دانەریدا بکات . واتە کاتێک فەرد دەتوانێت دەخاڵەت لە دیموکراسی و دەسەڵاتی بۆرژوازیدا بکات.

که فەرد لە خزمەتی ئەو دەسەڵاتەدا بێت ، دوور لە خزمەت کردنی یاساو ڕێساکانیدا ببینێت . واتە فەرد لە پێناوی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا ئازاد و سەربەست نابێت . واتە پەیوەندی فەرد پەیوەندی خزمەتکارانەی هەیە و ئازادیەکەشی لەو پەیوەندیەوە بە دەست دەهێنێت ، واتە ئەم پەیوەندییە بۆ نیزامی سەرمایەداری وەهایە . بێگومان لە دەسەڵاتی پرۆلیتاریادا ، فەردی کرێکار بە بێ دابڕان لە خزمەت دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی پرۆلیتاریایە . ئەو چاودێری کردنەی کە لەسەر فەرد هەیە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا و لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای بە دەست هاتووەو دەخرێتە ژێر چاوی ئەلکترۆنەوە و هەروەها فەرد لە کۆمەڵگای دەوڵەتە دواکەوتووەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقاو ئەمریکای لاتیندا ، لە ڕێگەی ئاسن و ئاگرەوە چاوەدێری دەکرێت وە لە هەردوو لایاندا نایەڵن کرێکاران بە بێ خوێن ڕشتنیان دەست بۆ هیچ کام لە بزووتنەوە واقعی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان و داواکارییەکانیان بەرن . واتە دواکەوتن و پێش کەوتنی کۆمەڵگا، ناتوانێت لە ڕاستی دیموکراسییەکانیاندا، شتێک لە دیموکراسی سەرمایەداری بچن بەو لاوە . وە پرۆسیسی بزووتنەوەی دیموکراتیککردنی سەرمایەداری و دەوڵەتەکانیان لە ئەساسدا بێ عەدالەتی و بێ مافی ئینسانی کرێکارەو بەشێکی جیا نەکراوەیە لێیان . وە سیستەمی کارو سەرمایەو دەووڵەت و دیموکراسییەکەیان ، دەربڕی شەخسیەتی کۆمەڵی سەرمایەداری و دیموکراسییەکەیەتی . واتە حکومەتی توندوو تیژی و خوێن ڕێژو حکومەتی بەلۆکە کوژی ئینسان ، هەروەها شەخسیەتی بزووتنەوەی چینی کرێکار، لە نیزامی سەرمایەداری دا ، هەوڵ و کۆششە بۆ بەدەست هێنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری و بنیات نانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم . کەواتە شەخسیەتی دەسەڵاتەکان ، لە جیایی بزووتنەوەکانیاندا دەردەکەوێت و ناوەڕۆکی جیاوازیش ئەدات بە دیموکراسی یەکانیان . ئەوەی منصوری حیکمەت لە ناو شەخسیەتی کۆمەڵگای سەرمایەداری دا شەخسیەتی جیای کرێکاران تەعبیر لێ ناکات و

نای بینێت . لەوێوە دەردەچێت کە یەکسان کردنی هەردوو شەخسیەتەکەیە لە لایەن منصوری حیکمەتەوە.

لە وەڵامی پرسیاری (چواردە)دا منصوری حیکمەت دەڵێت { ئەو تصورەی کە پێ ی وایە بەرقەراری دیموکراسی، بەو تێگەشتنەی کە من لەم باسەدا لەسەر دیموکراسی دام بە دەستەوە ، لە هەندێ کۆمەڵگای ئەمڕۆدا هێشتا دەتوانێت وەسیلەیەک بێت بۆ بەرین بوونەوەی ئازادی ئینسانەکان ، بە بڕوای من تصورێکی ساویلکانەیەو دوورە لە هەر ڕوانگەیەکی ڕەخنە گرانە . بەو مانایە کە ئازادیخوازی لەم وولاتانەدا دەداتە دەست خوا (واتە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە (و) ). ئەمڕۆ ئیتر دیموکراسی کۆمەڵە حوکمێک نی یە سەبارەت بە ئازادی چاپەمەنی و بیرو باوەڕوو مامەڵەی باش لەگەڵ کەمایەتی یەکان (تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک ئەمانەش بووبێت). مۆدێلێک نییە کە بتوانرێ دڵخوازنە لە هەموو شوێنێک عەمەلی بکرێتەوە بەڵکو ناونیشانێکە بۆ ڕژێمی سیاسی بۆرژوازی ئەم سەردەمە . ل٣٧ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. ئەوەی کە منصوری حیکمەت لەم پەرەگراڤەدا باسی لەوە کردووە ، کە دیموکراسی نابێتە وەسیلەیەکی باشتر بۆ بەرین بوونەوەی ئازادی ئینسانەکان ، لەگەڵ هەندێ لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا لێک جیاوازن . دەڵێت هەندێ لە دەوڵەتە دیموکراسی یەکان ، ئەتوانن باشتر فەراهەمی ئازادییە فەردی و ئینسانییەکان بکەن ، لە چاو دەوڵەتی سوپاو پۆلیس کە لە بنەڕەتەوە هەردوو دەوڵەتەکە یەک ناوەڕۆکی هاوبەشیان هەیەو لە پێناو یەک مەبەستیشدا ئیشەکانیان دەبەنەڕێوە . هەروەها پێمان وانییە کە مۆدیلەکانی سەرمایەداری یەک تۆز دڵیان بە ئازادی یەکانی ئینسان بسووتێ بێگومان مۆدێلی سەرمایەداری بەمانای دابڕاوی نا . بەڵکو هاوتاو پێناسەکاری نیزامی سەرمایەداری و دیموکراسی یەکەی ، تەنها بە ناونیشانی سیاسی بۆ ڕژێمێکی سیاسی نابێت و بەس . بەڵکو ئەم مۆدێلە کە ڕژێمێکی سیاسی بەیانی دەکات و لەگەڵ ڕەوەندی ئابوری خۆیدا جووت

دەبێت ، تەنها ناونیشانێکی سیاسی ناگرێتەوە . ئەم مۆدێلە پرۆسیسی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی سیستەمێک بەیان دەکات و بەهای کۆمەڵایەتی خۆی لە پەیوەندی کارو سەرمایەوە دەست نیشان دەکات ، لەگەڵ ئەوەشدا بە کۆمەڵێک ئەحکام ئەم پەیوەندی یە ڕادەگرێت . کە هەموو دام ودەزگای ئیستبدادی و بێ مافی کرێکاران دەخاتە پێناو سیستەمەکەیەوە . ئەحکامی کۆمەڵگای سەرمایەداری و دیموکراسییەکانیان ، لەسەر خاسیەتی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییەوە بنیات نراوە ، بۆ ئەم خاسیەتەو پارێزگاری کردنی کۆمەڵێک دەستوورو یاسا دەکاتە ئەحکامی دەسەڵاتەکانی خۆیان ، کە هەموویان لە پێناوی پارێزگاری کردنی دەسەڵاتی سەرمایەداراندایە.

لە هەمان وەڵامی پرسیاری(چواردە) دا منصوری حیکمەت جیاوازی لە قسەکانی خۆی لە هەمان وەڵامدا ڕاڤە دەکات و دەڵێت { ناکرێ خوازیاری دیموکراسی بێت وەکو ئۆرگانێک و سەرخانێکی سیاسی پتەو و قایم بەڵام حکومەتی بۆرژوازیت نەوێ . ل٣٧ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. ئەم ڕستەیەی لەگەڵ ڕستەی پێشوودا جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتریدا . ئەویش ئەوەیە لێرەدا ، دەچێتە سەر ئەوەی کە دیمکراسی بۆرژوازی سەرخانێکی سیاسی هەیەو ژێرخانەکەشی ڕەنگ دانەوەی سەرخانەکەی دەبێت. واتە کە ئەحکامەکەی سەرمایەداری بوو ئەوا ژێرخانەکەشی داڕشتنێکی سەرمایەداریانە بۆ ئابوری یەکەی دەکات و دیموکراسی دەسەڵاتیش لە پێناوی پیرۆز ڕاگرتن و هێشتنەوەی پەیوەندییە ئابورییەکانی سەرمایەداریدایە .

کاتێک دوو چین لە کۆمەڵگادا بوون یان هەبوو ، ئەوا دوو بزووتنەوەی جیاوازیشیان دەبێت ، دوو خواستی جیاواز دوو دەربڕینی جیاواز لە مەڕ دیموکراسییەکانیان دەیانبێت . ئەوەی دیموکراسی سەرمایەدارییە، لەگەڵ کەڵەکەی سەرمایەدا خۆی دەنوێنێت . ئەوەی کە دیموکراسی پرۆلیتاریایە ، یان بزووتنەوەی پرۆلیتاریایە داوای دەسەڵاتی دکتاتۆریانەی خۆی دەکات و

به پێش مەرجی لەناو چوونی تەواوەتی چینەکانی دەزانێت و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمیان لێ بەدەست دێت.

## (( دیموکراسی و دەسەڵات))

دەسەڵات بریتی یە  لە پاوان کردنی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری کۆمەڵ لە لایەن چینێکەوە . دەسەلات ، حوکمڕانی سەپاندنی ئاکارو فەلسەفەی ووجودی چینێکە بەسەر چینێکی تردا . ناوەندی دەسەڵاتی چینایەتی ،  ناوەندی پارێزگاری و بردنە پێشەوەی بەرژەوەندی چینایەتی ئەو چینەیە . واتە ئەوەی لەسیاسەتدا بەکار دەهێنرێت ، بۆ ئەوەیە کە بتوانێت لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆی پێ گەشەدار بکات و باشتر بتوانێت پارێزگاری لە بەرژەوەندی یەکانی بکات . وە دەیەوێت تمرکز بکات لە دەووری چوونە پێشەوەی ئەو بەرژەوەندیانە و باشتربردنە ڕێوەیان . واتە سیاسەتی باوو ڕاگەیەنەری ئابوری سیاسی باوو دەبێت. ئابوری باویش هەڵقوڵاووی فکرو سیاسەتی باو دەبێت . واتە باری سیاسی لە دەسەڵاتی چینیکدا جیا نابێت لە پەیوەندی ئابوری یەکەی . کەواتە سەرخان هی چینێک نابێت و ژیر خانیش هی چینیکی تر . بۆ هەر دەسەڵاتێک و چینێک دیموکراسییەک هەیە کە پەیوەندی بە دەسەڵاتی ئەو چینەوە هەیە کە لەدەسەڵاتدایە . واتە دەسەڵاتی دیموکراسی بۆرژوازی دەست ڕۆیشتووە بەسەر سەرچاوەی ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و ....... شتی تردا لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا .  هەر هەموویان بە دەوری پارێزگاری خۆیان هەڵدەسن لە سەرمایەداری و پەیوەندی یە ئابوری یەکانی . لە پرۆسیسی کۆمەڵایەتی سەرمایەدا ، بە کۆیلە کردنی کرێکار دەگاتە ئەحکامی خۆی و هەروەها هەموو ئەو کردارانەی بۆرژوازی و دیموکراسی یەکەیان ، بە خاتری زیاتر هێشتنەوەی دەسەڵاتیانە . کەواتە

دیموکراسی سەرمایەداری ، شانۆی دەسەڵاتی خۆی هەر جارەی بە حیوارێک و مەنەلۆجێک کۆتایی پێدەهێنێ . ئەم شانۆگەری یەی سەرمایەداری، مەهزەلە ئامێزە .

مەهزەلەی ئەم شانۆیە  ئەوەیە جارێک لە ڕێگەی هەڵبژاردنە پەرلەمانی یەکانەوەو جارێک لە ڕێگەی جەنگە کۆنە پەرستەکانییانەوە ، ئیحتوای دەسەڵاتیان دەکەنەوە . ئەوەتا جەنگە ناوخۆیی یە کۆنە پەرستەکانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و بەشێک لە ئاسیادا ، گۆڕانی دەسەڵاتی فلانە بە فیساری دڕدۆنگ و پەیوەندی دار بە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری ئیمپریالیزمی جیهان و دەوڵەتە گەورەکانی .

هەموو ئەمانەی ئەکرێ جارێک دەڵێن گوایە ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆریانەیە و پێویستە بگۆڕدرێت بە دەسەڵاتێک کە دیموکراسی غەربی بێت و یان دیموکراسی لیبراڵی بێت . ئەمانە هەموویان بۆ چاو کوێر کردنی پرۆلیتاریاو لە خشتە بردنی بزووتنەوەکانیانە . لە ناو خۆی خۆشیاندا هەر جارەی حیزبێک دەبێتە فەرمانڕەوا. کە لەگەڵ ناوەڕۆکی سیاسی هەمان حیزبی پێشوودا جیاوازیان نابێت تەنها لە ڕێگەی ناوەکانیانەوە نەبێت . ئەوەی کە حیزبی کرێکارانی بەریطانیا ، لە ادعایەی هەڵبژاردنەکاندا هەزار ویەک وەعدەو بەڵێنی بە کرێکاران ئەداو، دەیگوت کاتێک کە کانی خەڵوزی بەرد دادەخرێت ، سیاسەتی حیزبی پارێزگارانەو ئێمە بە هەموو جۆرێک ، دژی دەوەستێنەوە و هەلو مەرجی کاری کرێکاران بەرەو چاکتر دەبەین . کاتێکیش هاتە سەر تەختی دەسەڵات ، دەیان گوت ئێمە دەبێت لەو سیاسەت و ئامانجانە لانەدەین کە حیزبی پارێزگاران گرتبوویانە بەر. چونکە لادان لێیان، دەسەڵاتی ئابوری بەریطانیا دەخاتە بەر مەترسییەوەو ئابوری نیشتمانی ڕوو لە خوار دەبێت و قورسایی سیاسیمان لە جیهان و ناوچەکەدا لە دەست دەدەین .                          هەروەها ئەوەی کە لە ئەمریکا و هەموو وولاتانی دنیادا ڕوو دەدەن لە مەڕ هەڵبژاردنەکانەوە هەر هەموویان

، شانۆگەری سیاسەتێکی مەهزەلاوی سەرمایەدارییە . هەروەها کاتێک کە حیزبی هەڵبژێردراو لەگەڵ سیاسەت و سیستەمی ئیستای سەرمایەداری شتێکی شازو ململانێ کار بێت ، بە هەمان جۆری سەرمایەدار ئەوا هەزارو یەک پیلانی خۆیانی لە گەڵدا دەگێڕن . ئەوەی لە تورکیا ڕووی داو حیزبی (ڕەفاء) ئیسلامی سەرکەوتنی لە هەڵبژارنەکاندا بە دەست هێناو سەرەڕوویی لە سیاسەت و ئامانجەکانی ئەتاتورکی یەکان دەکرد. بە جموجۆڵی جەنەڕاڵەکان و چاو بز کردنەوەیان ، ئەم حیزبەی خۆشیان ، بەرەو دادگای سەربازیان ڕاپێچ کرد . گوایە دەسەڵات ، لە تورکیادا دەبێت دەسەڵاتی عیلمانی سەرمایەداری بێت . ئەوە نەبێت ئەم دەسەڵاتەی مەزهەبییەکان لە تورکیادا ، دەسەڵاتێکی لادەربێت لە پەیوەندی یەکانی سەرمایەداری هەر لە سەردەمی ئەم دەسەڵاتەدا، ئیمزای پرۆتوکۆلێکی سەربازی کرد لەگەڵ ئیسرائیلییەکانی دووژمنی ئاینیانییان . کەواتە ئەم هەموو حیوارانەی کە سەرمایەداری پیشانی دەدەن ، هیچ نییە بێجگە لەوەی کە بتوانن زیاتر درێژە بە دەسەڵاتیان بدەن و کرێکاران لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی خۆیاندا سەرگەردان و بێ هیوا بکەن لە دەسەڵاتی دیموکراسی پرۆلیتاریا و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم .

دیموکراسی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا ، دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە، دەسەڵاتی لە ناوبردنی چینەکانە ، دەسەڵاتی لەناو بردنی کاری بە کرێ و سەرمایەیە . بۆ لە ناو بردنی چەوسانەوەی ئینسان لە لایەن ئینسانەوە دروست دەبێت ، کۆتایی بە هەموو جەنگە ماڵ ویرانکاریەکان و بێ مافی ئینسان دێنێت .

واتە دەسەڵاتی پرۆلیتاریا بۆ لەناوبردنی هەموو بێ مافی و کۆنەپەرستانەییەکانی سەرمایەدار و هەموو دامودەزگاو دیموکراسییەکەی لە کاردا دەبێت . لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوبردنی خۆشی بەند دەکات بە لەناو بردنی بۆرژوازی و سەرمایەدارانەوە . ئەم دەسەڵاتە بۆیە دیموکراسی تیایدا

بەرقەرار دەبێت تا بۆرژوازی نەتوانێت سەر دەربهێنیتەوە . لەگەڵ ئازادیدا هاوتا نابێت ، چونکە دەسەڵاتی یەک چینەو ئازادیش لە دەسەڵاتی ئەم چینەوە، بە دەست دێت، چونکە چینەکان لە ناو دەبەن . بەڵام لە دیموکراسی سەرمایەداریدا، دەسەڵاتێکی ئازادی خواز نابێت ، چونکە لەسەر دەستی بۆرژوازی چینەکان بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆیان قایم و توند ڕایان دەگرێت . بەڵام دیموکراسی پرۆلیتاریا بۆ لە ناو بردنی چینەکان فەرهەم دەبێت و ئازادیش لەم دەسەڵاتەوە بە دەست دێت . لە لای کۆمۆنیستەکان ، گەیاندنی مانای ئازادی و یەکسانی، وەک یەک بەهرەمەند بوونی ئینسانە بە هەموو پێداویستییەکانی ژیانیان و بەشداری کردنیانە لە پێکهێنەر و داهێنەرەکانی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی . دەسەڵاتی سەرمایەداری ، جەنگ و کوشتارگاکان دروست دەکات ، لە پێناوی هێشتنەوەی دەسەڵاتیان . بەڵام پرۆلیتاریا ئەو جەنگەی کە هەڵی ئەئایسێنی ، لە پێناوی لە ناو بردنی چینەکان و دەسەڵاتە شۆڕشگێڕیەکەی ، لە چوارچێوەی لەناو بردنی تەواوەتی سەرمایەدارانە ، بێ بەها سەیر کردنی ئەم دەسەڵاتە لە لایەن ئانارشیستەکان و سەرمایەدارانەوە ، بێ بەها سەیر کردنی دیموکراسی پرۆلیتاریاو گیانی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریایە لە سەردەمی سەرمایەداریدا . واتە هەموو ئەو بۆچوونانەی کە لە ژێر پەردەو بە ئاشکرا، ئەم دیموکراسی پرۆلیتاریایە ، نەفی دەکەنەوە ، بێجگە لەوەی کە لە ژێر پەردەی ئانارشیزمدا کار دەکەن ، خزمەتی گەورەش بە سەرمایەدرای و نیزامەکەی دەکەن.

لەم پەرە گراڤەی خوارەوەدا، منصوری حیکمەت، ئەیەوێت ئەوە ڕابگەیەنێ کە دەسەڵاتی دیموکراسی بۆرژوازی ، دەسەڵاتێکە لە ناو جەرگەی خەڵکەوە ، هەڵ قووڵاوە ، وە دەڵێت پێکهاتی دەوڵەتی و پەیوەندە عەمەلیەکەی لە پرس و ڕای خەڵکەوە بووە . بەم جۆرە لە وەڵامی پرسیاری (سێهەم)دا دەڵێت { ئەم دوو مەیدانە هەردووکیان، واتە پێکهات (ترکیب)ی حکومەت و پەیوەندی عەمەلی خەڵکی لەگەڵ دەسەڵاتی

دەوڵەتیداو، ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک ئەم دیموکراسی یە توێژە جیا جیاکانی خەڵک دەگرێتەوە، مەیدانی سەرەکی خەباتی سیاسی بوون و لە ئەنجامی ئەم خەباتەدا سیمای عەمەلی دیموکراسی لە خودی کۆمەڵگای ئەوروپاو ئەمریکادا تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ل ٦-٧ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا) }. مەسەلەی خەباتی سیاسیانەی بۆرژوازی یان ووردە بۆرژوازی بۆ ئەوە بووە کە بتوانن هەیبەت و دەسەڵاتی خۆیان ڕابگرن و لەگەڵ خەڵکەکەی کە منصوری حیکمەت باسی لێوە کردووە، بە بەشی خۆیانەوە بژین . هەروەها ئەو بزووتنەوانە ئەوەندە کاریگەرییان لەسەر سیستەمی سەرمایەداری نەبووە ، کە تا بتوانن بە هەر هۆیەکەوە بێت کۆمەڵێک ڕیفۆرمی سیاسی (بێجگە لەوەی ئەم ڕیفۆرمە کە بکرێت لە لایەن سەرمایەدارانەوە ، هیچ ناگەیەنێت، تەنها هێشتنەوەی سەرمایەداری نەبێت ) لە ناو دیموکراسی بۆرژوازیدا بە دەست بهێنن . لێرەدا یەک ڕاستی ئەبینرێت ، کە دەسەڵاتی دیموکراسییانەی بۆرژوازی و پێش ئەم دەسەڵاتەی کە منصوری حیکمەت باسی لێوە کردووە ، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکەیدا، هیچ گۆڕانکاریەک لە باری ئەم پەیوەندیانەدا دروست نەکردوەو ناکات . کە پەیوەندی کارو سەرمایە بگۆڕێت بۆ بارێکی تر . واتە دەست و نەخشی پرۆلیتاریا لەسەر دەسەڵاتی بۆرژوازی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهێناوە . ئەوەی کە لە ئەوروپاو ئەمریکادا دەگوزەرێ ، ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەم وولاتە ، دەست بەسەر سیاسەتی ناوەوەدا بگرێت ، یان ڕووی سیاسەتی ناوخۆ بە باشی ئاڕاستەی خۆی بگرێت و زیاتر و چاکتر چەوساندنەوەی کرێکارو هێشتنەوەیان لە چوار چێوەی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانیدا . چینی کرێکار ئەتوانێت دەنگ بە ئەندامێکی یان حیزبێکی لیبراڵی، یان دیموکرات مەسیحی یان بە ناو کرێکاری، یان دیموکرات بدەن و کورسی پەرلەمانی ئەم حیزبانە زیاد بکەن ، لە ناو پەرلەماندا . بەڵام ناشتوانن گۆڕان لە دەستورو یاساکانی ناو پەرلەماندا بکەن . بێجگە لەوەی بڕیارەکانی ناو پەرلەمان ، بە قازانجی

سەرمایەداران و کۆت و بەند کردنی کرێکاران دەبێت . ئەوان دەڵێن ملیارێک ئینسان لە ژێر باری برسێتیدان لە جیهانداو چەند هەزار منداڵ بێ خانە و لانەن لە ئەمریکادا زیاتر لە دوانزە ملیۆن کرێکار لە ئەوروپادا بێ کارن .چەند هەزار ئینسان لە ئەمریکادا شەقامەکانی نیۆرک و شارەکانی تر ڕاخەریان دەبێت و زووقم و سەرمای زستان و ئاسمان پۆشاکی شەویان دەبێت . کام بزووتنەوەی سیاسی و خەباتەکەیان ، توانیویانە ، دیموکراسی بۆرژوازی چاک سازی بکەن . ئەو بۆچوونانەی منصوری حیکمەت، بێجگە لە داتاشینێک کە بۆ ڕازاندنەوەی دیموکراسی بۆرژوازی کردوویەتی هیچی تر نیە . ئەوروپا کە ڕاسیزم و نیونازیزم بەرهەم دێنن و ڕێگریش نی یە لە لایەن خودی دەوڵەتەوەو تاوان بارکردنی کۆچ کردوانی وولاتانی ئاسیاو ئەفریقا و ئەمریکای لاتین ، گوایە بەرەنجامی بێ کارییەکەی زۆری ئەمانن . هەروەها مەحدود کردنەوەیەکی زیاتری مافی پەنابەرێتی بۆ پەنابەرەکان . واتە ئەو ئاستەی کە تەکنەلۆجیای پێیگەشتووە ، کرێکاران زروفی (هەل و مەرجی) ژیانیان خراپ تر بووەو چاکتر نەبووە.

لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیا ئێستا لە خزمەت سەرمایەداراندایە . هەروەها کرێکاران لە جاران زیاتر بێ ماف دەکەن ، دەسەڵاتی دیموکراسی سەرمایەداری هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە . ئەو تێڕوانینانەی منصوری حیکمەت زۆر مایە پوچن ، بێجگە لەوەی بەها دەدات بە دەسەڵاتی دیموکراسی سەرمایەداری، هیچ لە واقعی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری ناخاتە ژێر پرسیارەوە .

منصوری حیکمەت لە بەشێک لە وەڵامی پرسیاری( سێهەم ) دا دەسەڵاتی بۆرژوازی دەگەڕینیتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم هەڵبژاردنەی خەڵک لەسەرو کۆمەڵگاوە نی یە . دەیەوێت بڵێت ئەم هەڵبژاردنانە زۆر پاک و بێ فڕو فێڵن . دەڵێ { بەڵام بە هەر حاڵ واقعیەتێکی مەوزوعی لە مەفهومی دیموکراسیدا ووجودی هەیەو ئەویش ڕەتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتدارێتییەیە

کە تیایدا سەرچاوەی دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ سەرووی کۆمەڵگا وە یان کەس نەزانێت لە کوێوە هاتبێت . لە ڕوانگەی دیموکراسی و بیرکردنەوەی دیموکراتیکەوە نە تەنها زۆری شمشێرو بە میرات گرتنی خانەدانی و پێغەمبەرایەتی و ئیمامی و شتی وا لە باب و باپیرانەوە وەکو سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی شتیکی ناڕەوایە ، بەڵکو دەسەڵاتێکیش کە نەتوانرێ وەلا بنرێ بە شێوەیەکی گشتی، تەنانەت ئەگەر خۆشی لە سەرەتاوە لە هەڵبژاردنەوە سەرچاوەی گرتبێت، بە ناو دیموکراتیک، دەژمێرێت. بە واتایەکی تر بیرو باوەڕی دیموکراتیک و ڕژێمی دیموکراتیک، لە هەر شێوەیەکیدا بێت، دەسەڵاتی دەوڵەتی بەوە دادەنێ کە لە خەڵکەوە هەڵقولابێت. وەلام بە خەڵکی بداتەوەو بە هەر شێوەیەک بێت لە تواناداا بێت کە لە لایەن خەڵکەوە بگۆڕدرێت . جا ئەوەی کە ئەم ئیدعایە لەم یان لەو ڕێبازی دیموکراسی داو لەم یان لەو دەوڵەتدا چەندە پوچ وە یان واقعی یە، مەسەلەیەکی ترە . هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی دیموکراسی بە هەر حاڵ خوازیاری جۆرێک لە پرس پێ کردنی ڕای خەڵکە لە مەسەلەی دیاری کردنی دەوڵەتدا. ل٧( دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. ئەمەی منصوری حیکمەت کە باسی لێوە دەکات و بە ئاخر نەتیجە گەشتووە، ئەوەیە، کە ئەم دیموکراسییەی بۆرژوازی ناوەندێکی دیموکراتیک و لە پرس و ڕای خەڵکەوە دەووڵەت بە ئەنجام گیری خۆی دەگات . واتە لە لای ئەوان هەر کاتێک کە دەست بۆ هەر کارێکی دەوڵەتی دەبرێت ، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و یاساییەوە خەڵک دەست نیشانی دەکات و پلانی بۆ دادەڕێژێت و جێ بە جێ دەکرێت . ئەو تێڕوانینەی منصوری حیکمەت بێجگە، لە پاساو دەربڕین بۆ دەسەڵاتی سەرمایەداری و دانانی بە دیموکراتیک هیچی تر نیە . هەروەها سەرنج ڕاکێشانی، کرێکاران بە لای ئەم دیموکراسی یە بۆرژوازییەدا ڕاڤە دەکات و هەوڵی بۆ ئەدات . پێی وایە کە ئەو جەنگە جیهانی و ناوخۆییە کۆنە پەرستانانە بە پرس و ڕای خەڵکی کران و لێدانی بۆمبای ئەتۆمی لە شارەکانی یابان و کیمیا باران کردنی شارەکانی تری

وولاتان و جەنگی ئێران و عێراق و – عێراق و ئەمریکا ، بە پرس و ڕای خەڵکی کران. یان وەلامیان بە مانگرتنی کرێکارانی بەندەرەکانی ئیسپانیا و فەرەنسا نەدایەوە، کە دژ بە جەنگی کەنداو، مانیان لە بارکردنی پاپۆڕە جەنگی یەکانی ئەو وولاتانە گرت . ئەو بۆ چوونانەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، سیاسەتی دیماگۆجیانەی وورده بۆرژوازییە ، لەسەر دەسەلات و دیموکراسی بۆرژوازی ، کە سەرچاوەکەیان لە لای وورده بۆرژوازی لە ناو جەرگەی خەڵکەوە هەڵقوولاوە .

ئەو بۆچوونانە فریوودەرانەو ساویلکەییە کە دڵی بە دەنگدانی خەڵک و سندوقی دەنگدانەوە خۆش بکات . وا بەیانی بکەن دەنگدانەکانی پشت پەردەو درۆزنانەی بۆرژوازی ، دەنگ دانی گشتی و بە ئاشکرای کرێکارانە . کەواتە دەبێت لە کام وولاتدا دەزگای سیخوڕی و جاسووسییەکانی ئەم وولاتانە دەستیان وەرنەدابێتە دەنگ دانەکانەوە !؟ (ئەم دەنگ دانانە هەر شتێک بێت، بێگومان لە هەڵبژاردنی بۆرژوازی یانە زیاتر هیچی تر نی یە ) .

بوونی دەزگا جاسووسییەکان واتای وەرگرتنەوەی دەنگەکانە . پرسی کام توێژو چینی تر کراوە ، تا بە ئاشکرا خەڵک لە سیاسەتی دەرەوەو ناوەوەدا خۆی سەرپشک بێت لەوەی کە چی دەکات . واتە هەر ئەو کاتەی کە لە لای وورده بۆرژوازی، دیموکراسی بۆرژوازی بە دەسەلاتی شمشێرو بە میراتگرییەوە نەبەستراوەتەوە ، ئەوە لێکدانەوەکانی سەرمایەدارانە ، کە زۆر فریوکارانە دەستیان داوەتی . هەروەها هەر دەسەلاتێکی سەرمایەداری کە خوی بە دیموکراتیک بزانێت ، هیچ لەوە کەم ناکاتەوە ، کە دەسەلاتی دیموکراسی بۆرژوازییەو هەڵ قولاوە تیایدا چەوساندنەوە .

دەسەلاتی خەڵک دەسەلاتی دیموکراسی بۆرژوازییە . بەلام دەسەلاتی دیموکراسی پرۆلیتاریا تەنها کرێکارانی هوشیارو کرێکاران بە گشتی دەنگ لەسەر دەسەلات و نوێنەری شوراکانیان ئەدەن ، کە بە زۆرینەی کۆمەڵگا

هەڵبژاردنی گشتی و ئاشکرا بەرپا دەکەن . بە تێکڕای دەنگ بڕیار لەسەر بەرژەوەندی کۆمەڵگادەدەن . دەسەڵاتی خەڵک هیچ مانایەکی نامێنێت لە دەسەڵاتی دیموکراسی پرۆلیتاریادا ، لەبەرئەوەی بێجگە لەوەی دەسەڵاتی خەڵک دەسەڵاتی سەرمایەدارانە هیچ شتێکی تر نابەخشێت.

هەروەها لە وەڵامی پرسیاری (سێهەم) دا، لە لایەک دەیەوێت ئەوە بڵێت کە گوایە دیموکراسی بارێکی باشتری هەیە لەم بارە ئابوری و کۆمەڵایەتییەی ئێستا . منصوری حیکمەت ئەڵێت { لەوەش گرنگ تر (واتە هەر دوای ئەو بەشەی سەرەوە کە لە وەڵامی پرسیاری سێیەم دا منصوری حیکمەت داویەتەوە. (ن)) ئەوەیە کە دیموکراسی و دیموکراسی خوازی خۆی لە خۆیدا لە بەرامبەر پێکهات (بنیە)ی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی یە ئابوری یەکان کوێرە . بە واتایەکی تر هەل و مەرجی ئابوری مەوجود، دەوری دەوڵەت، جێ و شوێنی ئینسانەکان لە بەرهەم هێنان و پەیوەندی یەکانی موڵکایەتیدا دابەش بوونی خەڵکی بۆ توێژو چینە جیا جیاکان و شتی لەم بابەتە، دام و دەزگا سیاسی و ئیدارییە مەوجودەکان، لە ڕوانگەی دیموکراسی دیموکراتیزمەوە هەر ئەوەیە کە لە ئارادایە. ل٧ (دیموکراسی لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا) .} ئەوەی کە منصوری حیکمەت تێگەیشتنی خۆی لە ناوەڕۆکی دیموکراسی دەدات بە دەستەوە ، ئەوەیە کە ئەبێت دیموکراسی بۆرژوازی بتوانێت، هەلوومەرجەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەم ئاستەی ئێستا باشتر بکات . واتە ئەوە وونە لە لای کە دەسەڵاتی دیموکراسی بۆرژوازی ، ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی هەیە بە هەموو پلان و پێکهاتەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمەوە . واتە کوێر نیە لە ئاست هەموو ئەو هەلو مەرجانەدا کە دەی خوڵقێنێ بۆ بە دەست هێنانی بەهای پۆڵی زیاتر. هەروەها ئەو ضەریبەیەی کە لە ئەوروپادا بەشێکی زۆر لە (تخطیط)ی پلانی ئابوری گرتووەتەوە، سیاسەتی ئابوری سەرمایەداری ئەوروپی کوێر نییە لە بەرامبەر دەسەڵات و دیموکراسی یەکەی . هەروەها

ئەو تیۆریزە کردنانەی ووردە بۆرژوازی بۆ کلک و گوێ ڕازاندنەوەی سەرمایەداری دەوڵەتیە ، کە لە ڕێگەی دەوڵەتەوە سەرمایەو سەرچاوەی ئابوری ئەخاتە ژێر ڕکێفی کۆمەڵێک لە سەرداران و خاوەن دەسەڵات . هەروەها بەشی تایبەت و بەشی تێکەڵ و گشتی لە ئابوری دا هەیەو لە لایەکی ترەوە چەند خێزانێک سەرچاوەی ئابوری وولاتێکیان لە دەست دایەو بەشداری ڕاستەوخۆشیان لە پەرلەمانەکان و دەوڵەتیاندا هەیە.

هەموو ئەم مۆدیلانەی سەرمایەداری، هیچ ناوەڕۆکێکی جیاوازی یان نیەو هەمووشیان دەربڕی پەیوەندی سیاسی و ئابوری سەرمایەداری و دیموکراسی دەسەلاتەکەیانن . کاتێک جەنگێک لە ڕووی سیاسی و ئابورییەوە پەیدا دەبێت لە نێوان چەند دەوڵەتێکی گەورەی ئابوری جیهان و لەسەر دابەش بوونی جیهان بۆ ناوچەی مۆنۆپۆلی جیاجیا ، دەست دەدەنە هەموو وەسائیلێکی خۆیان . واتە سەرمایەداری و دیموکراسییەکەی کوێر نین لەسەر بەرژەوەندی یەکانیان ، کوێر نین بۆ چۆنیتی بە دەست هێنانی سەرمایەی زیادە . ئێمە گلەییمان لە دیموکراسی بۆرژوازی نیە و بەکوێریشی نازانین . دەڵێین پێکهاتەی دیموکراسی و سیاسی ئەم دەسەلاتە لەسەر کاری بەکرێ و سەرمایەو چەوساندنەوە ڕاگیراوە . داواکاری هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی بۆرژوازی بۆ کرێکاران ، وەلامی شۆڕشگێڕانەی دەیەوێت نەک گلەیی کردن لە دەسەلاتیان . چونکە نەقابەکان و اتحادیە کرێکارییە ڕیفۆرمیستەکان دەکەنە وە سیطی سوڵح و ئاشتی نێوان کرێکاران و سەرمایەداران . چونکە ئەم ڕێکخراوانە خاوەن کارو کرێکاریش لە پەیوەندی سەرمایەداریانەیاندا دەهێڵێتەوە . واتە سەرمایەداری دەسەلاتێکی بیروکراتی کەمینەی کۆمەڵن بەسەر زۆرینەی کۆمەڵدا . واتە ئێمە دەبێت بە هێزێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتیمان ، بە تێزێکی مارکسیستیانە لەگەڵ نیزامی سەرمایەداریدا مامەڵە بکەین وبیخەینە ژێر ڕەخنە و هێزی خۆمانەوە .

له بەشێک لە وەڵامی پرسیاری (سێیەم)دا منصوری حیکمەت دەڵێت { چ لە ڕووی تیۆری یەوەو چ لە ڕووی واقعی یەتی مێژوویی یەوە، داواکردنی دیموکراسی بە مانای داواکردنی ((سەرمایەداری دیموکراتیک))ە . ل٨ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا) }. چی وا لە منصوری حیکمەت دەکات کە ئەم دەستەواژەیە بدات بە دەستەوە . بێگومان ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی تێئوری ئەوەیە کە دوو جۆر لە تێئور هەیە ، بۆ مێژوو گۆڕان کاری و نە گۆڕانی . لە لایەک تێئوری بۆرژوازی هەیە کە دەیەوێت دەسەڵاتی سەرمایەداری، ڕەونەقترو باشتر پیشان بدات و پەیوەندیەکانی لە ئاستێکی زیندوودا بهێڵێتەوە . وە ئەو تێئورییەی کە پەیوەندی بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی یەوە دەگرێت ، وە بۆ ئەو گۆڕانکارییە مێژووییە ، چینی کرێکاری بە تاقە چینی شۆڕشگیری ئەو گۆڕانکاری یە دەبینێت . چونکە کرێکارانی کۆمۆنیست ، گۆڕانکاری پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابوری بە دەست دەهێنن و هێزی چینی کرێکاری بۆ هەڵئەخرێنن و گۆڕان بە هەموو مانا و بەهاکەی سەرمایەداری و سیستەمەکەی ئەدەن . وە پێویستە بۆ ئەم گۆڕانکاری یە دەسەڵاتێک هەبێت . بێگومان دەسەڵاتی کرێکاران کە دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی کرێکاران دەبێت لە مێژووی خۆیاندا ، ئەم دەسەڵاتەش هەڵگری مەفاهیمی دیموکراسی خۆی دەبێت . چونکە ناکرێت دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی سەرمایەداری هەبێت و پێویستمان بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی پرۆلیتاریا نەبێت بۆ لە بەین بردنی هەموو ئاسەوارەکانی سەرمایەداری کە بێ ئەم دەسەڵاتە ئیمکانی جێ بە جێ کردنی زۆر کەم شانس دەبێت . ئەوەی کە داواکاری دیموکراسی پرۆلیتاریاش بین بە دیموکراسی بۆرژوازی لە قەڵەم بدرێت ، هیچ ناگەیەنێت بێجگە لە هاوتا بوونی بڕواو بۆ چوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەگەڵ تێزی ئانارشیستەکان لەسەر مەسەلەی دیموکراسی پرۆلیتاریا . ئەو بەیان کردنانەی کە گروپی خەباتی پرۆلیتاریا لە گۆڤاری (خەباتی پرۆلیتاریا) دا لەسەر دیموکراسی داویانە بە دەستەوەو هەردوو جۆرە جیاکەی چینە جیاوازەکان بە

دیموکراسی سەرمایەداری و دەسەڵاتی سەرمایەداری لە قەڵەم دانیان بێجگە لەوەی کە لەگەڵ ئانارشیزمدا هاوتا و لە کانیاوی باکۆنیزم و برۆدۆنیزمەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووەو لەگەڵ بۆچوونی منصوری حیکمەتدا هاوڕان .

ئەو جیاکردنەوەیەی کە دەکرێت لە نێوان ناوەڕۆکی بڕیارەکان و دیموکراسی و دەسەڵاتی سەرمایەداری ئەوە دەگەیەنێت کە دیموکراسی هەڵبژاردن جیا دەکاتەوە لەو ناوەندەی کە تیایدا هەڵبژیراوە . منصوری حیکمەت لە وەڵامی پرسیاری (چوارەم)دا دەڵێت { دیموکراسی قاڵبێکی حقوقی یە بۆ پرۆسەی بڕیاردان، نەک شێوە (نمط) و معیارێک بۆ ناوەڕۆکی خودی بڕیارەکان . ل١٣ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا) }. حقوقی بوونی ئەو بڕیارانە ، لەو دیموکراسی یەدا، بتوانێت ئەو نوێنەرە هەڵبژێرێت کە لە ناوەندی حیزبێکی دەسەڵاتدار یان ئۆپۆزسیۆن کە خۆی هەڵبژاردووەو کەمپینێکی ئیعلامی بۆ هەڵخرێنراوە کە بە هەر چوار پەل سەما دەکات ، ئەو کاتەی کە دیموکراسەیەتی هەڵبژاردن و هەڵبژاردن، فۆرمێکی حقوقییە لەگەڵیدا . ناوەڕۆکی بڕیارەکانیش دەربڕی خواستی دیموکراسییەکەیەتی ، واتە لە یەکتر جیا نین . ئەو تێڕوانینەی کە پێیوایە شکڵی و ناوەوەی هەر قانون و قەرارێک لێک جیایە ، تەنها هەڵێنجاوی میتافیزیکە . هەر چۆنێک دەست بەرێت، بۆ بێ مافی کردنی ئینسان و دژ بە ئازادی خوازی بێت ، حقوقی دیموکراسی یەکەی ، دژ بە هەموو ئەو مافانە یە . واتە ئەوەندە ئیشی (کاری) بە جەماوەری خەڵک هەیە، کە تەنها لە دەنگ بەم سەرۆک حیزب یان ئەو سەرۆک خێڵ بدەن و لەو لاشەوە تەختی پاشایەتی ، پیرۆزو بەڕێز ڕاگرن و پاپایەک بۆیان تێ بکەوێت و نوێژیان بۆ بکات تا بتوانێت ئاشتیەکی جیهانی دروست بکات .

بێجگە لە فرت و فێڵەکانی سەرمایەداری نەبێت بۆ داگیر کردنی زهن و فیکری ئینسان و داخوازییەکانیان لە چوارچێوەی ڕەحم و بەزەیی یەکانی یەزداندا بۆ قەتیس بکات ، وا بگەیەنێت کە پەرلەمانتارەکان و

دیموکراسییەکەیان دڵیان نەرم بێت ، هیچ نین بێجگە لە دەستەمۆکردنی کرێکاران و لادانیان لە ڕەووتی شۆڕشگێڕانەیان.

بە دەست هێنانەکانی ئازادی و یەکسانی دەکاتە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی دیموکراسی یانەی پرۆلیتاریا . کەواتە ئەو سیاسەتە ئیعلامیەی کە لەگەڵ بەرژوەندی یەکانی سەرمایەداریدا بۆ هەڵژاردنەکانیان و نوێنەرەکانیان ، تەواوکەری یەکترین و لێک جیاواز نین .

لە بەشێک لە وەڵامی پرسیاری (نۆ)دا منصوری حیکمەت دەڵێت { بە تێڕوانینی من ، مەرجی پێویستی ئازادی ، شۆڕش کردنە دژی ژێر دەستەی چینایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی، کۆمەڵگای نایەکسان . کۆمەڵگایەک کە نایەکسانی وەک سیفەتێکی بنەڕەتی خۆی هەمیشە بەرهەم دێنێتەوە، ناتوانێت جێگەی ئازادی و ئیرادەی ئینسان بێت . دیموکراتی لیبراڵی و ڕژێمی پەرلەمانی، بە هەر مەفهومێکی ئازادیشەوە کە پاڵ پشتی فیکری بێت، نیزامێکی سیاسی یە بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆمەڵگایە و بۆ هەڵاواردنێک کە بنەماکەی پێک دێنێت . ل ٢٧ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا) }. ئەم بۆچوونەی سەرەوە ئەوە ڕادەگەیەنێت کە دەسەڵاتی دیموکراسی پرۆلیتاریاو دەسەڵاتی دیموکراسی بۆرژوازی یەکسان دەبن ، ئەیەوێت لەو ڕێگەیەوە نەفی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بکات . کە دەڵێت کۆمەڵگای نا یەکسان، کۆمەڵگایەک کە نایەکسانی وەک سیفەتێکی بنەڕەتی خۆی هەمیشە بەرهەم دێنێتەوە ، ناتوانێت جێگەی ئازادی و ئیرادەی ئیسان بێت . واتە لە ڕێگەی ئەم دەستەواژەیەوە دەیەوێت بڵێت کە شۆڕش دەبێت ڕاستەوخۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بگوێزرێتەوە . لە بنەڕەتەوە ئەم بۆچوونە بۆچوونی ئانارشیستەکانە . واتە ناکرێت سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بە دەست بێت و دیکاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەسەڵاتی خۆی ممارەسە نەکات . شۆڕش کردن بەتەنها ناتوانێت سەرمایەداری لە ناوببات ، پرۆلیتاریا دەسەڵاتی بەدەستەوەنەگرێت . لەبەرئەوەی

سەرمایەداران دوای شۆڕشیش کۆتایی تەواوەتیان نەهاتووە ، کون و کەلەبەر بۆ خۆیان دەدۆزنەوەو دەردەچن و بۆیان بکرێت کۆسپ لە بەردەم دامەزراندنی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمدا دروست دەکەن .

شۆڕش مانایەکی فراوانتری هەیە ، چونکە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە تەواوکەری ناوەڕۆکی شۆڕشە بەدەست هێنەری ئامانجی دووری ئینسانەکانە . نەوەک بە مجەرەدی باس بکرێت و لەو ڕێگەوە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بخرێتە ژێر لێوەوەو دیماگۆجیانە ڕەفز بکرێت و یەکسان بکرێت بە دەسەڵاتی دیموکراسی سەرمایەداری .

جیاکردنەوەی ناوەڕۆکی دیموکراسی و دەوڵەتی سەرمایەداری لە لای منصوری حیکمەت بەشێکی قسەو باسەکانی گرتووەەتەوەو لە وەڵامی پرسیاری (یازدە)دا دەڵێت { دیموکراسی مەفهومێکە پەیوەندە بە شەرعیەت پێدانی دەوڵەتەوە، نەک بە جێگیر بوون وە یان دیاری کردنی شەخسیەتی سیاسی دەوڵەتەوە، دەوڵەتی دیموکراتیک دەوڵەتێکە کە مەشروعییەت و قانونی یەتەکەی لە دەنگ دانی خەڵکەوە وەردەگرێت ، بەڵام خودی ووجودی دەوڵەت دەسەڵاتەکەی، ئەو بەرژەوەندی یانەی کە بە شوێنیانەوەیەو ئەو چینەی کە دەوڵەتی لە دەست دایە لە ڕێگەی دەنگ دان و پەرلەمانەوە دیاری ناکرێت و لە ڕێگەی پەرلەمانەوە نا پارێزرێن ئەمانە ئیتر لە دەرەوەی پرۆسەی دیموکراتیک و لە جەرگەی خەباتی چینایەتی بەرین ترو بە وەسائلی جیاوازەوە ئەنجام دەدرێن. ل٣٠ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا) }. ئەم لێکدانەوەیە لە لێکدانەوەکانی ووردە بۆرژوازییەوە هەڵئەینجێ . واتە منصوری حیکمەت وا تێدەگات لە دەسەڵات و دیموکراسی سەرمایەداران ، دوو شتی لێک جیان و لەگەڵ یەکدا ناکۆکن . هەر دەسەڵاتێک دەربڕی دیموکراسی دەسەڵاتی چینایەتی خۆیەتی ، واتە شەخسیەتی کۆمەڵگای سائید، لە مەفهومی دەسەڵاتدارانەوە بۆ دەوڵەت دیاری دەکرێت، وە شەخسیەتی سیاسی دەوڵەت ، شەرعیەتدانی دەوڵەتە بە دیموکراسی یەکەی

خۆی . واتە نە دەسەڵاتی سەرمایەداری مەفمومێکە و نە دیموکراسییەکەشی جیایە لێی . واتە ئەو ناوەندیتییەی کە بۆرژوازی سەرمایەداران، لە پەرلەمان و مەجلیسەکانیاندا هەیانە ، هەمان ئەو پەیوەندییە دیاری دەکات ، کە لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی دەسەڵاتیدا هەیەتی . هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە مەشروعیەت و قانوونییەتەکەی کە لە دەنگدانی خەڵکەوە وەردەگرێت ، یان خەڵک دەنگ نادات . ناگاتە ئەوەی کە دەوڵەتی دیموکراتیکی بۆرژوازی پارێزگاری لە چەوساندنەوەی کرێکاران ناکات. بەڵکو هەموو دەسەڵاتدارێتی سەرمایەداری سەرچاوەی پێشێل کردنی مافی کرێکارانە . بەڵام دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کە پێویستی مێژوویی خۆی هەیەو دەسەڵاتەکەی لە دیموکراسی پرۆلیتاریاوە سەرچاوەی گرتووە .

بۆ کرێکارانی هۆشیارو کۆمۆنیست ، ئەو دەسەڵاتە لە چوارچێوەی پەرلەمانەکاندا خۆی نابینێتەوە . بەڵکو ناوەندی هەڵبژێراوی شورایی و دەسەڵاتی شوراییە کە چینی کرێکار بە دەستیەوە دەگرن . کەواتە خەڵک بە مانا گشتی یەکەی سەرچاوەی دەسەڵاتی شورایی نابن ، بەڵکو چینی کرێکار لەم دەسەڵاتە بەهرەمەندە کە ناوەندی دیموکراتی ئەو دەسەڵاتە دەگەیەنێت . شوراکان  هەڵبژاردنی گشتی و ئاشکرای کرێکاران ، شەخسیەتی ئەم دەسەڵاتە دەست نیشان دەکات کە دیموکراتیک ترین دەسەڵاتە . چونکە لە زۆرینەی کۆمەڵگا پێک دەهێنن و لە پێناو ئازادی و یەکسانی دا دروستی دەکەن .

عبداللەی مهتدی لە وەڵامی پرسیارێکی دا دەڵێت { ئەگەریش بمانهەوێ بە زمانی دیموکراسی و بە پێوانەی دیموکراسی قسە بکەین دەبێ بڵێین بە پێچەوانەی ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسی لیبرالیزم، شۆڕش و ڕاپەڕین ((دیموکراتیک)) ترین کارەکە دەتوانێ سەربگرێ . ل٤٤-٤٥ (سۆشیالیزم و پەرلەمەنتاریزم)}. ئەوەی کە ووردە بۆرژوازی دەستی داوەتێ لەشی کردنەوەکانی سەرەوەدا ، تەنها بە زهن و فکری ئەواندا دێت کە جارێک

پێوانه به دیموکراسی بکرێت و جارێکی تر ڕەخنەی لێ بگیرێت . له بارێکیدا دەیەوێت بڵێت هەموو دیموکراسییەکان یەکن و جارێکی تریش بڵێت دیموکراسی له لیبرالیزم جیایەو زۆر دژ به یەکن. هەروەک چۆن له پێشەوە منصوری حیکمەتیش هەمان پرۆسیسی دەکرد . هەموو دیموکراسییەکان بێجگه له دیموکراسی پرۆلیتاریا ، یەک مانای سەرمایەداری دەگەیەنن . تێکەولێکەیەک که له تصنیف کردنی دیموکراتییەکانی بۆرژوازی له لایەن منصوری حیکمەت و عبداللەی مهتدی یەوە دەدرێت به دەستەوە...

نه له لای بۆرژوازی و دیموکراسی بورژوازی، نه شۆڕش و ڕاپەرین دیموکراتیک ترین کردارەو نه چینی کرێکاریش شۆڕش گێڕ دەبێت . بەڵکو له لای سەرمایەداران، کرێکاران، ئاژاوە گێڕو تێکدەرن . له سەردەمی سەرمایەداراندا بۆرژوازی شۆڕش گێڕ نیه . شۆڕش گێڕبوونیش بۆیان شتێکی زۆر بێ مانا و بێ ناوەڕۆکه . هەروەها شۆڕش گێڕترین کار تەنها له ئەستۆی کرێکاراندایەو ئەویش دەتوانێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی له پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابوری سەرمایەداریدا به دەست بهێنێت و دنیای ئازادو یەکسان پێک بێت . هەموو ئەو وێنه کردنانەی ووردە بۆرژوازی بۆ سەر لێتێکدانی کریکارانەو هێشتنەوەی دەسەڵاتی سەرمایەداری یه به ناوی دیموکراتیک ترین بار .

ئەو پێشڕەفتانەی که عبداللەی مهتدی له پەرلەمانەکانی بۆرژوازی دەیبینێت و دڵی پێ خۆش دەکات ، خراپیەکانی پەرلەمان و دەسەڵاتەکەیان دەخاتە ژێر پەردەی سیاسی و دیماگۆجیانه باسیان لێ دەکات و له وەڵامی پرسیارێک دا دەڵێت { هیچ گومان لەوەدا نی یه که دیموکراسی بۆرژوازی به پەرلەمانەکەیەوە پێشڕەفتێکی گەورەیه له چاو ستەمکاری و سەرەڕۆیی سەدەکانی ناوەڕاست، تەوەقوع و چاوەڕوانی بەشەرو ئەڵقەی داخوازەکانی بەرینتر دەکاتەوە، سیستەمی باب مەزنی و ئاغا فەرمایی که تێیدا ئینسانەکان خۆیان به ڕەعیەت و پیاوی حکومەت و دەسەڵاتداران دەزانن و هیچ شتێک

به مافی خۆیان نازانن و کۆمەڵ بەم پێ یە دابەش کراوە ، لەناو دەچێ و بە جێگای ئەوە هاووڵاتی دیتە کایەوە کە کەسێکە لە باری قانونی یەوەو بە ڕواڵەتیش بێ خاوەنی مافی بەرابەرە . ل٥١ (سۆسیالیزم و پەرلەمەنتاریزم)}.
وورده بۆرژوازی دڵی بە کام پێشڕەفتییەی سەرمایەداری خۆشەو چ سەرەڕۆییەک لە ناو چووەو دەسەڵاتی یەکسان و ئازادی ئینسان پێکهاتووە.. پێشڕەفتەکانی ئەم سەردەمەی سەرمایەداری ، لە تاقیگەکانیان دایە کە بەدەمانچەی حقنە، ڤایرۆسی ئیبۆلا ئەخەنە گیانی گوند نیشینەکانی ئەفەریقاوە و ڕووی خەتەرناکی ئەم ڤایرۆسە لەسەر گیانی ئەم ئینسانانە تاقی دەکرێتەوەو توانای کوژەری ئەم ڤایرۆسە دەست نیشان دەکەن ، وە پێشانی ئینسانی سەر زەوی دەدەن، کە دەست بەسەراگرتن و بەرەڵاکردنی لە دەستی ئەواندا پیشان دەدرێت .

هەروەها نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە و تووش بوونی ئینسان دەبێتە هۆی لە ناوبردنی . واتە ئەم نەخۆشییانەی هی سروشت نییە و بە دیاری بۆ ئینسانی سەر زەوی دەهێنن ، لە ڕێگەی پیتاندنیان لە ناو تاقیگە کەیاندا . هەروەها ستەمی ئەمڕۆ کەی سەرمایەداری، ستەمی کاری بەکرێیە بۆ ئینسانی کرێکارو بێ ماف کردنیانە لە ژیانێکی شایستەی ئینسان . لە پێشەوەدا قسەی زۆرمان لەسەر کردووە . کام ستەم لەو ستەمانە گەورەترن کە لە دوو جەنگی جیهانی و جەنگە کۆنە پەرستانەکانیان بە ملیۆنەها ئینسان بووەتە سووتەمەنی ئەم سیستەمەو بۆ کەڵەکە بوونی سەرمایەیان ئەوەی کە لە جەنگی کەنداودا ڕووی داو زیاتر لە سێ سەد هەزار ئینسان بوونە قوربانی تاقی کردنەوەی توانا تەکنەلۆجیە سەربازیەکانی ئەو وڵاتانەو ململانێییەکانی نێوان خۆیان لەسەر حیسابی گۆشت و ئیسقانی کرێکاران جێ بە جێ و یەکلایی دەکەنەوە . واتە سەرەڕۆییانەی کە لەم سەردەمەدا دەکرێت هیچی کەمتر نی یە لەو سەرەڕۆییانەی لە سەردەمی باب سالاری و کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی دا

کراون . برسێتی و بێ خانەو لانەیی بەشێکی زۆری ئینسان لە جیهاندا، هاوتای کاری بە کرێ و سەرمایەیە .

واتە بێ کار کردن و نەبوونی مافی ژنان و ئیهانە بە ژیان و حورمەتی ئینسانیان لە کام جێگای نیزامی سەرمایەداریدا ئینسانەکان خاوەنی مافی یەکسان و ئازادن !؟ ئەوەی عبداللەی مهتدی لەم پەرەگراڤەدا باسی لێوە کردووە ، شەرعیەت دانی تەواوەتی یە بە سەرمایەداری و دیموکراسییەکەی بە هەزارو یەک بەهانەی ووردە بۆرژوازییانەوە . دەسەڵاتی سەرمایەداری لەبەر چاوی کرێکاران ڕوو سورو بە دیموکراتیک ترین بار لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوودا باسی لێوە بکات . واتە بۆ کۆمۆنیستەکان بێ ئیعتبار کردنی ئەم تێڕوانینانەو دەسەڵاتی دیموکراسی سەرمایەداری ئەرکیانە . هەروەها پێشڕەفتی لە لای کۆمۆنیستەکان، بە دەست هێنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا . ئەو لێکدانەوانەی کە لە سەردەمی باب مەزنی و ئاغا فەرمایی دەکرێن و کە ئینسان خۆیان بە ڕەعیەت و پیاوی حکومەت و دەسەڵاتداران دەزانن و لە بەرامبەردا دیموکراسی سەرمایەداراندا بە جیاواز و دوور لە سەرەڕۆیی دەزانرێت . پاساودانێکی زۆر بێ ماناو پووچە بۆ باشتر ڕاگرتنی دەسەڵاتی سەرمایەداران لە لایەن ووردە بۆرژوازی یەوە . هەروەها بۆ عبداللەی مهتدی بەهاووڵاتی بوونی ئینسانەکان پێشڕەفتێکی گەورەیە . کە هاووڵاتی لە نیزامی سەرمایەداریدا وون کردنی ناونیشانی کرێکارانە لە شۆڕش و بزووتنەوەکانیاندا . واتە کاتێک بڕیاری سەرۆکایەتی لە عێراقدا ، لەسەر بە فەرمانبەر کردنی کرێکاران ، لە ساڵەکانی هەشتاکان و جەنگی ئێران عێراقدا ، بۆ سڕینەوەی ناوی کرێکار بوو لە خەبات و شۆڕشیانداو بێجگە لەوەی کە هەندێک لە ئیمتیازو علاوەیان لێ بڕاو کران بە گەرووی جەنگ و سەرمایەداراندا . وە لە ئێرانی ئیسلامیدا جیاوازی مەزهەبی شیعەو سونی دەکرێتە مەسەلەی کرێکاران و کرێکاران وەک چین و بزووتنەوەکەیان لە

چوارچێوەی ئەم مەزهەبەدا لە مەنگەنە ئەدەن . ووردە بۆرژوازی ڕووکاری شتەکان لە کرۆکی مەوزوعی شتەکان جیا دەکەنەوەو لێکدانەوەیەکی ڕیاکارانە بۆ سەرمایەداران دەدەن بە دەستەوە .

## دیموکراسی و بزووتنەوەکان

بزووتنەوە جیا جیاکانی کۆمەڵ، بزووتنەوەی داواکاری یە جیا جیاکانن . واتە هەموو ئەو بزووتنەوانە ، لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و فەلسەفەی ووجودی بزووتنەوەکەیدا ئیش و کارەکانیان دەبەنە ڕێوە . هەر بزووتنەوەو لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و لەسەر ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەیدا ، داواکاری و بەرژەوەندی خۆی هەیە . ئەوەی کە لە بزووتنەوەکانی ، سەندیکالیست وهەروەها بزووتنەوەی ووردە بۆرژوازی و بزووتنەوەی ژنانە و نەتەوایەتی لەسەر دەستی بۆرژوازی و ووردە بۆرژوازی ، یان ڕێکخراوە چەپەکان و هەروەها بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی چینی کرێکار. هەریەکە لەمانە ناوەندێکی تایبەت و دیموکراتی خۆیان هەیە ، داواکاری سیستەمیکی دیموکراتی و یان باشکردنی هەلوومەرجی کار کردن و ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسانن بە بڕواو بۆچوونی تایبەتی کە دەربڕی واقعی کۆمەڵایەتی و سیاسی یانە .

ئەو ناوەندەی کە لەناو سەندیکاکاندا، ناوەندی دەسەڵاتدارانن ، پارێزگاری لە پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکارو سەرمایەدار ئەکەن . چونکە ناوەندی سەندیکالیزم ناوەندی بزووتنەوەی سوڵح و ئاشتی نێوان چینی کرێکارو سەرمایەدارە . ئەم بزووتنەوانە لە چوار چێوەی

دانیشت لەگەڵ دەوڵەت و خاوەن کارەکاندا ، داواکاری کریکاران دەکەنە قوربانی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ سەرمایەداریدا . پاشەکشە بە داخوازی کرێکاران دەکەن لە بەرامبەر سەرمایەداراندا .

لە بزووتنەوەی دیموکراسی ووردە بۆرژوازیدا ، لە داوای مافی نەتەوەییدا ، کاتێک کە ئەم مافە بەرز دەکەنەوە و بە دەوریدا دەسوڕێنەوە ، دەیانەوێت لە ناوەندی بزووتنەوەکەیاندا ئەوە بۆ خۆیان دابین بکەن ، بتوانن بەشێک لە ئابوری خۆوولاتیان بە دەست بهێنن ، یان بە ووتەی خۆیان بۆرژوازی نیشتمانیان لە ژێر چەپۆکەی بۆرژوازی مۆنۆپۆڵی سەرمایەدارانی گەورەی جیهانی ڕزگار بکەن . زۆر جار ئەمانیش دەست تێکەڵ دەکەن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاراندا و یان بزووتنەوەی کرێکاران بە دوای شیعارو ئامانجەکانی خۆیاندا ڕیز دەکەن . ئەوەی کە لە حیزبەکاندا دەگوزەرێت، لە حیزبی ووردە بۆرژوازی و بۆرژوازی ، بۆ کەسێک یان ئەندامێکیان نییە کە لە بنکەدا بێت و بەرەو لوتکە هەڵکشێ .ئەمانە هەر هەموویان هەڵقولاوی بزووتنەوەی دیموکراسی بۆرژوازین ، یان بۆ دیموکراسی بۆرژوازی لە خزمەتدان.

لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری یەکاندا ، مارکسیزم مەشخەڵی بڕواو بۆچوونەکانیانە دیموکراسییەکانیان دیموکراسی چینی کرێکارەو بۆ داخوازییە مێژوویی یەکانیان لە بزاوتن و هەوڵدان . بزووتنەوەی خۆیان دژ بەو بزووتنەوانەی ووردە بۆرژوازی و بۆرژوازییانە دەخەنە گەڕ کە هەندێک جار دەبنە دەزگای سیخوڕی و جاسوسی بۆ سەرمایەداران . بێجگە لەوەی کە گیانی سازشکاری و چۆک دادان لە بەردەم سەرمایەداریدا دەخەنە دەستوری کرێکارانەوە . کەواتە بزووتنەوەی دیموکراسی پرۆلیتاریا ، جیاوازی ڕیشەییان هەیە لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراسییە ووردە بۆرژوازی و بۆرژوازییەکان .

منصوری حیکمەت لە وەڵامی پرسیاری (سێ)دا دەڵێت { لە ڕووی عەمەلی یەوە، دیموکراسی ئەو عیبارەتەیە کە توێژێک وەختێ بیەوێ ئیعتراز بکات بە مەحروم بوونی قانونی وە یان دوو لایەنەی خۆی لە مافی بەشداری کردن لە پرۆسەی بڕیارداندا، بزووتنەوەکەی خۆی پێ ناو دەبات . بە ڕای من سیفەتی هاوبەش و گشتی دیموکراسی لەمە زیاتر نی یە . دیموکراسی خۆ بە خۆ هەل و مەرجێک یان ڕژێمێکی سیاسی و دەستوریکی دیاری کراو نی یە ، وە یان تایبەت بە کەسێک نی یە ، بەڵکو بزووتنەوەیەکی هەمیشەیی توێژە پشت گوێ خراوەکانە بۆ بە دەست هێنانی ئەو مافانەی کە ئەوانی تر هەیانە لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی دا . ل٨-٩ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. بە پێی ئەو ڕوون کردنەوانەی لەسەرەوە کردمان جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ئەم بۆچوونانەی منصوری حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئەوانە لە پێش ئەویشدا لێکدانەوەکانیان هەمان ناوەڕۆکیان هەیە . واتە کاتێک توێژێک اعتراز بە بێ بەشی و بێ مافی خۆی دەکات ، لە کۆمەڵگادا ، چ لە باری مافە سەرەتایی و مافەکانی هەڵبژاردنەوە بێت ، توێژگەلێکی ووردە بۆرژوازی بێت ، ئەوا ناوەڕۆکی داواکارییەکان و ڕەوا بوونی داخوازی یەکانیان ، بە پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە دەست نیشان دەکرێت ، کە چ پەیوەندییەکیان هەیە بەنیزامی سەرمایەداری و لە کام شوێنی پەیوەندییەکانیاندا قەرار گرتوون . چوونکە ناکرێت ووردە بۆرژوازی ئەڵقە لە گوێی بەردەوامی سەرمایەداری ، لە نیزامی سەرمایەداریدا داوای ڕەوای هەبێت . هەروەها لە ڕووی دیموکراسی خوازی ئەم توێژەوە ، ناوەندی دیموکراسی خوازییەکەی ، پەیوەندی توند و تۆڵی بە بەرژەوەندی و سیستەمی سەرمایەداری یەوە دەبێت . واتە ئەو داخوازیانەی کە لە بزووتنەوەی توێژ گەلێکی ووردە بۆرژوازی و بۆرژوازیدا هەیە ، داخوازی ڕەوای کرێکاران نابن لە سیستەمی سەرمایەداریدا و جیاوازی بنەڕەتی و ڕیشەییان هەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارو داوا ڕەوا مێژووییەکانی لە ئەم سیستەمەدا . واتە ڕەوا بوونی داواکان ئەوەیە کە

ئاراستەی ڕەووتی مێژوو ئەوەستێنێ و کۆنە پەرستی بەرهەم ئەهێنێتەوە . بەڵکو ئاڕاستەکەی بە تاودانێکی خێراو ڕەوا بەرەوو پەیوەندییە ڕەواکانی ببات . کاتێک کە پرۆلیتاریا لە بزووتنەوە کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕییەکەیدا ئالا هەڵگری بە دەستهێنانی دیکتاتۆریەتی خۆیەتی ، ڕەواترین داوای ئەم چینەیە لە نیزامی سەرمایەداریدا . چونکە ووردەبۆرژوازی ، لە چوارچێوەی داواکارییەکانیدا ، پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات و سیستەمی سەرمایەداریش دەپارێزێ و بزووتنەوەکانی بۆ بەدەستهێنانی بەشێک لە ئابووری سەرمایەدارییە بۆ خۆیان . واتە ئەمان نایانەوێت نیزامی سەرمایەداری لە ناو بچێت ، بەڵکو ئەی ڕازێننەوەو گوڵی خۆیانی بە بەرۆکدا دەکەن . کام قانون و کام تیئۆر، داخوازی ئەم دوو چینە دەکات بە یەک داخوازی و هەردووکیان بە ڕەوا لە قەلەم ئەدات !؟ ناکرێت لەبەر ئەوەی کە دیموکراسی بۆرژوازی بۆگەنی کردووە و دیموکراسی پرۆلیتاریش لە بزووتنەوەی داخوازی یەکانیانیاندا بێ بایەخ و یەک جۆر سەیر بکەین لەگەڵ سەرمایەداریدا . ئەو تیئۆرەی کە لە یەکتریان جیا ناکاتەوە ، ئەوە تەنها لە بۆچوونەکانی ئانارشیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاریدایە . ئەو داخوازییانەی کە بە داخوازی ڕۆژانە و ڕیفۆرم و مافی ژنان و مافەکانی بێکاران و لاوان و کارمەندان و ... کە لە شیعارو ئیش و کاری ڕۆژانەیاندا هەردوو ح.ک.ع. و یَ و منصوری حیکمەت ، ڕێگە چارەکانیشیان بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی ، دیدو بۆچوونێکی وورده بۆرژوازییانەیان تیایدا بەیان کردوە ، وەلاَم بە کێشەی نەتەوایەتی ناداتەوە . لە خواست و داواکانی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیکیدا نەبێت هیچ چوارچێوەیەکی تر بە خۆیانەوە ناگرن . واتە داخوازی دیموکراتیکانەی ئەمان ، لەگەڵ توێژگەلە پشتگوێ خراوەکان دەستە خوشکن . داواکاری چوونە ناوەوەی ئەم حیزبانە بۆ ناو هەڵبژاردنەکان وپەرلەمان ، لە پێش و لە ئێستادا هیچ ناگەیەنێت . بێجگە لەوە نەبێت کە ئەیانەوێت بە ناوکی بزووتنەوەی وورده

بۆرژوازیانەی خۆیان خزمەت بە سەرمایەداری  بکەن . بحث و پلیمەکانیان لە چوارچێوەی  بەشداریکردن لە دەسەڵاتی سەرمایەداراندا ئەسوڕایەوە .

بزووتنەوەی دیموکراسی خوازی بۆرژوازی، تەعبیرە لە ڕژێمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی . واتە ئەو بزووتنەوانەی کە لە سەردەمی پێش سەرمایەداریدا هەبوون داخوازی سیستەمی سەرمایەداریان ئەڕازاندەوەو بزووتنەوەی دیموکراسی لیبراڵی بۆرژوازی بوون . واتە هەموو بزووتنەوەیەک تەعبیر لە سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات . ناوەڕۆکی ئەو سیستەمەش لە ناوەڕۆکی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتییەکەیەوە دەست نیشان دەکرێت .

منصوری حیکمەت لە لایەک دەڵێت دیموکراسی ڕژێمێکی سیاسی و لە لایەکی تر دەڵێت ڕژێمێکی سیاسی نی یە . ئەم بۆچوونەی کە لە هەمان وەڵامدا بە جیاوازی دەربڕینەوە دەردەبڕێت ، لە پێناو ئەوەدایە کە بتوانێت دیموکراسی پرۆلیتاریاو سەرمایەداران بەیەک ناوەڕۆک پێناسە بکات و بڵێت ئەم دیموکراسی خوازیەی کە پرۆلیتاریا لە بزووتنەوە واقعی و کۆمۆنیستی یە زانستییەکەیدا بەرز بکاتەوە ، بە بزووتنەوەی توێژە پشت گوێ خراوەکان لە قەڵەم بدات . ئەمانە تەنها بۆ سەر لێ شێواندن و بە شان وباڵ هەڵدانی سەرمایەداریە . ئێمە دەڵێین بزووتنەوەکانی دیموکراسی خوازی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یەک ماناو یەک بەرژەوەندین . کاتێک پرویسترۆیکا داوای گەڕانەوەی سەرمایەی دەوڵەتی دەکات بۆ سەرمایەی بازاڕی ئازاد . لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت جارێکی تر دەسەڵاتی دیموکراسی بۆرژوازی لە ڕووسیادا بەرهەم بهێنێتەوە . بزووتنەوەی داخوازی ڕەش پێستەکان لە ئەفریقاداو بە دەرەجەیەک حیساب کردنیان لەگەڵ سپی پێستەکان ، یان ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان ڕەش پێستەکان و سپی پێستەکان و هندە سورەکان دەکرێت لە ئەمریکادا ، وە دانانی جیاوازی بزووتنەوەکانیان لە نیزامی سەرمایەداریدا لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراسی سەرمایەداری ، هیچ

ناگەیەنێت بێجگە لەوەی کە لەم ڕێگایانەوە ووردە بۆرژوازی دەیەوێت تیئۆر وبزووتنەوەکەی خۆی بە داخوازییە واقعییەکانی ناو کۆمەڵ حساب بکات و لە ڕێگەی سیاسەتی دیماگۆجیانەوە خزمەت بە سەرمایەداری دەکەن . منصوری حیکمەت لە وەڵامی پرسیاری (سێ)دا دەڵێت { دیموکراسی خوازی، ڕەش پێستی ئەفریقای جنوبیش خوازیاری مافی بەشداری کردنی یەکسانە لە هەڵبژاردندا . ئەویش دیموکراسی دەوێت . بەڵام ئاسۆو ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو بزوتنەوەیە لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاوازن . ل٩. (دیموکراسی: لە نێوان ڕادەربرین و ڕاستی دا )}. مەبەست لەم بزووتنەوە جیاوازەی ڕەش پێستەکان و بزووتنەوەی دیموکراسی خوازی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا ، منصوری حیکمەت تصنیفی دەکات ، ئەم بۆچوونانە دوو لێکدانەوەی دژ بەیەک ئەدەن بە دەستەوە . چونکە هیچیان ناگەنە ئاستی بزووتنەوەی دیموکراسی پرۆلیتاریا . بێگومان ڕەش پێستەکان خوازیاری بەشداری کردنن لە دەسەڵاتی سەرمایەداریدا ، واتە خوازیاری بە کرێ گرتەی خۆیانن لە ئاستێکی باشتردا بۆ سەرمایە دارانی خۆپێستی .واتە دیموکراسی پرۆلیتاریا خوازیاری نەمانی هەموو تەفرەقەیەکی جنسی و ڕەگەزی و تیرەیی و دینی و نەتەوایەتیە لە نیوان ئینسانەکاندا و لەگەڵیشیاندا کاری بە کرێ و سەرمایە لەسەر هەموو ئینسانێک لە ناو دەبات . بەڵام بزووتنەوەکانی تر پیرۆزی ئەو دەسەڵاتە ڕادەگرن .

هەروەها عبداللەی مهتدیش دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە بزووتنەوەی بۆرژوازی لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا و دژ بەو سیستەمەو لە دوای و لە دەسەڵاتی سەرمایەداریدا ، کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەر ناوەندی هەڵبژاردن و بەشداری هەلبژاردندا هێناوە.. وە لە وەڵامی پرسیارێکی دا دەڵێت { چلۆن وەک بنکەیەکی تایبەتی بۆرژوازیی سەری هەڵداوە، نەک وەک بنکەیەکی بەشەری بە گشتی وە چلۆن هەر بەم پێیە ((ماف)) تەنیا ڕەنگدانەوەی ((مالکییەت)) بووەو هەر لەبەر ئەم لایەنە دیموکراتیکەی زۆر بەر تەسک و

لەرزۆکە ، ئەوە کە ئەو بنکە بۆرژوازییە بە درێژایی  ژیانی خۆی و بە تایبەت لە سەدەی ڕابووردوودا هەندێک ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتووەو یەک لەوانە مەرجی مالکیەتی لەسەر ڕێگای دەنگدان لابردوەو مافی دەنگدانی گشتی سەلماندووە ، هەڵبەت واقعیەتێکە . ل١١.(سۆسیالیزم و پەرلەمانتاریزم)}. ئەو کاتەی کە شەرەفی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی دەرەبەگایەتی دا، بە مالکیەتەوە بووە ، لەگەڵ ئەم سەردەمەی کە دەنگدان مەرجی هەڵبژاردنی بە مالکیەتەوە نییە ، جیاوازیان نییە . چونکە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی چەوسێنەرانە لە هەردوو سیستەمەکەدا . هەروەها لە ئێستای مەجلیسەکانی ئەمەریکاداو بوون بە ئەندام پەیوەندی بەوەوە هەیە  کە ئەندام نابێ لە پەنجا ملیۆن دۆلار کەمتری هەبێت . واتە ئەوەی کە لە پەرلەمانەکانی ڕابردوو، ڕووی داوە لەسەر دەنگدان و ئەوەی کە ئێستا ، بۆ هەڵبژاردنی سەرمایەدارێک دەبێت کە نابێت بڕی سەرمایەکەی لەو بڕەی سەرەوە کەمتر بێت کە باسمان کرد . واتە ئەو گۆڕانانەی کە عبداللەی مهتدی دڵی پێ خۆشدەکات و بە پێشڕەفتی دیموکراسی سەرمایەداری دەزانێت ، تەنها لە شکڵی دەنگدانەکاندایە . واتە ئەم دەسەڵاتە ، هیچ لە مانای دەسەڵاتی سەرمایەداران نەگۆڕیوە، ناکاتە ئەوەش کە ئەم دەسەڵاتە ترس و نیگەرانییەکی لەو بزووتنەوانە هەبێت کە داوای دیموکراسی کردنی زیاتری ناوەندی هەڵبژاردن و پەرلەمانی دەکەن . یان ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە، دیموکراسی ڕابردوو بە لەرزۆک و تەسک دەزانن . دەبێت لە لای ئەمانە چ توندو تۆڵیەک بە دەست هاتبێت لە دیموکراسی سەرمایەداری . ئەو کاتەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دیموکراسی خۆیاندا جاڕی بۆ دەدەن ، کە دیموکراسی هەڵبژاردن زۆر فراوانترە لەو ساتانەی پێشووتر، تەنها ئەم هەڵوێستانە بۆ دڵخۆش کردن و پیاهەڵدانی ووردە بۆرژوازییە بە سیستەمی هەڵبژاردندا . بە سیاسەتی کوێر کوێرانە دەیانەوێت زهن و کرداری پرۆلیتاریا بە لای ئەم سیستەمەدا ڕابکێشن ، لەگەڵیدا هەزارو یەک بەیت و بالۆرەشی بۆ دەڕازێننەوە . بەلام هەر کاتێک ، هەڵبژاردن و هەڵبژیراو لەگەڵ

سیستەمی سەرمایەداریدا ، بە هەمان تخطیط کەوتنە ململانێ و یان لەگەڵ ویستی ئەواندا و سەربەخۆ کردنی ئابوری نەتەوایەتی یاندا ، کە جێگا لە شەریکەتە مۆنۆپۆلییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی، تەنگەبەر بکات (واتا بە مانای لەناو چوون نا) ئەوا مافی دەنگدانی گشتی بۆ هەمان بۆرژوازی بە خوێن مافی ئەو دەنگدانە گشتییەیان لێ دەسەننەوە . واتە ئەو بزووتنەوانە ، بە هەموو ڕەنگ و ئالاو والایەکیانەوە ، ناتوانن یەک تۆز لەو ڕاستیە وون بکەن کە دیموکراسی بۆرژوازی بۆرۆکراتیەتی کەمینەی کۆمەڵە .

ئەوە کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار نین ، کە دڵیان بە دیموکراسی توندوتۆڵی ئێستای خۆش بێت و دیموکراسی لەرزۆکی کۆن ڕەت بکەنەوە وە یان بەوەی لە قەڵەم بدەن کە دیموکراسی ئێستای سەرمایەداری سەرچاوەی لە پۆلیس و قانوونی سەربازییەوە وەرنەگرتووە . واتە هەر بزووتنەوەیەک لە لای کۆمۆنیستە زانستییەکان کە دەنگ بە هەر جۆرێکی دیموکراسی بۆرژوازی بدات ، ئەوا دەیەوێت ڕێگری لە بەردەم چوونە پێشەوەی دیموکراسی خوازی پرۆلیتاریا بگرێت لە دەسەلاتی خۆیدا .

نا واقعی بوونی تێڕوانینی عبداللەی مهتدی کە لە وەلامی پرسیارێکدا لەسەر خەباتی بزووتنەوە کرێکارییەکان لە ئەوروپا تێدەڕوانێت و دەڵێت { هیچ کرێکارێکی تێکۆشەر نی یە کە لە وولاتانی ئەوروپایی بڕوای بەوە هەبێ پەرلەمان لە خۆیەتی . ئەو کرێکارانە پێ یان وایە پەرلەمان تەرخان کراوە بۆ ((ئەوان)) بەلام ڕێکخراوی کرێکاری و مانگرتن و خەبات و تێک هەڵچون لەگەڵ پۆلیس و خۆپیشاندان و هەروەها شۆڕش، هی ((ئێمە))یە. ئەمە ئەزموونی ژیانی خەباتکارانەی کرێکارانە لە وولاتانی سەرمایەداری . نامۆ بوون و بێگانە بوونی کرێکاران لەگەڵ پەرلەمان و دەزگا بۆرژوازییەکان . ئەوەندەی حاسڵی تەبلیغات و ڕوشنگەری سۆسیالیستەکانە ، هەزار ئەوەندە حاسڵی ئەزموونی قوڵ و سەر سەختی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانە . ئەم نامۆیی یە، یەکێکە لە دیاردەو دیمەنەکانی ژیانی سیاسی و

کۆمەڵایەتی لە وولاتانی ڕۆژئاواو یەکێکە لە تایبەت مەندی یە پایەدارەکانی ئەو کۆمەڵگایانە . ل٢٠-٢١ (سۆسیالیزم و پەرلەمانتاریزم)} کاتێک چینی کرێکار بە پەرلەمان نامۆیە کە ئەو چینە دەنگ بە پەرلەمان نەدات .

ڕاستە چینی کرێکار لە ئەوروپاو جیهانیشدا ئەزموونی زۆری هەیە . بەڵام هەتا ئێستاش چینی کرێکار دەستی لەوە هەڵنەگرتووە، لە بزووتنەوەکانی دا، کە بەشداری هەڵبژاردن نەکات و دەنگ بە نوینەری سەرمایەداری نەدات . واتە شتێک کە لە واقیعدا نەبێت و بە واقعیش لە قەڵەم بدرێت ، لەو کاتەدا لەگەڵ نا ڕاستیدا ئاوێزان دەبێت و لەگەڵ خەیاڵ و ڕاسیۆنالیزمی خۆیدا ، خەونی جۆراو جۆر دەگێڕێتەوە . ئیمە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بێ ئیعتبار کردنی ئەزمونەکانی چینی کریکاردا ، کار ناکەین . بەڵام ئەوەش هەیە، کە ڕاستی یەکان ناشوێنین و پەردە پۆشی ئەرکێکی خۆمانی پێ ناکەین و لەگەڵ ئەوەشدا کاری بۆ نەکەین . ئێمە دەڵێین دەبێت چینی کرێکار دەرسی ڕۆشن لە ئەزموونەکانی لەوەو پێشیان و ئێستا وەربگرن ، تا بتوانن هەنگاوی جدی و عملی و زانستیانە بۆ پێشەوە بنێن .

ئەو حیزبانەی کە لە ئەوروپادا چەند ملیۆن کرێکار ئەندامیان و نفوسیانن ، دەنگ بۆ سیاسەتە ئابورییەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی یەکانی سەرمایەداری دەدەن . هیچ قانوونێکی کرێکاران و خۆشیان ناخەنە ناو بەندە قانوونی یەکانی پەرلەمان و دەوڵەتەکەیەوە . کەواتە ناکرێت انتقائی بیر لە دیاردەکانی دەورو پشتمان بکەینەوەو بە بەڵگەی بکەین بۆ ڕاستی بڕواو بۆچوونەکانمان ، کە ووردە بۆرژوازی لە ئێستادا ئەیەوێت لە ژێر پەردەوە سیاسەتی خۆی پرۆسیس بکات . لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کام وولات لە دنیادا ، کرێکارانی بە زۆربەی دەنگ دەنگیان بۆ پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکەیان نەداوەو خستوویانەتە لاوە . واتە ئەو ڕێکخراوە کرێکاریانەی ئەوروپاو جیهانیش بەشێکی زۆر کەمیان نەبێت ، کە سیاسەتی کۆمۆنیستی زاڵی سیاسەتەکانی تر بێت ، ئینجا ئەگەر کارێک بکەن زۆر زۆر

ناچنە ناو ناخی هەڵوێست گیرییە کۆمۆنیستییەکانەوە . واتە ئەو ڕێکخراوانە ، هەموو داواکاری و داخوازییەکانیان دەخەنە چوارچێوەیەی لە بەین نەچوونی پەرلەمان و بەرگری کردن لە سیاسەتەکانی پەرلەمان و حکومەتەکەیانەوە . بەڵام کرێکارانی هۆشیارو کۆمۆنیستەکان ، ئاوات وئامانجی مێژوویی خۆیان ، نابەستنەوە ، بە چارەسەرکردنەکانی پەرلەمان و سیاسەتەکانیان ، بەڵکو چارەسەر لە لای ئەمانە بەدەست هێنانی دەسەڵاتی دیموکراسی پرۆلیتاریاو بە زانستییانە دەست پێوە گرتنی ، ئەم بزووتنەوە زانستییانەی چینی کرێکار جێگای ئومێدی جینایەتیمانە . نەک ئەو بزووتنەوانەی کە چینی کرێکار ئەندامیانە و سیاسەتی بۆرژوازیش تیئۆری خەبات و ڕابەریانە . منصوری حیکمەتیش بە هەمان دیدو بۆچوونی ناواقعی ووردە بۆرژوازییانەی خۆی لەسەر مەسەلەی بزووتنەوەکانی ناو سیستەمی سەرمایەداری ، بحثی ناواقعی هەڵئەینجێنێ .

لە وەڵامی پرسیاری(چوارەم) دا دەڵێت { مافی دەنگ دانی کرێکاران، ژنان، سورپێستەکان و کەسانی لەم بابەتە بەشێکی سەرەکی پێناسەی دیموکراسی پێک ناهێنن و لەگەڵیدا لە دایک نەبوون، بەڵکو بەرەنجامی خەباتی حەقخوازانەی چین و توێژە جیا جیاکان بوون لەو کۆمەڵگا دیموکراتیکەدا کە لە ئارادا بووە . ئەو خەباتانەی کە لە ژێر ئاڵای فکری و سیاسی بزووتنەوەکانی تردا، وەک بزووتنەوەی سۆسیالیستی، بزووتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان، بزووتنەوەی دژی هەڵاواردنی نەژادی(التفرقة العنصرية)و قەومی وشتی ترەوە بە گشتی بە شێوەیەکی نادیموکراتیک و نا قانوونی چوونەتە پێشەوە . دووەم ،عیبارەتی دیموکراسی خۆی بە مانای تایبەتی ووشەکە، ڕێک وەکو سەربەخۆیی و خود موختاری، مەرج نی یە هاوتا بێت لەگەڵ پەرەسەندنی عەدالەتی و کۆمەڵایەتی ویەکسانی وە یان ئازادی فەردی زیاتردا، دیموکراسی سەربەخۆیی و شتی لەم بابەتە ئەو قاڵبە سیاسی و ئیداری یە دیاریکراوانەن کە دەتوانن ناوەڕۆکی جیا جیا بگرنە

خۆیان . ل١٣( دیموکراسی: له نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. خەباتی حەقخوازانەی چین و توێژەکان له چوار چێوەی دەنگدان و مافی سورپێستەکان له هەڵبژاردنی پەرلەمانە بۆرژوازییەکاندا ، ناتوانرێت ، مافی یەکسانییان بۆ دیاری بکات و جێبە جێ بکرێت .

واته ئەو خەباتەی که ئەتوانێت وەڵامی دروست به مافی یەکسانی سورپێستەکان و هەموو مافەکانی ئینسان بداتەوە ، خەباتی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمی زانستییه . واته ووردە بۆرژوازی ناتوانێت ، ئەو خەباته پروسیس بکات و ئاسۆ و ئامانجیان بێت . بەڵکو خوازیاری ئەوەن که دەستیان ڕابگات بەوەی که مافی یەکسانیان هەبێت لەگەڵ بۆرژوازی گەورەدا ، له تالان بردنی سەروەت وسامانی کۆمەلایەتی کۆمەڵگا . واته ئەمان ئەو مافانه ئەکەنه وەسیلەی دەستیان بۆ به دەست هێنانی مافی یەکسان لەگەڵ بۆرژوازیدا ، له دەنگدان و هەڵبژاردنه پەرلەمانیەکانیاندا . بەلام خەباتی حەقخوازانەی پرۆلیتاریای هۆشیارو کۆمۆنیسته زانستییەکان ، به دەست هێنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ئەتوانێت هۆی گرنگی به دەست هێنانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی بێت . که مافی یەکسانی ئینسانەکان به هەموو ڕەنگ وئیش و نەتەوەیەک بدات، تیایدا زامن بکرێت . بۆرژوازی و سەرمایەداران له قانونەکانیاندا ، ئەوەیان کردووە به خاڵێکی مافی مەدەنی ژنان که له دەنگدانەکان و هەڵبژاردنەکاندا مافی یەکسانی وەک پیاویان هەبێت . بەلام به هەزارو یەک شێوە کون و کەلەبەر دەخەنه مافەکانیان و ناوی خۆشیان به ناوی پیاوانەوە جێی پێ دەگرنەوە . هەروەها سورپێستەکانیش دەتوانن دەنگ بدەن ، ڕەش پێستەکان مافی هەڵبژاردنیان هەیه ، بەلام هەر هەموویان مافی ئەوەیان نییه که تەفرەقەی ڕەگەزی سووکایەتی پێ بکەن ، یان بتوانن دەنگ لەسەر لەناو بردنی ڕاسیزم و نیونازیزم بدەن ، که زۆر جار دەوڵەتەکانیان برەو پێ دەرین . که دەبنه کەلێنێک بۆ هاوئاهەنگ کردنی ناڕەزایەتی چینی کرێکاری خۆ وولاتی و کۆچ

کردووانی وولآتانی ترو پەیوەندی ئەنتەرناسیۆنالیستی چینی کرێکاری پێ دەدەنە دواوەو سەرمایەدارانیش سیاسەتی ئابوریانەی پێ پەردە پۆش دەکەن و نەهامەتی ژیانی و شوێن کارکردن و بێ کاری دەدەنە پاڵ کرێکارانی کۆچ کردووەوە شانی خۆشیان لە ئابوریەکەیان و پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی کرێکارانەوە ، خاڵی دەکەنەوە . واتە هەر بزووتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان و بزووتنەوەی دژی سیاسەتی ئاپارتاید و نەتەوایەتی و ڕزگاری و مافی چارەنوسی نەتەوەیی بە دەست سیاسەتی ووردە بۆرژوازیەوە بوو ، ئەوا ئاڕاستەی ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی سەرمایەداریدا یەکسان وهاوجووت دەبن .

بە بڕوای منصوری حیکمەت، ئەو بزووتنەوانە تەنها لەبەر ئەوەیە نەیان توانیوە کە کارەکانیان جێبەجێ بکەن ، کە نا دیموکراتیک و ناقانوونی چوونەتە پێشەوە . لە هەمان کاتیشدا دەڵێت مافی دەنگدان و هەڵبژاردن بەرەنجامی خەباتی حەقخوازانەی چین و توێژە جیاجیاکان بووە . ئەم بۆچوونە دوو لایەنەیەو زۆر لە یەکتر جیاو دوورن و پەردەپۆش کردنی فێڵبازانەی سیاسەتی ووردە بۆرژوازییانە و دڵخۆش بوونەکانیانە بە بزووتنەوەی ووردە بۆرژوازی لە چوار چێوەی قانوونی بوونیاندا لە سیستەمی سەرمایەداری دا . واتە ئەگەر بزووتنەوەیەکی حەقخوازانەی چین وتوێژەکانیش بێت، ((واتە ووردە بۆرژوازی))، ئەوا دیموکراتیک و قانوونیش دەبن بۆ سەرمایەداران . واتە ناقانوونی و قانوونی چوونە پێشەوەی ئەو بزووتنەوانە گرنگ نییە ، بەڵکو ناوەڕۆکی بزووتنەوەکە مەبەستە . کە تا چەند بە ئاڕاستەی قانونی مێژووییدا دەڕوات و بۆ ئەو چوارچێوەیە کار دەکات . هەروەها ناوەڕۆکە جیاجیاکانی دیموکراسی بۆرژوازی هاوتا نییە لەگەڵ ئاڕاستەی ڕۆشتن بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ئازادی . واتە ئەوەی منصوری حیکمەت کە بە شێوەی دوو دڵی و ڕاڕایی دەری دەبڕێت و دەڵێت مەرج نییە دیموکراسی هاوتا بێت لەگەڵ عەدالەتی

کۆمەڵایەتی ، دەربڕینێکی ووردە بۆرژوازی یانەیە . کە دەیەوێت لەو تولە ڕێگەیەوە بتوانێت بە ڕێگەی ئەسڵی ئانارشیزم بگات لە لێکدانەوەکانیاندا... لە لای کۆمۆنیستە زانستییەکان ، دیموکراسی هیچ کاتێک نابێت بە عەدالەتی کۆمەڵاتی و یەکسانی و ئازادی . بەڵام دیموکراسی پرۆلیتاریا ، خەباتە لە ڕێگای بەدەستهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ئازادی .

لە وەڵامی پرسیاری (پێنج)دا منصوری حیکمەت دەڵێت { ئازادی یە سیاسی یەکان و عەدالەتی کۆمەڵاتی بەرەنجامی خودی پرۆسەی دیموکراتیک نی یە، بەڵکو بەرەنجامی ئەو بزووتنەوەو هێزە کۆمەڵایەتی یە ئازادی خوازو عەدالەت خوازانەیە کە بەدرێژایی مێژوو توانیویانە،چ لە جەرگەی پرۆسەیەکی دیموکراتیک داو چ لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیەدا، سەنگ و سووکی هێزە کۆمەڵایەتی یەکان بە قازانجی خۆیان و ئامانجەکانیان بگۆڕن و بەشێک لەم ئامانجانە بکەن بە قانوون و عادەت . ل١٤ (دیموکراسی: لە نێوان ڕادەربڕین و ڕاستی دا) }. ئەو کاتەی کە ئازادی سیاسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی لە قانون و قەراراتەکانی ناو پەرلەماندا، قاڵب بەندی دەکرێت ، لەگەڵ ئەوەی کە جارنامەی گەردوونیان بۆ مافی مرۆڤ ، کە تیایدا تەنها مرۆڤ پەیوەندی کارو سەرمایەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤەیە . لەگەڵ ئەوەشدا عەدالەتی کۆمەڵایەتی کێ لەگەڵ چی !؟ یەکسانی لە نێوان کام چین و توێژەدا؟ واتە خودی نیزامی سەرمایەداری هیچ عەدالەت خوازییەکی نییەو ناشتوانێت عەدالەت و یەکسان خواز بێت . سیاسەتەکانی دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان ، کە سیاسەتی سەرکوت و تیرۆرو ڕەشەکوژیە ، سیاسەتی بڕیارەکانی ناو پەرلەمانەکانە ، کە لەگەڵ ئازادی خوازی واقعی چینی کرێکار دژو ناتەبایە...

بێ موبالاتی و لە خۆوە بڕیاردان و کردنی بحث و لێکدانەوەی ووردە بۆرژوازی بە ناوی ڕادیکاڵی و کۆمۆنیستی ، ئەم چەپە ووردە بۆرژوازییەی ئێران و عێراق ، ئەوەندەی دیفاع لە بەرژوەندییەکانی خۆی و بۆرژوازی

دایکی ئەکات ، ئەوەندە ناکۆک و ناتەبایە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکارو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی ، ئەوەندەش دوورە لە مێژوو، لە دیوی ئەودیوی مێژوودان . لە چ شوێنێک ئەم ئازادییانە بە دەست هاتووەو لە پرۆسەی دیموکراتیکدا نەبووبێت !؟ واتە خودی ئەو بزووتنەوانەی کە توێژاڵەکانی دەوری بۆرژوازین ناتوانن عەدالەت خوازبن . سەردەمی عەدالەت خوازی ووردە بۆرژوازی ، سەردەمی خۆی لە دەست داوەو ناتوانێت، بگەڕێتەوە مێژوو عەدالەت خوازیش بێت . چونکە سەردەمی ئێستا نە دەرەبەگایەتییە ، کە ووردە بۆرژوازی تیایدا عەدالەتخواز بێت . کە عەدالەتخوازی یەکەیان ، عەدالەتی بۆرژوازی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکەیەتی . واتە بۆ سەردەمی سەرمایەداری ، عەدالەت خوازی تەنها پیشەو بڕوای پرۆلیتاریای هۆشیارو کۆمۆنیستە زانستییەکانە .

منصوری حیکمەت لە لایەک دەڵێت ئازادی یە سیاسییەکان و عەدالەتی کۆمەلایەتی بەرەنجامی خودی پرۆسەی دیموکراتیک نیە ، وە لە لایەکیش دەڵێت لە جەرگەی پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا توانیویانە بە قازانجی خۆیان بیکەن.. ئەم لێکدانەوانە زۆر بێ سەرەو بەرە کراون . چونکە ئازادی سیاسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری ، لە بەرەنجامی پرۆسەیەکی دیموکراتیکی بۆرژوازی یانەوە بە دەست هاتووە . لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا ، بۆرژوازی هەڵگری خواستێکی دیموکراتیک بووە ، بە مانا بۆرژوازی یەکەی . کەواتە لە جەرگەی پرۆسیس کردنی ئەم خواستە دیموکراتیکەو لە ڕێگەی بزووتنەوەکەیەوە توانیویەتی دەست بە عەدالەتی کۆمەڵایەتییەکەی خۆی و ئازادییەکەی خۆی بگرێ و دەسەڵاتەکەش دیموکراتیک بێت (لە ڕووی بۆرژوازییەوە) . بۆ پرۆلیتاریا تەنها شۆڕشە کە ڕێگای بە دەست هێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ئازادیە نەک دیموکراتیک کردنی سیستەمی سەرمایەداری . ئەوە خۆڵ کردنە چاوی پرۆلیتاریایە کە لە لایەک دەوڵەت دیموکراسی نەبێت و پرۆسەیەکی

دیموکراتیک پرۆسیس بکات ، لە لایەکیش داواکارییەکان بەرەنجامی خودی پرۆسەیەکی دیموکراتیک نەبێت و لە جەرگەی پرۆسەکەشدا، ئەو داوایانە ببرێت بە ڕێوە .

لە وەڵامی بەشێک لە پرسیاری (چواردە)دا منصوری حیکمەت دەڵێت {سۆسیالیزم و دیموکراسی دوو فکرەن کە بە درێژایی مێژووی سەرمایەداری شان بە شانی یەکتر ووجودیان هەبووەو گەشەیان کردووە ، دوو بزووتنەوە لە تەنیشت یەکداو نا تەبا لەگەڵ یەکترو بێگومان لە زۆر حاڵیشدا تێکەڵ بە یەک . بەم پێ یە ڕەخنەی سۆسیالیستی لە دیموکراسی و بە دیلی سۆسیالیستی بۆ دیموکراسی بە ئەندازەی خودی دیموکراسی کۆنە . ل٣٧ (دیموکراسی: لە نێوان ڕادەربڕین و ڕاستی دا) }. سۆسیالیزم وەک فکرەی زانستی سۆسیالیستی ، تێڕوانینی خۆی لەسەر ئەوەوە دروست دەکات کە ناعەدالەتی و نا بەرابەرییەک هەیە لە کۆمەڵگادا و وەڵامی مێژوویی خۆشی پێ ئەداتەوە . بۆ جێبەجێ کردنی ئەو وەڵامە مێژووییەی. (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا)ی کردووتە ئەداتی دەستی و لەوێوە بە تەواوی ئاسەواری ناعەدالەتی و نایەکسانی هەڵئەوەشێنێ . ڕەخنەشیان لە دیموکراسی سەرمایەداری و نیزامەکەی تا سەر ئێسقان ڕەخنەی چینایەتییەو دژ بە هەموو ئەو ماناو پراکسیسە بۆرژوازییانەیە ، کە لە دەسەڵاتی سەرمایەداریدا بەرجەستەیە . واتە ناکرێت ڕەخنە لە نیزامی سەرمایەداری بگرێت و دیموکراسیەکەشیت پێ قبووڵ بێت ، یان دیموکراسییەکەی بدەیتە دواوەو داوای ڕیفۆرمی دەسەڵاتی بۆرژوازی بکەیت . کاتێک کە لەگەڵ باری چاکسازی نیزامی سەرمایەداری دەبێت و خۆشت بە سۆسیالیست و کۆمۆنیست دەزانیت . ئەوا بێ شک هەڵگری فکرەی سۆسیالیزمی ووردە بۆرژوازی یان فیئودالی دەبێت . هەروەها سۆسیالیستە طوباوییەکان بە نەخش و نیگارێک کە لە خەیاڵیاندا هەبوو داوای دروست کردنی دنیایەکی تریان دەکرد . لە دنیایەکی تر دەچوو بەڵام لە سۆسیالیزمی زانستی و

کۆمۆنیزم نەدەچوو . واتە سۆسیالیزمی سەرمایەداری یان سۆسیالیزمی زانستی ، ڕەخنەی وورده بۆرژوازی لە سەرمایەداری ، هیچ کات تێکەڵ و ئاوێزانی یەکتر نەدەبوون . بەڵکو بە دوو کاکڵەی جیاوازەوە لە دنیایان ئەڕوانی . بە دیلی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی ، لە بەرامبەر دیموکراسی سەرمایەداری دا، دیموکراسی پرۆلیتاریا بە کامڵترین دیموکراسی دەزانن بۆ کرێکاران و بە دەسەڵاتترین دەسەڵاتی ڕاستەقینەی پرۆلیتاریای دەزانن و لەوێدا ژیانی شۆڕش سووری خۆی تەواو دەکات .

## ورده بۆرژوازی و داوای عادلانه

وورده بۆرژوازی وەک توێژی پارێزگاری کار، لە بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری ، بوونی مێژوویی خۆی سەلماندووەو پێک هاتەی سیاسی و بزووتنەوەکانی لەو پێناوەدا بە گەڕ خستووە .

واتە وورده بۆرژوازی ، بە تام وچێژێکی ترەوە بەرژەوەندییەکانی نیزامی سەرمایەداری و سیاسەتی سەرمایەداری ئەباتە پێشەوە ، یان سیاسەتێکی ڕێکارانەی بێ مانا بەگەڕ دەخات لە بەردەم سەرمایەداری دا . لە ئەساسدا، هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی چینی کرێکار ئەدات بە دوای سیاسەتەکانیدا، دیماگۆجیانە سیاسەتی خۆی بەڕێ دەخات . لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت سیستەمی سەرمایەداری بمێنیتەوەو بە ئارایشتێکی ترو مەهزەلاوی بیڕازێنێتەوە . دەیەوێت هەندێک جار ببیتە هەڵگری هەندێک مەفاهیم ، ناوەڕۆکی جۆراو جۆر بۆ خۆی دروست دەکات ، جارێک بە ناوی

پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندی یەکانی چینی کرێکارو جارێک هەڵگری دیموکراسی و جارێک بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ ، کە تەنها بۆ ووردە بۆرژوازی دەبنە داوای ڕەواو عادلانە . چەپی ووردەبۆرژوازی و بزووتنەوەکەی ، داوای ڕیفۆرمێک دەکات لە دەسەڵاتی سەرمایەداریدا، کە جێگایەک بۆ خۆیان بە دەست بهێنن و دەیانەوێت دیفاع لە انقراز کردنی خۆیان بکەن . جارێک لە ژێر کاریگەری ئابووری پێشکەوتووی سەرمایەداریدا و جارێک لە بەردەم ئابوری ئەزمەگرتووی سەرمایەداریدا ، بتوانێت دیفاع لە بەرژەوەندیەکانی خۆی بکات . لەزۆر حاڵیشدا بۆ ئەم کارانەی ، پرۆلیتاریاو چینی کرێکار بە قازانجی خۆی هەڵئەخەڵەتێنێ . واتە کاتێک کە لە مێژوودا بوونیان دەبێت ، بوونی داخوازی و بزوتنەوەی داخوازی عادلانەیان نابێت . بەڵکو لە مێژوودا ، دەیانەوێت وەک مشەخۆر خۆیان لەسەر گیانی کرێکاران بهێڵنەوە . ئەم توێژە توێژێکی شۆڕشگێڕ نی یە ، توێژێک دەبێت کە دەیەوێت هەر جارەی ڕووی زووڕناکەی بکاتە شوێنێک و شاباشێکی پێ وەربگرێت . پرۆلیتاریا بە کرداری شۆڕشگێڕیەکەیەوە ، دەتوانێت بیان خاتە ژێر باری پەیوەست بوون ، بە خەباتی چینی کرێکارانەوە . کە هەر کاتێک بۆیان بکرێت دەیانەوێت سوار کۆڵی خەباتی چینی کرێکار ببن .

ئەوا لەم سەردەمەی ئێمەدا، جارێکی تر، خەریکە ووردە بۆرژوازی سوارکۆڵی خەباتی چینایەتی دەبێت و دەیەوێت خۆی بە دەمڕاستی ئەو بزووتنەوەو چینە بزانیت کە تاقە چینی شۆڕش گێڕە . ئەوەی کە عبدالله مهتدی و منصور حیکمەت ، داوای ووردە بۆرژوازی بەڕەوا لە قەڵەم ئەدەن و بە هاو گرنگیان هەیە لە لایان ، بە ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاری یەوە ، هیچ ناگەیەنێت ، ئەوە نەبێت کە ووردە بۆرژوازی. لەسەردەمی بەسەر چوونی سوڕی ژیانی دەیەوێت، لە ژێر پەردە و بە ناوی عەدالەت خوازی و لێکدانەوەی فیڵاویانەیان ، درێژە بە تەمەنیان بدەن .

له وەڵامی پرسیاری (یەکەم)دا عبدالله مهتدی دەڵێت { گەلێک ستەم کاری و بێ مافی و بێ عەدالەتی هەیە کە دەبنە سەرچاوەی ڕەخنە و ناڕەزایەتی یە کۆمەڵایەتی یەکانی توێژە جۆراو جۆرە زۆر لێکراوەکان بەرانبەر بە سەرمایەداری ئەم توێژانە لەوانەیە ئوتوپیای ئەوەیان لەسەردایە کە ئەم وەزعە بگۆڕێ بەبێ ئەوەی سەرمایەداری بڕووخێ ، حازرنین یان جێگاو شوێنیان وەک کەسانێک کە بە جۆرێک بە مالکیەتی چکۆلەوە گرێ دراون ئیماکانی ئەوەیان پێ نادا کە ڕاستەوخۆ بێنە ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری و بە تەواوی لەسەرمایە و مالکیەتی خۆسووسی دابڕێت و لێی جیا بنەوە. ل٢-٣ (سۆسیالیزم و پەرلەمانتاریزم)}. ووردە بۆرژوازی لە باری عەینی داخوازییە کۆمەڵایەتیەکانیەوە ، بێجگە لە داخوازییە کۆمەڵایەتیەکانییەوە ، بێجگە لە داخوازییە بەرژەوەندیەکانی خۆیان هیچ بارێکی تری لە خۆ نەگرتووە . واتە کاتێک ووردە بۆرژوازی، خاوەنداریێتی چکۆلەکەی ڕێیی پێ نادات ، کە بچێتە ناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی یەوە . واتە نا جۆر و لێک جوودایی بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ چینی کرێکاردا، ئەگەر لەناو کریکاریشدا بن، ئەوا ڕەووتی بزووتنەوەی کرێکاری، بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئاڕاستە دەکەن . کاتێک کە سەرمایەداری گەورە، ستەمی خۆی ئەخاتە سەر خاوەنداریێتی چکۆلە و دەیەوێت بە هیچ جۆرێک ، ئابوریەکەی ئاسەواری نەمێنێ و بچێتە ڕیزی پرۆلیتاریاوە . ئەمە بۆ ئیمە ستەمی بۆرژوازی نییە لە بەرامبەر پرۆلیتاریادا ، بەڵکو ململانێی ئابوری و ئابوری بازاڕەکانیانە . وە ئەوە بۆ ووردە بۆرژوازی، دەبێتە ستەمی سەرمایەداری لەو توێژە . لێرەوەیە کە ووردە بۆرژوازی پارێزگاری لە خۆی بکات بە ڕەخنەکانیش لە سەرمایەداری، ڕەخنەی ئەوەیە کە ووردە بۆرژوازی نەگەوزێ و نەچێتە ئاستی ئابوری چینی کرێکار . واتە داواکاریەکانی بۆ ئەوە نییە ، لەگەڵ نیزامی سەرمایەداریدا ناکۆک و ناتەبا بێت و ڕەخنەی مێژووی خۆی لە ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکەی بگرێت . بەڵکو دەیەوێت لە چوار چێوەی ئەو پەیوەندی یەدا بمێنێتەوەو

ئابورییەکەی بپارێزێت ، یان هەڵکشێ بۆ ئاستی سەرمایەداری گەورە و ئابورییەکی گەورەی هەبێت . واتە ڕەخنەکان، ڕیفۆرمستانەیە و باشتر کردنی ژیانی خۆیەتی . کاتێک کە دەوریش بگێڕێت لە ناڕەزایەتی و بزووتنەوەکاندا، ئەوا بە بلاتفۆرمی باشتر کردنی بەرگی سەرمایەداری، ئەڕازینێتەوە . کەواتە ئەم زوڵم و زۆرە قانونی سەرمایەداری لە پەیوەندیەکانی خۆیدا بەرجەستەی دەکات و وەک منافسی یەکتری دەیان هێنیتە پێشەوە . بەڵام لە بنەڕەتەوە منافەسەی یەک بەرژەوەندی ئابوری سەرمایەداری یە . ئەو لێکدانەوانەی کە عبدالله مهتدی لەسەر داوای ڕەواو ناڕەوای دەکات و ئەو ئەگەر و نەگەرانەی کە دەستەواژەکانی پێ دەڕازێنێتەوە ، بە لێکدابڕان لەگەڵ سەرمایەداری بچکۆلەی ووردە بۆرژوازی ببنە توێژی شۆڕشگێڕو سۆسیالیست . لەم کاتەدا سۆسیالیست بوونەکانیان ووردە بۆرژوازی دەبێت و بە دڵی عبدالله مهتدیش دەبێت . واتە ئەگەرو نەگەرەکان ، بۆ ئەوە دیتە ئاراوە لە فکری و زهنی ئەم ووردە بۆرژوازییە ، بیەوێت لەو ڕێگایەوە ، ئەوە بسەلمێنێت ، کە داواکاری و داوای ڕەوای عەینی دەبێت لە کۆمەڵگادا . واتە بۆ کۆمۆنیستە زانستی یەکان، شەرمە کە بە شان و باڵی ووردە بۆرژوازی دا هەڵبدەن و داواکانیان بە داوای ڕەوا ببینن و پارێزگاری لێ بکەن. ئەرکی کۆمۆنیستە زانستییەکان ئەوەیە ، ئەگەر ئەم بڕواو بۆچوونانەی ووردە بۆرژوازی ، بە تیئۆری خۆیان بخەنە ژێر پرسیارو ڕەخنەی کاریگەری خۆیانەوە . دەبێت خواست و وویستی ئەم بزووتنەوانە ، لەسەر زهنی کرێکاران پوچ و بە تاڵ بکەنەوە.

لە دوای ئەو پەرەگرافەی کە عبداللەی مهتدی وەڵامی پرسیاری (یەکەم)ی پێداوەتەوە دەڵێت { ئەمانە(مەبەست لە ووردە بۆرژوازی یە(نوسەر)) لەوانەیە دیفاع لە تیئۆریەکی غەیرە زانستی و بێ پایە بکەن ، جاری وایە تەبلیغاتێکی ئاڵۆز لەسەر سۆسیالیزم دەکەن کە لە باشترین حاڵەتدا ووردەبۆرژوازیی و خەیاڵییە بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەوانە

داخوازی عادیلانەیان هەیە . کە لە باری عەینییەوە دەکەویتە دژایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزم و مل هوڕییەکانی سەرمایەو حکومەتەکانی . ئەو شتە کە ئەوانە بە شێوەی عەینی داوای دەکەن بریتییە لە بەرین بوونەوەی ئازادییە سیاسییەکان و مافە دیموکراتیکەکانی هاووڵاتیان . زیاتر بوونی بەشداری جەماوەر لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا ، تەنگەبەر کردنەوەی مەیدانی ملهوڕی و سەرەڕۆیی لە دەولەتەکان و دابەشکردنی عادلانە تری سامانی کۆمەڵایەتی و...ل٣ (سۆسیالیزم و پەرلەمانتیزم)}. بێگومان ووردەبۆرژوازی پارێزگاری لە تیئۆرییەکی نا زانستی و بێ پایە ئەکەن . کەواتە هیچ تیئۆریەکی نازانستی و بێ پایە ، بۆ ئەم سەردەمە ، هیچ ناگەیەنێت بێجگە لەوە نەبێت کە ئەم تیئۆرە جووت و بێ ناکۆکییە لەگەڵ تیئۆری بۆرژوازیدا . هەروەها ناشتوانێت تیئۆری دەربڕی داوا ڕەواکانی کرێکاران بێت و ناتوانێت ڕێنمایی کەری خەباتی چینایەتی چینی کرێکار بێت .

ئەم تیئۆرییەی ووردە بۆرژوازی ئەوەندە بێ شەرمانە دیموکراسی بۆرژوازی پۆشتە و پۆشناخ دەکات کە ئەڵێی نە سیاسەتی دژی کرێکاری هەیەو نە ئازادی سیاسیشی ئاوەڵا نەکردووە . ئەم سۆسیالیزمە خەیاڵییەی ووردە بۆرژوازی دەیەوێت لە ڕێگەی ئەوەوە ، کە دیموکراسی بۆرژوازی ، باشتر بکات و کۆمەڵێک ڕیفۆرم بۆ دەسەڵات بکرێت و لەوێوە گۆڕانکاریەکان ببینێت . بێگومان ئەم گۆڕانکاریانە لە لای طوباوییەکان ، بە بێ شۆڕش ، بە بێ خەباتی چینایەتی، چینی کرێکار دژ بە دیموکراسی بۆرژوازی لە قسەداو دانەمەزراندنی دیموکراسی پرۆلیتاریا ، دەبنە سەرچاوەی گۆڕانکارییە مێژووییەکان . واتە سۆسیالیزمەکەیان لە خەوبینێنێکدا بە دەست دەهێنن ، کەواتە نە لەسەر دەستی ئەمانە ئازادییە سیاسییەکان بەرینایەتی بە خۆوە دەبینن و نە مافە دیموکراتیەکانیان دەستە بەر دەبن بۆ هاووڵاتیەکان . کەواتە ئێمە کێشەکەمان لەسەر ئەوە نی یە، کە ووردە بۆرژوازی چۆن بیەوێت ، ئاوا داواکاری و بزووتنەوەکانی خۆیان

ئاڕاسته بکەین . چونکه چینی ئێمه له مێژوودا یەک بەرژەوەندی و وویستی خۆی هەیەو یەک دەووری مێژوویی دەگێرێت که ئەتوانیت و ئەبێت ، دیموکراسی یەکەی خۆی پرۆسیس بکات . واته لەم سەردەمەدا ووردە بۆرژوازی نه داوای عادلانەی هەیه، له بزووتنەوەی ڕەوای چینی کرێکاردا، نه داواکانیشی داوای عادلانەی مێژوو دەبن . دەیەوێت له ڕێگەی ناوزەندکردنی خەباتی ووردە بۆرژوازی  به داوای عادیلانه ، عبداللەی مهتدی بەم قسەو قسەلۆکانه پارێزگاری له ووردە بۆرژوازی دەکات . دەیەوێت له ئاشی هاڕینی سەرمایەدارییانه ڕزگاریان بکات . واته کاتێک ووردە بۆرژوازی خوازیاری لەناو چوونی نیزامی سەرمایەداری نابێت و نەبووە ، ئیتر به چ شتێک دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم و ملهوڕییەکانی سەرمایەداری دا هەیه . بێگومان هەموو سەماکردنێکی ووردە بۆرژوازی له پێناوی مانەوەی خۆیدایه . دژایەتی ووردەبۆرژوازی لەم وولاتانەدا لەگەڵ ئیمپرالیزم، لەسەر ئەوەیه که کۆمپانیا مۆنۆپۆلییه سەرمایەدارییه گەورەکان ، هیچ جێگایەکی باشی بۆ ئابوری یەکەی نەهێشتووەتەوە . جووڵەکانیان لەسەر داوای فەراهەم بوونی ئازادییەکان و داوا ڕەواکانی پرۆلیتاریا نییه . بەڵێ ووردە بۆرژوازی خۆی به شۆڕشگێڕ دەزانێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێن با نیزامی سەرمایەداری به هەموو ملهوڕی و سەرەڕۆییەکانییەوە بمێنێت ، جێگایەکیان له ئابوری سەرمایەداری دا هەبێت . وه هەموو مافه دیموکراتیکەکانی هاووڵاتیان دەخرێته لاوەو چارەسەرکردن و داوا کردنەکەشی هیچ مانایەکیان نابێت . چونکه هاووڵاتیان هەڵدەخرێنن بۆ به دەست هێنانی بەرژەوەندی یەکانیان و پارێزگاری لێ کردنیان ، کەی و له کوێدا ووردە بۆرژوازی هەڵگری مافی یەکسانی نەتەوەکان و یان داکۆکی کار بووه له چارەنووسی کرێکاران و زەحمەت کێشان بێجگه لەوەی که سوود پەرستی خۆی له سەروو هەموو ئەمانەوە بووه !؟ کام شوێن له جیهاندا ، که کێشەی نەتەوایەتی هەبووبێت ووردە بۆرژوازی توانیبێتی ڕێگا چارەی واقعی و مافی یەکسانی نەتەوەکانی

دیاری کردبێت و خەباتیشی لە پێناودا کرد بێت !؟ کاتێک ئەم توێژە لە وولاتە جیا جیاکاندا هەڵگری بیری مافی یەکسانی نەتەوەکان و بە ناوی دژایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزمدا جەماوەریان بە دەوری سیاسەتی خۆیانەوە گرێداوە و هەموو هەڵ خڕاندنێکیان لە پێناوی پارێزگاری کردن بووە ، لە ئابوری چکۆلەی خۆیان . واتە عبداللەی مهتدی لەم تێڕوانینەیدا دەیەوێت ئەوە بدات بە دەستەوە کە دەووری پرۆلیتاریا لە مێژوودا بدات بە ووردە بۆرژوازی و نازناوی شۆڕشگێڕی و سەرقافڵەی شۆڕشگێڕیەتی سەردەمی سەرمایەداری لە قەڵەم بدات و بیکاتە باشترین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانی دژ بە نیزامی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم . ئەم ووردە بۆرژوازی یانەی مارکسیزمی شۆڕش گێڕو کۆمۆنیزمی کرێکاری ، لە داواکانیاندا داوای ئەوە دەکەن کە سەرمایەداری، دابینی بژێوی لانی کەمی خێزانێکی پێنج نەفەری بۆ خەڵک و خێزانەکانیان بکرێت . کە ئەمە لە ئەساسدا هیچ دابەشکردنێکی ڕەواو عادیلانە نی یە بۆ خێزانەکان . چونکە بژێوی پێنج کەس بەنیسبەت خێزانێکی دوو کەسی و خوار پێنج کەسی یەوە زۆرەو هەروەها بە نیسبەت خێزانێکی سەرو پێنج کەسیشەوە کەمە . واتە نە ئەتوانێت بژێوی تەواو و شایستەی ئینسان دابین بکات و نە ئینسانەکانیش بە یەکسانی لێیان بەهرەمەند دەبن . تەنها ئەوە نەبێت کە بەرهەم هێنانەوەی سەرمایەدارییە . واتە کە ئەمە خواست و شیعاری داواکاری یەکانیان بوو ، بە هەردوو هێزی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و (ح.ک.ک.آ) و (ح.ک.ک.ع) تەنها خواست و وویستی ووردە بۆرژوازی تیایدا بەرهەم دەهێنرێت ، نەک لەگەڵ خواستەکانی کرێکاراندا جووت بن . واتە ووردە بۆرژوازی داوای دابەش کردنی عادیلانەی سامانی کۆمەڵایەتی ناکات ، بەڵکوو داوای بەشی کۆمەڵایەتی خۆی دەکات ، لە سامانی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم .

دەیەوێت لەگەڵ سەرمایەداراندا وەک دەستە خوشک بەروو بووم و سامانی کۆمەڵایەتی نیزامی سەرمایەداری بۆ خۆیان بەش بکەن . هەروەها لیبرالیزمی ئیمپرالیزمیش کە دیموکراسییەکەی خۆی بۆ ئەوە بەکار هێناوە ، کە تا بتوانێت گەشەکانی ئابوری سەرمایەداری خۆی بە ئاستێک بگەیەنێت و هەموو کیسەو گیرفانەکانی پڕ بکات .

لە لایەکی ترەوە، ئەو ڕادیکاڵیزە کردنەی کە عبداللەی مهتدی داویەتی یە پاڵ ووردە بۆرژوازی و وەڵامی پرسیارەکەی ئەوەندە دوورە لەوەی کە وەلامی کۆمۆنیستیک بێت بۆ دیموکراسی بۆرژوازی و ئەوەندەشی بۆ دەبێژێت، کە هیچ جیاوازیەک ناکرێت لە نێوانیاندا . لە وەڵامی پرسیاری (یەکەم)دا دەڵێت { دەست درێژی و ملهوڕی ئیمپریالیستی، قاتی و قڕی و گەلێک دیاردەی تری لەم چەشنە، ئەمانە دەتوانن، جگە لە ڕەخنەی پرۆلیتری، ڕەخنە لە سەرمایەدرایش لە لای توێژە زەحمەت کێش و دەست کورتەکان و هەندێک بەشی ووردە بۆرژوازی و ڕوناکبیران پەرە پێ بداو ڕادیکاڵیزەی بکاتەوەو لەو سنوورەی بترازێنێ کە لیبڕاڵ – ئەمپریالیستەکان دەیانەوێ. پێک هاتنی جەند جەمسەری قودرەتمەندی کرێکاری-سۆسیالیستی لە ئاستی جیهانداو تەنانەت لە ئاستی تاکە وولاتدا دەتوانێ یارمەتیدەری ئەم ڕێبازە بێ . ل٥ (سۆسیالیزم و پەرلەمانتاریزم)}. لەم بۆچوونەی عبداللەی مهتدی دا دەردەکەوێت کە تەنها قات و قڕی و نەبوونی نەیرونی واتە ئەزمە دەبێتە هۆی نارەزایەتی و دەنگ بەرز بوونەوەی ووردە بۆرژوازی . بەڵام لە کاتێکی تری وەک گەشەی سەرمایەی سەرمایەداری و بەرهەمهینان ، لە هەردوو کاتەکەدا ووردە بۆرژوازی دەکەوێتە ژێر نەشتەری سەرمایەی گەورەو دەیەوێت لەت و کوتی بکات . واتە لە ئاستی سەرمایە بچووکەکەشیدا نەیهێڵێتەوە . هەروەها دەست درێژی و ملهوڕیەکانی ئیمپریالیزمیش هاوکاتە لەگەڵ ئەزمە و قات وقڕی یەکان . بە بیروکراتیەتی خۆی وەڵامی پێ دەداتەوە ، چونکە تاکە هۆی پارێزگاری

کردنه له دەسەڵاتی خۆی . واته ووردە بۆرژوازی بۆ ئەوە ئەجەنگێت ، کە حکومەتەکان نەی خۆن ، نەوەک دژ وەستان بێت لە بەرامبەر ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی سەرمایەداراندا . ڕادیکالیزە بوونی ووردە بۆرژوازی ، تەنها یەک واتا دەگەیەنێت ، کە بە دوای ڕیفۆرم و چاک سازی بەرگی سیاسی سەرمایەدارییە . واتە ڕادیکالیزمی ووردە بۆرژوازی ڕەخنەی توندو قایم نییە ، لە سیستەم و پەیوەندییەکانی سەرمایەداری . نابێتە ڕێگا ڕۆشن کەرەوەی شۆڕشی کرێکاران ، ئاڕاستەی سیاسیشیان بە ئاڕاستەی تاودانی مێژوودا ناڕوات . بەڵکو زۆرترین جاریان، ڕێگروو هەڵخەڵەتێنەرانە بووە لە ڕێگای خەباتی چینایەتی کرێکاراندا . لە ئێستادا ڕادیکالیز بوونی ووردە بۆرژوازی ، یانی واتاو ناوەڕۆکی چەپی ووردە بۆرژوازی ، کە توێژێکی دوو ڕوو، خەیاڵی بووە لە ئاست شۆڕشی کرێکاراندا.. لەگەڵ ئەمانەشدا عبداللەی مهتدی دڵی بەوە خۆش دەکات کە چەند جەمسەری کرێکاری – سۆسیالیستی ، ڕەخنەی توندو قایم دەگرێ لە سەرمایەداران و ئیمپریالیزم . لە درۆیەکی ڕووت بەولاوە هیچی تری لێ سەوزنابێت ، کاتێک ڕێخراوێک یان چەند ڕێخراوێکی چەند جەمسەری ، ئیئتلافێک دەکەن ، واتای ئەو ئیئتلافانە لەوە زیاتر ناگەیەنێت کە سیاسەتی کۆمۆنیستی زانستی زاڵ و قودرەت مەند نییەو نابێتە ڕێچکەی ئەصڵی بزووتنەوەی ئەو چەند ڕێکخراوییە . وە کۆمۆنیستەکان بەرەی هاوکاری و یان بەرەی ئیئتلافیان نی یە لەگەڵ هیچ توێژو چینێکی تردا . وە هیچ هاوبەشی و هاو نەزەرییەکیان لەگەڵ بەرژەوەندی توێژو چینەکانی تردا نییە . بەڵکو سیاسەتی سەربەخۆیی خۆیان و بزووتنەوەی سەربەخۆیی خۆیان هەیە ، کە بە جیاواز لە هەموو توێژو چینەکانی تر لە دەووری ئامانج و داخوازییەکانیان کۆبوونەتەوە . نەوەکو هەر ڕێکخراویکی کرێکاری ، بە سیاسەت و ئامانجی ووردە بۆرژوازی و سیاسەتی بۆرژوازی زاڵ بێت و بەوەیان لە قەلەم بدەین کە سیاسەتی دژی ئیمپریالیزمیان گرتووتە بەرو لەگەڵیدا دەجەنگن . تەنها جەنگێک ڕەوایە کە بۆ مێژوو دەگێڕێت لە لایەن کرێکارانەوە ، کە بە

هاوخەباتی کرێکارانی کۆمۆنیست ، لە جموجۆڵیدایە . واتە وورده بۆرژوازی ناتوانێت لە ئاستی جیهان و چوارچێوەی دەوڵەتێکدا دەستی چەوسێنەرانەی سەرمایەداران لەسەر کرێکاران کەم و سوک بکەن و کۆتایی پێ بهێنن . واتە تەنها نۆکەرایەتی وورده بۆرژوازییە بۆ ئیمپریالیزم و سەرمایەداری ، وا لە کەسێک دەکات کە بڕوای وا بێت ، کە وورده بۆرژوازی لە سیاسەت و ئامانجیدا دەتوانێت سیاسەتی ئیمپریالیزم بە بارێکی باشتردا وەرچەرخێنێ . واتە وورده بۆرژوازی ناتوانێت داوای دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بکات و نە دژایەتیشی لەگەڵ دیموکراسی سەرمایەداراندا هەیە . بەڵکو دیموکراسی بۆرژوازی لە قاڵبێکی فەلسەفیدا ، بۆ سەرمایەداران دەڕازێنێتەوە . وورده بۆرژوازی دەبێتە ڕێگرو فریووکارانە لەناو کرێکاراندا کارو فرمانی زهنی و سیاسی خۆی دەباتە پێشەوە . واتە ئەرکێک لەسەر شانی کۆمۆنیستە زانستییەکان ، بێ ئیعتبار کردنی بەهای تیئۆری وورده بۆرژوازییە لەناو کرێکاراندا و خرانە ژێر فشاری شۆڕشگێڕانەیانەوە بۆ ئەوەی دەست لە سیاسەتی فریوکارانەیان هەڵبگرن . هەروەها ئەو دیموکراسییە پرۆلیتارییەی کە کرێکارانی کۆمۆنیست داوای دەکەن ، تاقە وەڵامی دروست و مێژووییە بە هەموو ئەو توێژو چینانەی کە ناکۆکن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکاردا .

# دیموکراسی و هەڵبژاردن

هەڵبژاردن پرۆسیسی دەنگدان بە حکومەت و دەسەڵاتە . واتە دەنگدان بە هەر حیزبێک ، دەنگ دانە بە دەسەڵات و سیاسەت و مەنهەجی ئەو حیزبە ، کە حکومەت ڕابەری بکات . واتە دەنگدانەکان دەست نیشانی چوارچێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوو دەکەن . لە سیستەمی سەرمایەداری دا، دیموکراسی هەلبژاردن بەوەوە پەیوەست دەبێت کە حیزبە گەورەکان چییان بوویت و نەویت ، لەو چوارچێوەیەدا، دەنگ دان مەحدود دەکەنەوە .

کەواتە دیموکراسییەتی سەرمایەداری ، دیموکراسییەتی دەنگدان و هەڵبژاردنی سیاسەت و مەنهەجی سەرمایەداریە . ئەوان دەنگدانەکەیان ، لە چوارچێوەی دەنگدانێکی گشتی ئاشکرادا نی یە ، بەڵکو دەنگ دانی پشت پەردەیە . هەر دەنگدانێک سیاسەتی سەرمایەداری خستە (تناقض)ەوە ، دەچێتە چوارچێوەی نامۆ بوون بە دەسەڵاتی سەردەمی سەرمایەداری . لێرەدا مەبەست لەوە نییە کە سیاسەتەکە سیاسەتی چینایەتی دژ بە سەرمایەداران بێت ، بەڵکو لەناو خۆشیاندا ، ئەم (تناقض)ە بوونی هەبوو ئەوا هەزارو یەک پیلانگێڕی دەکەن لە بەرامبەر یەکتردا . بۆ نموونە ئەوەی کە لە تورکیادا ڕووی داو حیزبی ڕەفاهی ئیسلامی زۆرترین دەنگیان هێنا بەڵام بە هەزارو یەک پیلانگێڕی سەرمایەداری دژ بە سەرمایەی مۆدێلی ئیسلامی (کەسیاسەتیکی تری لە پشتەوەیە) بە ڕێخراو، سەرۆکەکەی و حیزبەکەشیان خستووەتە بەردەم دادگایی ئەو وواڵتە . یان ئەو دەنگە زۆرەی ئیسلامیەکان لە جەزائیر بە دەستیان هێنا ، قبووڵ نەکردنی لە لایەن سەرمایەداران خۆیانەوەو ڕێگریان کردن لە دەسەڵاتدا . ئەمانە هەر هەموویان دەلیلی ئەوەن کە سیاسەتی ئەمڕۆکەی جیهان و سیاسەتی زاڵیش ڕێگە بەوە نادات کە مۆدێلێکی تری بەرگی سەرمایەداری ، پەیوەندییە

کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان مۆدێلی ئیسلامیەکان ، بە ڕێچکەی هەمان بەرگی جیاوازو هەمان ناوەڕۆکی سەرمایەداری و ئاڕاستەی قوطبێکی سیاسی و ئابووری بکرێت . لەگەڵ ئەوەشدا ئەم حیزبانەو هەموو حیزبەکانی تری سەرمایەداری ، پەیوەندی توندو تۆڵیشیان بە ڕاگرتنی پەیوەندی ئابوری وکۆمەڵایەتی سەرمایەدارییەوە هەیە . سەرمایەی تمدن ، لەبەر ئەوە دژ بەم ڕەووتانە ناجوڵێتەوە کە گوایە ئەم ڕەووتانە کۆنە پەرستن و ئەوانیش تمدن و علمانیەت ڕێبازیانە ، بەڵکو خۆشییان بە تەواوی لە لیتەی کۆنەپەرستیدا غەرق بوون . بۆیە جارێکی تر کۆنەپەرستی خۆی زیندوو دەکاتەوە.. بەڵام لەبەر ئەوە دەجەنگن لە بەرامبەر ئەم ڕەووتانە دا ، ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەم ڕەووتانە سیاسەتی جیاوازی خۆیان بەرامبەر بە سەرمایەداری جیهانی مۆنۆپۆلی بەڕێ بخەن و بەرژەوەندیەکانیان بخەنە ژێر هەڕەشەی لەناو چوونەوە . واتە بە شێوەی گۆڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی جیاواز بە پەیوەندی سەرمایەدارانی نییە . بەڵکو ململانێی سیاسییە لە بەدەستهێنانە ئابوورییەکانی جهیاندا . ئەمە تەنها بۆ ئەفریقاو ئاسیاو بەشێکی ئەوروپا نییە ، بەڵکو ئەمەریکای لاتینییشی گرتووتەوە . ئەم شەڕە ناوخۆییە کۆنەپەرستانە ، شەڕی سیاسەتی مۆنۆپۆڵی جیهانییە ، بۆ ئیحتوا کردنی نفوذی سیاسی و ئابوری یەکتریە لە ناوچە جیا جیاکانی جیهاندا . وە بە دەست هێنانی زیاتری بازاڕەکان و قازانجی زیاترو دەستکەوتەکانیان ، گەورەترین سەرمایە دەخەنە خزمەتی ئەم سەرۆک حیزبە و ئەو سەرۆک خێڵ و دەسەڵاتی لەسەرکار بە دەسەڵاتی عەسکەرتاریەت و بیروکراتیەت ناوزەند کردنیان و داوای دەسەڵاتی دیموکراسی بۆرژوازی دەکەن و کە چەندێتی حیزبی تیادا هەبێت و ناونیشانی درۆ گەورەکانی ، مانشێتی گۆڤارو ڕۆژنامەکانیان دەبێت . لەگەڵ ئەوەشدا هەمان دەسەڵات دەبێت و سەرووچاوەکان و ناوی حیزبەکان و سەرۆک خێڵەکان دەگۆڕێت . واتە هەڵبژاردنی سەرمایەداران پرۆسیس کردنی لە پێناو زیندوو کردنەوەو تازە کردنەوەی دەسەڵاتی خۆیانە . بەڵام دیموکراسی پرۆلیتاریا ، لە پێناو

سەقامگیر بوون و بە دەستەوەگرتنی عنف و دەسەلآتی خۆیەتی کە زۆرینەی کرێکاران دەنگی پێدەدەن بە ئاشکراو داوای لەناوبردنی خۆشیان ئەکەن وەک چین بوونیان هەبێت .

ئەو تێڕوانیانەی کە ووردە بۆرژوازی ڕابەری ( ح.ک.ک.ع ) و (ح.ک.ک.آ ) و ( ح. ک.آ) هەیانە لەسەر هەڵبژاردنەکان تێڕوانینێکی زۆر ڕیاکارانەیەو هەڵقوڵاوی دیدگای ووردە بۆرژوازییە .

عبداللەی مهتدی لە (سۆسیالیزم و پەرلەمانتیزم )دا دەڵێت{ باسی ئەوە هەر ناکەم کە تەنانەت یاساکانی هەڵبژاردن لە زۆر وولآتی جیهان ئێستاش گەلێک لایەنی غەیرە دیموکراتیکی تێدایەو بە جۆرێک داڕێژراوە کە حیزبە چکۆلەکان و کەمایەتی یەکانی ناو پرۆسەی هەڵبژاردن ، کە نوێنەری بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کۆمەڵن بەڵام ناتوانن زیاتر لە نیوەی دەنگەکان بە دەست بینن ، بە گشتی لە پەرلەمانەکان وەلا دەنرێن وە یا بە پێی دەنگەکانیان نوێنەریان نییە . ل١٢ (سۆسیالیزم و پەرلەمانتاریزم)}. ئەم لێکدانەوەی عبداللەی مهتدی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و دیاری کردنی نیسبەتی هەڵبژاردنەکان و لەوێوە دەست نیشان کردنی دیموکراتیک بوون و نەبوونی هەلبژاردنەکان ، هیچ ناگەیەنێت ، بێجگە لەوە نەبێت کە دەیەوێت بڵێت هەڵبژاردنەکان بە پێی نوێنەرایەتی نیسبی بوو ئەوا ئەم پرۆسەیەی هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراتیک دەبێت . چونکە حیزبە چکۆلەکانیش ، کورسییەکانی پەرلەمان وە یان وەزارەتێکیان دەستگیر دەبێت . بە تەنها بەشدار بوونی حیزبە چکۆلەکانیش ، پرۆسیسی دیموکراتیک بوونی هەڵبژاردنەکانی سەرمایەداری ناگەیەنێت . کە لە بنەڕەتدا کێشەکان لەسەر ئەوە نی یە ، کە لە هەڵبژاردندا جۆری هەڵبژاردنەکە دائیری (بازنەیی) دەبێت یان نیسبی ، چونکە هەر بارێکیان لە هەڵبژاردن هیچ جیاوازییەک ناگەیەنن کە شایەنی پیا هەڵدان بێت . تەنها لە زیندوو کردنەوەی جارێکی تری چاوەڕوان هێشتنەوەی کرێکاران و خۆش

باوەڕبوونیان لە بازنەی بە تالّی هەڵبژاردنی نوێدا نەبێت هیچی تر نییە . هەر ئەو کاتەی کە هەڵبژاردنەکان نیسبی دەبێت و حیزبە چکۆلەکانیش کورسی پەرلەمانیان بە نسیب دەبێت لە پەرلەمان و حکومەتەکانیاندا ، ناتوانن بڕوای زۆرینەی خەڵک بن لە پەرلەمانداو دەوری کاریگەریان لەسەر سیاسەتی ناو پەرلەمان و حکومەت هەبێت ، بتوانن سیاسەتی حیزبە گەورەکان ئیحتوا بکەن و  بەرەنگاریان ببنەوە . کە هیچیان لە ئاستی حیزبێکی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا نابێت . ئەو داواکردنەی کە حیزبە بچووکەکانیش با بچنە ناو پەرلەمانەوە ، هیچ ناگەیەنێت ، بێجگە لەوە نەبێت کە ووردە بۆرژوازی دەیەوێت سەهمی خۆی بباتە ناو پەرلەمان و حکوومەتەوە و داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانیان تیایدا بکەن . لە زۆرترین کاتدا حیزبە چکۆلەکان دەبێت بچنە چوارچێوەی ئیئتلافێکەوە لەگەڵ حیزبە گەورەکان ، تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە پارێزگاری لە خۆیان بکەن ، دەبنە گوێ ڕایەڵی سیاسەتی حیزبی گەورە ، دەنگیان دەبێت بە دەنگی گەورە ، واتە سیاسەتی حیزبی گەورە دەبێت بە سیاسەتیان . لەم بارەشیاندا سەربەخۆیی خۆیان لە دەست دەدەن و ناتوانن دەنگیان دەنگی دەرچوو بێت ، یان لە هەڵبژاردنی بازنەیی دا (دائیری)دا ، دەکەونە دەرەوەی پەرلەمان و حکومەت . لە هەردوو بارەکەیاندا ، دەنگیان بوونی ئەوتۆی نابێت یان کاریگەریانە نی یە لەسەر سیاسەتی حیزبە گەورەکان .

لەسەر مەسەلەی دەنگ دانی گشتی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و حکومەتی سەرمایەداری عبداللەی مهتدی لە هەمان چاوپێکەوتندا دەڵێت { لە بابەت وسەرچاوەی ئاڵ و گۆڕەکان ، پێموانیە کەس بتوانێ حاشا لەوە بکا کە ئەو ئاڵ و گۆڕانەی لە زەمینەی مافی هاووڵاتیاندا پێک هاتوون و وە دەست هاتنی مافی دەنگ دانی گشتی، سەرەڕای موقاوەمەتی بۆرژوازی و حکومەتەکانی و دیارە سەرەڕای نارەزایەتی پەرلەمانەکانیش، بە هێزی شۆڕشە کریکارییەکان و خەباتی کۆمەڵایەتی کرێکاران ، بزووتنەوەی ژنان

و ...، یانی بەهێزی خەباتێکی بەدەر لە پەرلەمان لە لایەن موخالیفانی پەرلەمانەوە لە پلەی یەکەمدا بە هێزی کرێکاران وەدی هاتوون و ئەمجار پەرلەمانەکان و حکومەتەکانی بۆرژوازی ناچار بوون ئەم ئاڵ و گۆڕانە بسەلمێنن . ل١٢-١٣ (سۆسیالیزم و پەرلەمانتیزم)}. ئەم خۆش باوەڕی یە کە عبداللەی مهتدی دەستی داوەتێ ، بێجگە لە دیفاع کردن لە دیموکراتیک بوونی هەڵبژاردنەکانی سەرمایەداری هیچی تریان لێ سەوز نابێت . کە هەڵبژاردنی گشتی لە پەرلەمانەکاندا ، پرۆسیس دەکرێت ، هەموو لەو مێژووانەوە سەر هەڵ دەدەن کە خودی سەرمایەداری لە مێژووەکەیدا تووشی تەنگژە بووە . یان ئەو حەتمیەتە مێژووییەی کە بووەتە تارماییەک بەسەر ئەو مێژووەوە ، چارەنووس سازە بۆ کۆمەڵگا !. سەرمایەداری دەیەوێت لە بەرامبەریدا خۆی ڕابگرێت و درێژە بە تەمەنی بۆگەنی خۆی بدات . واتە جاریک لە ڕێگەی جەنگە جیهانی یەکان و کاول کارییەکانی و جارێک جەنگی ناوخۆیی دەگۆڕێت بۆ جەنگێکی کۆنەپەرستی قێزەوون و جارێکیش جەنگی ئەستێرەو لە لایەکی ترەوە جەنگی ساردی نێوان دوو بلۆک و ئەمجارەشیان لە ڕێگەی دەنگدانی گشتییەوە دەسەلاتی خۆی سەقامگیر دەکاتەوەو بە هەموو ئەو دیاردانە دەیەوێت ، کرێکاران دەستیان لە شۆڕشەکەیان بەربدەن و هەوڵی شۆڕشگێڕانەیان لەناو بەرن . ئەوان لە مێژووی خۆیاندا لە سەرەتای سەرهەڵدانیاندا وەک بزووتنەوەیەک باسیان لە ئازادی دەکرد ، بەلام کام ئازادییەکان (بێ گومان ئازادی لە فرۆشتنی هێزی کاردا بۆ کرێکاران و ئازادی لە کڕینی ئەم هێزەی کارە لە لایەن سەرمایەدارانەوە.) ڕاستە کاریگەری لە دەرەوە هەبوو، بۆ سەر پەرلەمان . بەلام ئەم کاری گەریانە نەبوونەتە پێشڕەفتی یەک بۆ بزووتنەوەکان .

واتە لە زۆرێک لە وولاتانی دنیادا ، ڕۆژی ٨ی مارس بە ڕەسمی هێشتا ناناسرێت و پشووی ڕەسمی نییە.. کەواتە زۆرێک لەو یادو بیرەوەریانەی کە پەیوەندە بە شۆڕش و چینی کرێکارەوە، وەک شۆڕشی کۆمۆنەی پاریس

و شۆڕشی ئۆکتۆبەر، کە پەیوەندیان بە مێژووی خەباتی چینی کرێکارەوە هەیە ، لە کام پەرلەمان و حکومەتەکانیاندا تشریع کراوە و بە پشووی ڕەسمی دەناسرێت و ڕێگەی لە یاد کردنەوەی ناگرن . کەواتە ئەوەی عبداللەی مهتدی باسی لە هێزو تواناکانی خەباتی چینی کرێکار کردووە بۆ سەر پەرلەمان و حکومەتەکانی سەرمایەداری ، پرۆسسیس کردنی هەڵبژاردنی گشتی لە سەرمایەداریدا ، هیچ نییە، بێجگە لە خۆش باوەڕبوونی ووردەبۆرژوازی بە پەرلەمان و حکومەتی سەرمایەداری و دروست کردنی گیانی پەیوەست بوونی کرێکاران بە پەرلەمان و هەڵبژاردنی گشتی ئەم دەسەلاتە .

کەواتە ئێمە ئەبێت لەوەوە سەیری کاریگەری خەباتی چینایەتی چینی کرێکار بکەین لەسەر پەرلەمانەکان کە قانوونی دڵخوازو پێویستی ژیانی خەبات و تێکۆشانی کرێکارانی تێدا بێت . کە ئەم حاڵەتە بە هیچ جۆرێک لە پەرلەمانەکانی سەرمایەداری دا ، ڕێگەی پێ نادرێت . واتە مارکس ووتەنی ( کە ووردە بۆرژوازی داوای هەرچ جۆرێک لە ژیانی ڕیفاهی دەکات لە چوارچێوەی نیزامی سەرمایەداری دا . داواکاری درێژ بوونەوەی ژیانی سەرمایەداری یە ) کەواتە نابێت لەوێوە سەیری پەرلەمان و دیموکراتیک و نا دیموکراتیکی بکەین کە عبداللەی مهتدی باسی لێوە کردووە . بەڵکو ئەو تەشریعانەی کە لە ناو پەرلەماندا ..... دەبێتە پەیڕەوی کۆمەڵگاو دەسەلاتی جێ بە جێ کردنی، یاساکانی پەرلەمان دەکەن ، لێرەوە دەتوانین دەست نیشانی دیموکراسی یەکەیان بکەین ، کە دیموکراسی بۆرژوازییەو کرێکارانی پێ دەخەنە پەیوەندی کاری بە کرێوە .

بۆ ئێمە ئاڵوگۆڕەکان لەسەر ناوکی یاساکانی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە ، نەک لەسەر ڕووکارەکانی دەرەوەی پەرلەمانی سەرمایەداران . ئەو بۆ چونانەی کە لە دەرەوەی سیاسەتەکانی پەرلەمان دەڕوانێت ، تەنها خۆش باوەڕی بەرهەم دێنێت و سیاسەتی دیماگۆجیانە پەیڕەو دەکات . هەروەها

ئەوەندە لە ناو ڕیفۆرمدا دەتوێتەوە ، کە مەسەلەی ستراتیژی دەخرێتە پێناویەوە . ئەم بارەش بەوە دەبینین کە لە ڕووکاری دەرەوەدا پەرلەمان گۆڕانکاری کردووە و مەسەلەکەی پەیوەندی بە ڕیفۆرم و داواکاری ڕیفۆرمیستانەی کرێکارانەوە هەیە هەر چۆنێک بێت ئەم ڕیفۆرمانە بە پێشڕەفتێک دابنێن و بزووتنەوەی کرێکارانی پێ لە مەنگەنە بدەن . واتە لە لای ئەوان ڕیفۆرم دەورێکی شۆڕشگێڕی هەیە . واتە ڕیفۆرمی گەورەی وەک دیموکراتیک بوونی هەڵبژاردەکانی پەرلەمان (بە ووتەی خۆیان) ، لە کارە هەرە گەورەکانیانە . بەڵام ڕیفۆرم مانای ئاڵوگۆڕ پێک ناهێنێت ، بەڵکو مانای جێکەوتەو هێشتنەوەی هەمان پەیوەندی پێشوو دەگەیەنێت . هەروەها ئەوەی کە ئەم  ووردە بۆرژوازی یە بەحثی لەسەر کردووە ، ناوەڕۆکی بۆرژوازیانەی پەرلەمان ناگۆڕێت و لەگەڵ ئەوەشدا بە پێش ڕەفتێک دانانرێت . ئەو واتایانەی کە لە بۆچوونەکانی عبدالله مهتدی دا هەیە ، ئەوە دەگەیەنێت کە ئعترازات و بزووتنەوەکان و خەباتی چینایەتی کرێکاران ، بخاتە چوارچێوەی داخوازی و ئاواتەکانی سەرمایەدارییەوە و ئارایشتی سەرمایەداری بە خشڵی ووردە بۆرژوازی بڕازێنێتەوە . ئەوانە نازانن چۆن چ درۆو فڕوفێڵێک بەکار بهێنن و دروستی بکەن لە فێڵەکانیان تا بتوانن ئاڕاستەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار بە ئاڕاستەی ڕیفۆرمیستیدا ببەن و لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا بەشێک لە داهاتی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان بە دەست بهێنن ، شڵەژانێک بخەنە بەردەم ڕەوتی خەباتی کرێکارانەوە .

لە وەڵامی پرسیارێکدا عبداللەی مهتدی دوو شتی زۆر لێک جیا باس دەکات و تناقض دەخاتە ناو بۆچوونەکانییەوە و دەڵێت{ ئەو پێش ڕەفتانەی سەرەوە کە خۆیان بە هۆی اعترازات و بزوتنەوەکان و شۆڕشەکان بەسەر بۆرژوازیدا سەپێنراون، هیچ گۆڕانێکی کەم و زۆریان لە چوارچێوە و ناوەڕۆکی بۆرژوازی پەرلەمانەکان دا پێک نەهێناوەو ناشتوانێ ئەمە بکەن .

ل١٣(سۆسیالیزم و پەرلەمانتاریزم)}. مەبەستی پێشڕەفتەکان ، ڕیفۆرمی دەرەوەی هەڵبژاردنەکانە لە پەرلەمانی بۆرژوازیدا . کەواتە ئەم پەرەگراڤە دوو ناوەڕۆکی لێک جیا بەیان دەکەن . چونکە ئەبێت بزوتنەوەکان و شۆڕشەکان کە بەسەر بۆرژوازیدا سەپێنراون . گۆڕانکاری لە یاسا و ڕێسای سەرمایەداریدا بکات و بتوانێت لە ئەشکالی دەرەوەی سیاسەتەکانی سەرمایەداری واوەتر بچێت . ئەگینا نە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بوەو نە اعترازێکی سەپێنراو بووە بەسەر سەرمایەداریدا ، یان عبدالله مهتدی دەیەوێت ئەوە ڕابگەیەنێت ، کە پێشڕەفتییەک کراوە لە پەرلەماندا و بزووتنەوەکانیشیانی گرێداوە بە ڕیفۆرم لە دەرەوەی هەڵبژاردنەکاندا . پێشڕەفتەکان تەنها لەوەدا دەبینێتەوە کە هەڵبژاردنەکان نەبەستراوەتەوە بە مەرجی خاوەنداریێتییەوە . ئەم دیدگایە ، چەکوش کاری دەکات بۆ سەرمایەداری . وورده بۆرژوازی دەیەوێت نەخش و نیگاری سەرمایەداری ، بە جوانترین شێوە نیشان بدات . لە لای ئێمە پێشڕەفتیەکان بەندە بە دەستهێنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و پرۆسیس کردنی دیموکراسیەکەی . بۆ ئێمە نیزامی سەرمایەداری لەوە دەرچووە کە وورده بۆرژوازی بیەوێت بە هەزارو یەک بیانووەوە ، پەیکەری سیاسی و ئابوری بە زیندوویی بهێڵێتەوە لە زهن و بۆچوونی ئینسانیدا . هەروەها عبداللەی مهتدی مافی هاوولاتی بوون و بەشداری کردنیش لە هەڵبژاردنەکاندا بەوە دەبینێتەوە کە شۆڕشە کرێکارییەکان بزوتنەوەکانیان ئەمانەیان بەدەستهێناوە ، بەڵام بیر لەوە ناکرێتەوە کە دەستکەوتەکانی تەنها لە پێناوی چاک سازی سەرمایەداری بووە ، زیندوهێشتنەوەی پەیوەندی کارو سەرمایە بووە لە ناو کرێکاراندا لە لاپەرە (یانزە) دا عبدالله مهتدی دەڵێت { بە پێچەوانەی یونانی کۆن، ئەوە نیە کە کۆیلەکان مافی ئەوەیان نەبێت کە بچنە پەرلەمان ، یانی کرێکاران وەک چینێکی کۆمەڵایەتی کۆسپێکی قانونی لەسەر ڕێگایان نییە . ئەو بێ مافییە ، بە هۆی خەباتی کرێکاری و لە هەل و مەرجێکی دیاری کراودا کە ئیمکانی لەناو چوونی ئەو بێ مافییەی پێک هێنا بوو ، لە

ناو چووه . سەر ئەنجام بە هۆی شۆڕشەکان و بزووتنەوە کرێکارییەکان ، بۆرژوازی ئامادە نەبووە ئەوە بسەلمێنێ کە ((هاوولاتی)) هەموو دانیشتوان دەگرێتەوە نەک تەنها خاوەنانی مالکیەت . ل١٥-١٦(سۆسیالیزم و پەرلەمانتاریزم)} .
کرێکاران مافی دەنگدانیان هەیە لە سیستەمی سەرمایەداریدا . نەک دەنگ لەسەر گۆڕانی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی کۆمەڵ بدەن و بە ئاگر و ئاسن وەلام وەرنەگرنەوە . کام شۆڕش ، لە خوێندا هەڵنەکشاوە و دەسەلاتی سەرمایەداران لە ناوچوبێ . واتە هەڵبژاردنەکانی کرێکاران لە چوارچێوەی دەسەلاتی هەڵبژێردراوی سەرمایەداریدایە . هەروەها کۆیلەکان لە کاتی خۆیدا مافی دەنگدان و بەشداری کردنیان لە دەسەلاتدا نەبووە ، شۆڕشەکەشیان بێ خوێن ڕشتنێکی زۆر نەبووە . هەروەها کۆمۆنەی پاریس ، سەرمایەداری بەدڵی خۆی دەسەلاتی لە بەردەم شۆڕشگیراندا چۆڵ نەکردوو (٧٢) ڕۆژیش لە تەمەنی ئەو دەسەلاتە ، بە بێ پیلانگێڕی و هێرشەکانی سەرمایەداری نەبووە . جیاوازییەکان لەوەدایە کە کۆیلەکان نەیان ئەتوانی بەشداری هەڵبژاردن بکەن و لە سیستەمی سەرمایەداریدا کرێکاران مافی دەنگ دانیان هەیە وە دەست بردنیش بۆ دەسەلات و پەرلەمانی سەرمایەداران وەلامی ئاگرو ئاسنی دەبێت . لەوێدا بێ ماف کردنی کۆیلەکان دەنگ بۆ خاوەن کۆیلەکان دەدات . لێرەدا مافی دەنگدان دەنگ بۆ سەرمایەداران دەدات .

واتە بێ مافییە کە لە مافی دەنگدان دایە . بێ گومان سیستەمی سەرمایەداری لە مانیفیستی خۆیدا ، هاوولاتی هەموو چین و توێژەکان دەگرێتەوە ، بەیان کردووە بەلام هاولاتی بونی کرێکاران ، مانای لە دەست دان و توانەوە و لە بەین بردنی چینی کریکارە ، لە خەبات و دەوری شۆڕشگێڕی . لەبنەڕەتدا پرۆلیتاریا پەیوەندی جیهانی خۆی ناخاتە چوارچێوەی سنوورو دەسەلاتی یەک ولاتەوە تا بە هاوشاری یان هاو

نیشتمانی و هاوولاتی ، پەردە پۆشی چینایەتی بکرێت و لە دەورە مێژوویەکەی لاببرێت .

عبداللەی مهتدی لە وەلامی پرسیارێکیدا دەلێت { پەرلەمان، لە هەندێک سات و سەردەمی هەلکەوت و((استثنایی)) دا نەبێت ، هەرگیز مەیل و وویستی ڕاستەقینەی جەماوەر نانوێنێ ، بەلکو لە باشترین حالەتدا وویست و مەیلی جەماوەر بە شێوەیەکی تەحریف کراو لە ((مجمع ی قانونی بەرهەلست کارانی جەماوەر)) دا دەنوێنێ . ل١٧- ١٨ (سۆسیالیزم و پەرلەمانتیزم)}. کاتێک کە پەرلەمان سەرمایەداری نوێنەرایەتی دەکات ، لە هیچ کاتێکدا وویستی ڕاستەقینەی جەماوەر نانوێنێ . بە مانای بەرژەوەندی تەواوی داخوازی و بۆ پێویستییەکانی جەماوەر ، ئەبێت کام حالەتی (استثنایی) بێت ، کە عبدالله مهتدی باسی لێوە دەکات !؟ پەرلەمان نوێنەری کام داخوازی بووە و دەبێت ، ئەمەش لە درۆیەکی ڕووت بەو لاوە هیچی تر نیە .

بەلێ کرێکارانی ئەلمانیا کرێکەیان زیاد دەکەن لە بەرامبەری دا سەرمایەداران، باج دەخەنە سەر شتومەکە بەکارهێنەرەکان و بە چوار قاتی زیاد کردنەکەیان ، سەرمایە دەگێڕنەوە بۆ بودجەی دەولەتیان . لە لایەک ئەم ووردە بۆرژوازیە ڕازی نیە لە دەسەلاتی پەرلەمان و لە لایەکیش پێ ی وایە هەندێک باری استثنایی هەیە ، دلی عبدالله مهتدی ڕازی دەکات و پەرلەمان و وویستی ڕاستەقینەی جەماوەر ڕاڤە دەکات . سەیر نیە کە ئەم دید و بۆچوونانەی ووردە بۆرژوازی ، دلی چەوسێنەرانی پێ ڕازی دەکەن و بەیانی نوێنەری ڕاستەقینەی جەماوەر بە سەرمایەداری دەکەن . سەرمایەداران لە نوێکردنەوەی دەسەلاتیان ، هەلبژاردنەکان بە پارە و پولێکی زۆر دەڕازێننەوە و لە پێناویدا چەند ملیۆن خەرج دەکەن . لەولاوەشەوە پەرلەمان کۆنترۆل دەکەن پەرلەمان ئەمانە کۆنترۆل ناکات ، ئەو دەسەلاتەکەی لە هەر شوێنێک بێت ، دەبنە دەمڕاست و قسەکەری

تەواوی جەماوەر و بەرژەوەندیەکانیان . لە دەستور و یاساکانی پەرلەماندا، خاڵ بەندی بکەن و مەیل وویستی ڕاستەقینەی جەماوەر بنوێنێت . کە خودی هەڵبژاردنەکان و دەسەڵاتی پەرلەمانی بۆ پارێزگاری و زیندو ڕاگرتنی بەرژەوەندی بۆرژوازی و سەرمایەدارانە . واتە ناکرێت بەرژەوەندی یەکان باس بکەن و لادانی تیادا بکەن . بەڵکو ئەو خولگەیەی کە بۆ ڕەوتی هەسارەی سەرمایە درووست کردووە ، نە ترازێو و کاریگەری گەورەی لەسەر نەبێت . بۆ ئەوەی چینی کرێکار بە مەیل و وویستی بەرژەوەندییەکانی خۆی نەگات ، یان دوورتر بخرێتەوە .

لە هەمان وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بەشێک لە وەڵامەکەیم لەسەرەوە هێناوەتەوە عبداللەی مهتدی لە لاپەڕە (نۆزدە)دا دەڵێت { بۆچی جارێک لە جاران هەڵناکەوێ لە کێشەی نێوان کرێکارو خاوەنکاردا کە وولاتێک دادەگرێ ، پەرلەمانەکان لایەنی کرێکاران بگرن و بڕیار بدەن کە دەوڵەت پۆلیس بنێرێ هەتا خاوەن کارەکان بە پێ ی حوکمی قانوون – نەک بە زەبری باتووم و گۆپاڵ و سەگ تێ بەردان ئەو جۆرە کە لەگەڵ کرێکارەکان دەجووڵێنەوە – پاشە کشە پێ بکەن ؟ ل١٩ (سۆسیالیزم و پەرلەمانتیزم)}. عبداللەی مهتدی لەم پەرەگراڤەیدا جیاواز دەڕوانێتە پەرلەمان و دەسەڵاتەکەی و جیاوازیشی هەیە لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی کە لە لاپەڕە (حەڤدە)دا هەیە ، تێڕوانین و ڕەخنەی خۆمان ئاڕاستە کردووە . قانوون قانوونی سەرمایەدارانە ، قانوونی حکومدانە بەسەر کرێکاراندا ، نەک قانوونی مەحکەمەی سەرمایەداران بێت . هەروەها دەسەڵاتیش بە پۆلیس وسەگەوە بۆ ئەو قانوون و یاسایانە لە خزمەتدان . ئەوپەڕی گەمژەیی یە کە وا بزانرێ قانوونی سەرمایەداری قانونێکە ئەتوانێت مەحکەمەی سەرمایەداران بکات ، کە چۆن لەگەڵ کرێکاراندا زەبروو زەنگی هەیە ، بێگومان وەکو ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا ، بەشداری دەکەن و دەنگی بۆ دەدەن .

دەنگ بە قانوونی زەبرو زەنگی سەرمایەداران دەدەن ، بەرامبەر بە چینی کرێکار ، کەواتە زەبروو زەنگەکان و قانوونەکان ، بۆ پارێزگاری کردنە لە قانوونی بوونی بێکار کردن و نەبوونی جێگەی نیشتەجێ بوون و ..... بۆ سەرمایەدارانیش قانوونی پارێزگاری سەرمایەی سەرمایەدارانە و قانوونی توند و تیژ کردنەوەی هەل و مەرجی کارە . قانوونی کام دەسەلات لە پێناو دادگایی کردنی خۆیەتی !؟ بێ گومان هیچ دەسەلاتێک ئەوە بە جێ ناهێنێ . لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی سەگ و پۆلیسە .          ئۆپۆرتۆنیستی عبدالله مهتدی وای کردووە کە چاوی داخات لە ئاست مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ، کە هۆشیاری کرێکارانە ، لە دەنگدان و دەنگنەدان . واتە کارەکان زۆری بە لای ئەوەوە ، کە کرێکاران کام هۆشیاریان هەیە ، دەنگ بۆ نوێ بوونەوەی دەسەلاتی بۆرژوازی دەدەنەوە . عبداللەی مهتدی لە لاپەڕەی (بیست و چوار)داو لە لاپەڕەکانی پێش و پاشیشدا ، ئەوەندە تەئکید لە بوونی دەسەلاتی زاڵی ئابوری و ئامرازەکانی دەسەلاتی سەرمایەداری دەکەن ، کە خۆیانی بێ هیواو کرێکارانی بێ توانا کردووە یان (دەکات) لە بەرامبەر سەرمایەداران و دەسەلاتەکەیان و بۆ لەناوبردنی پەرلەمان و یان مقاطعەی پەرلەمان . ئەگەر حیزبە ڕیفۆرمیستەکان و ایتحادیە ڕیفۆرمیستەکان ، کرێکارانیان لە دەوری خۆیان و سیاسەتەکەیان کۆ کردووەتەوەو دەنگ بە سیاسەتی پەرلەمان دەدەن . ئەوا خودی سیاسەت و هۆشیاریەکی نادروستی کرێکارانی واقعی ئێستایە ، کە جموجۆڵەکانیان لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوانەدا دەدۆزنەوە . واتە بوونی سیاسەتی کرێکارانی کۆمۆنیست و هۆشیارییەکەیانە ، کە دەنگ بە پەرلەمان نادەن ، وە ئەتوانن هەموو ئەو دام و دەزگایانە بێ ئیعتبار بکەن کە لە خزمەت سەرمایەداراندایە . واتە پێش گرتن بەم سیاسەتانە ،  بە کاری خود بە خودی بێ پرنسیپ و دیسپلین نابێت . بێگومان پێویستی بە هۆشیاریەک هەیە کە بتوانێت ، دەربڕی تەواوەتی دەسەلات و بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریا بێت . چونکە خۆشباوەڕبوونی کرێکاران کە لە نەبوونی هۆشیارییەوە دەبێت ، هۆیەکی

گرنگی هێشتنەوەی سیاسەت ودەسەڵاتی پەرلەمان و دەنگدان بە حکومەتەکەیەتی .

## دیموکراسی و سەردەمەکان

مێژووی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ ، مێژووی بەکارهێنانی زەبروو زەنگ بووە . بۆ بە دەست هێنانی سیستەمێکی نوێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، واتە بۆ بە دەست هێنانی دەسەڵات و فەرمان ڕەوایی خۆی ، ئەم زەبروو زەنگانەی بەکار هێناوە . واتە هیچ پەیوەندی یەکی کۆمەڵایەتی ، لە خۆیەوەو ڕۆتین بە دەست نەهاتووە . کۆمەڵگاش لە پەیوەندییەکانیدا ، ئەم پرۆسەیەی بە شێوەی تایبەتی خۆی بەکار هێناوە . کەواتە کاتێک کۆیلەکان بە ڕووی خاوەن کۆیلەکاندا ڕاپەڕین و داوای هەڵوەشانەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆیلەداریان دەکرد ، لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنانی زەوی و زارە گەورەکان و گەشەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەبەگایەتی ، لەناو کۆیلەداریدا، کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکان دانا بوو. بەڵام ئەم گۆڕان کاریانە بە دەست نە دەهاتن ، هەتا کۆیلەکان بە توند ترین شێوە و بە خوێن ڕشتنێکی زۆر بە دەستیان نەهێنایە . چونکە خاوەن کۆیلەکان ڕێگەیان بۆ دەرەبەگایەتی چۆڵ نەدەکرد ، کە ئەو زەبرو زەنگانە نەبووایە لە لایەن کۆیلەکانەوە لە گەڵیاندا بەکاریان هێناوە . واتە زەبرو زەنگ بەشێکە لە شۆڕش، شۆڕشەکانیش بە بێ زەبرو زەنگ ناتوانن سەرکەوتنی خۆیان بە دەست بهێنن .

ئەم زەبرو زەنگانە دەبنە دەسەڵات و چینێک ڕابەری ئەو دەسەڵاتە دەبێت و چینەکانی تر دەچەوسێنێتەوەو ڕێگەی ئەوە نادات کە نەشونمای خۆیان بە دڵی خۆیان بکەن .

لە ناوەندی ئەم دەسەڵاتەشدا ، بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندی کۆمەلایەتی خۆیان ، پێویستیان بە بەشێک لە هاوکاری خۆیان هەیە ، کە ناوەندی دیموکراسی تایبەتی خۆیان دەست نیشان دەکات . واتە ئەوان لەسەر ئەوە کۆ دەبن کە پارێزگاری بەرژەوەندییەکانیان بکەن .

کاتێک کە نیزامێکی کۆن کۆتایی پێهات و هەموو پایە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە دەست دا بوو، ناکرێت ئێمە بە هەمان شێوەو بە هەمان دەستوری کۆن ، دەسەڵاتی ڕابردوو زەبرو زەنگە شۆڕشگێڕانەکەی ڕاڤە بکەین . کەواتە ئەبێت بۆ سەردەمی سەرمایەداری چیمان پێویست بێت ، تا بتوانین سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بە دەست بهێنین. بێگومان پرۆلیتاریا پێویستی بە زەبرو زەنگی شۆڕشگێڕانەی خۆی هەیە ، تا بتوانێت دەسەڵاتی بۆرژوازی و سەرمایەداران لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربهێنێت . چونکە بۆرژوازی و سەرمایەداران، هەرواو لە خۆوە دەسەڵات ڕاگوێزی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا ناکەن . ئەوان هەرچیەکیان بۆ بکرێت ، ڕێگە لەو حەتمیەتە دەگرن کە پرۆلیتاریا جێ بە جێی دەکات . بەڵام ئەم حەتمیەتە پرۆلیتاریا لە ڕێگەی شۆڕش و تەفرو توناکردنی سەرمایەداران و نیزامەکەی بە دەستی دەهێنن . لە مێژووی ئەم شۆڕشەی پرۆلیتاریا دەسەڵاتێک دێتە پێشەوە کە پێویستی مێژووییە بۆ بە دەست هێنانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم . بێ گومان کاتێک پرۆلیتاریا دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێت ئازادی بوونی خۆی لە دەستدەدات . واتە ئازادی هێشتا ناتوانێ بوونی کرداری خۆی بسەلمێنێت ، چونکە سەرمایەداران و بۆرژوازی بوونی تەواوەتی خۆیان لە دەست نەداوە . واتە ستراتیژی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا ، بە لە ناوبردنی سەرمایەداران و بۆرژوازی ئەتوانێت خۆشی لە ناو ببات و بنیاتی نەواتی سۆسیالیزم و

کۆمۆنیزم بکات . ئینسانەکان لەوێدا دەستیان بە ئازادی و یەکسانی ڕادەگات . واتە دەسەڵاتی دیموکراسیانەی پرۆلیتاریا (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا)، لە ئیش و کارەکانیاندا جیاوازی بنەڕەتی و گرنگی خۆی هەیە ، لەگەڵ دیموکراسی سەرمایەداران . چونکە پرۆلیتاریا دەیەوێت دەسەڵاتی چینایەتی بە هەموو ناوەڕۆکەکانییەوە لە ناو ببات و دەسەڵاتی زۆرینە یان کەمینەی کۆمەڵ نەمێنێت . بەڵام لە دیموکراسی سەرمایەداراندا ، لە پێناو پارێزگاری و هێشتنەوەی دەسەڵاتیاندا بەکاری دەهێنن .

لە چ کاتێکدا دیموکراسی پرۆلیتاریا ، بوونی دیموکراسییەکەی خۆی ناهێڵێت ، یان واتای عملی و تیئۆری خۆی لە دەست دەدات کاتێک سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم پێکهاتبێت بۆ کۆمەڵ لەبەر ئەوە لە ئێستادا قسەکردن لەسەر نەمان و لە بەین چوونی بەهای تیئۆری و کرداری دیموکراسی پرۆلیتاریا و یەکسان کردنی بە دیموکراسی بۆرژوازی ، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت ووردە بۆرژوازی ئانارشیست ، سیاسەتی خۆی جووت بکات لەگەڵ سەرمایەداریدا . چ کاتێک سیستەمی سەرمایەداری لە ناوچوو بە هەموو بەشەکانی یەوە ، ناوەڕۆکی دیموکراسییەکانی تر هەر هەموویان لە گەڵیدا لە ناو دەچن و ئینسان دەگاتە پەیوەندی ئازادی و یەکسانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا .

مەسەلەی ئازادی و دیموکراسی جیاوازییەکەیان لە دەربڕیندا نییە ، کەوا منصوری حیکمەت لە وەڵامی پرسیاری (پازدە)دا قسەی لەسەر کردووەو دەڵێت { من مخالەفەتێکی فۆنەتیکیم نییە لەگەڵ بەکارهێنانی ووشەی دیموکڕاسی، لە زۆر باردا خەڵک لە جیاتی مەفهومی ئازادی ، بەرقەراری مافە مەدەنییە ناسراوەکاندا، وە یان تەنانەت لە جیاتی بوونی تەحەمولی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر بیرو ڕاو ڕەسم و عادەتە جۆراو جۆرەکان و شتی لەم بابەتانەدا لەو عیبارەتانە کەڵک وەردەگرن . ئەوەی کە من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە ئەم مەفهومە، لەو جێگایەدا کە وەکو ئایدیالێکی

سیاسی بەکار دەبرێت و بە تایبەتی لەو جێگایەدا کە چەپ دەچێتە سەر ناساندن و پیاهەڵدانی، مەفهومێکی سەرلێ تێکدەرە و لە ڕووی سیاسییەوە زیان لە خەبات بۆ ئازادی واقعی دەدات. باسەکەی من ئەوەیە کە دیموکراسی هاوتای ئازادی نی یە . ل٣٨ ( دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا )}. دەبێت چ کاتێک دیموکراسی هاوتای ئازادی بێت ؟ یان بەرقەراری مافە ئینسانیەکان ! بێ گومان ئازادی و دیموکراسی دوو ناوەڕۆکی لێکجوودان و دوو مەفهومی دوو سەردەمی جیاوازن . ئازادی و یەکسانی، لە کۆمەڵگای بێ چینیدا دەبێت و تایبەتمەندی سۆسیالیزم وکۆمۆنیزمە . بەڵام دیموکراسی، تایبەت مەندی، دەسەڵاتی چینەکان دەبێت . کە ئەویش لە لای هەر چینەو پەیڕەوی کردنێک لە دیموکراسی و دەسەڵاتیدا هەیە . واتە ئازادی بوونی نابێت لە دەسەڵاتی سەرمایەداران ، ناوەڕۆکی ئەم دەسەڵاتە ، پێشێل کردنی هەموو مافەکانی کرێکارانە . بەڵام لە دەسەڵاتی  پرۆلیتاریادا، بەهرەمەند بوونی ئەو چینەیە ، لە پێناو لە ناوبردنی تەواوەتی دەسەڵاتی سەرمایەداران و دەسەڵاتی خۆیان . واتە لە هیچ بارێکیاندا ئازادی بوونی نابێت و ناوەڕۆکێکی پوچ و بێ مانا دەبێت . بۆ ناساندنەوەی دەسەڵاتی چینایەتی چینەکان، وە جیاوازی یەکانیش فۆنۆتێکی نین و یان بەکارهێنانەکانیش، لە ڕووی فۆنەتیکییەوە ، ناچێتە ئاستی بەکار هێنانێکی دروست و ڕاستەوە .

من قسە لەسەر ئەوە ناکەم کە چەپ چی دەڵێت و چ ناڵێت . لەگەڵ ئەوەشدا هەر لایەنێک و هەر ڕێخراوێک هەر بۆچوونێک بڕوای بەوە نەبێت کە دیموکراسی باشترین پێناسەی دەسەڵاتی چینایەتییە ، لە لێکدانەوەکانیاندا، نا ڕاستی و نا واقعی بەیان دەکرێت و لە بەرژەوەندی بۆرژوازی و دەسەڵاتی قسە دەکات . چونکە دیموکراسی ڕێگا بە ئازادی ئینسانیەکانی خوار دەسەڵات نادات بە چین و توێژی جیاوازەوە . هەروەها ئازادی لە لای کۆمۆنیستەکان ، کاتێک بەرهەم دێت کە دەسەڵاتی چینایەتی

لەبین چوو بێت . هەروەها کاتێک منصوری حیکمەت دەڵێت ئازادی هاوتایی دیموکراسی نیە ! ئەی چۆن دەبێت دیموکراسی و ئازادی ، مخالەفەتێکی فۆنەتیکییان نەبێت !؟. ناکرێت بڵێین سەرمایەدارو پرۆلیتاریا، جیاوازی فۆنەتیکییان نییە و لە بەکار هێنانیشیدا هیچ مشکیلەیەکمان نییە ، بە سەرمایەدار بڵێین پرۆلیتاریا و بە پرۆلیتاریا بڵێین سەرمایەدارو داخوازی یەکانیان وەک یەک سەیر بکەین و مخالەفەتێکی فۆنەتیکیشمان نەبێت . بێ گومان ئەوەی منصوری حیکمەت دەیەوێت تەنها ئەوەیە کە دەووری ئانارشیستەکان فێڵبازانە ، لە ژێر پەردەدا بگێرێت . واتە دەبێت ئێمە لەو ڕاستییە بگەین ، کە پێش مەرجی بە دەستهێنانی ئازادی بەستراوەتەوە بە بەدەست هێنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە ،ئەو دیکتاتۆریەتە ، ڕۆژێک یان ساڵێک و هەر چەندێک بخایەنێت . واتە دیموکراسی ئەم دەسەڵاتە دیموکراسی تەواوو بەرکەماڵ دەبێت بۆ پرۆلیتاریا . کاتێکیش دیموکراسی پرۆلیتاریا زەرەرمەند دەبێت بۆ ئازادی ، کە ئینسان ، لە خۆیەوەو هەروا ئەو مەرحەلەیە دابنێت و هیچ پەیوەندییەکی بە دەست هێنانی ئازادییەوە نەبێت . کاتێک کە مەرحەلەیەکی پێویست بوو ئەوا نە سەرلێشێوان دروست دەکات و نە ڕێگریشی دەبێت لە بەردەم بە دەست هێنانی ئازادیدا ، بێگومان کە بەدەست هێنانیشی دەست نیشانی ئازادی ئینسانەکان دەکات .

ئەم قسەو قسەلۆکانەی منصوری حیکمەت، نابنە ئەوەی یەک تۆز لە گرنگی و بەهای دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کەم بکەنەوە . بێجگە لەوەی کە تێڕوانینەکانی بەها دەدات بە ئانارشیزم و کارو سیاسەتی ئانارشیستەکان بەڕێوە دەبات . هەموو ئەم قسانەی منصوری حیکمەت لە ژێر ناوی اجتهاد لە مارکسیزمدا ، دەیەوێت زهنی زۆرێک لە ئینسانەکان بە لای سیاسەتی ووردە بۆرژوازییانەی ئانارشیستەکاندا ڕابکێشێت .

لینین لە(شۆڕشی پرۆلیتاریا و هەڵگەڕانەوەی کاوتسکی)دا دەڵێت. (( دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕی بۆ پرۆلیتاریا بریتییە لەو دەسەڵاتەی بە دەستی

هێناوەو وە پارێزگاری لیَ دەکات ، بە بەکارهێنانی توندوتیژی لەسەر بۆرژوازی . وە هەروەها ئەو دەسەڵاتە قانوون سنووری بۆ ناکێشێت )).
هەروەها لەسەر ئەو دیکتاتۆریەتەو لە وەڵامی کاوتسکی دا کە پێی وابوو دیکتاتۆریەتی پرۆلتیاریا ، هەمان ماناو ناوەڕۆکی دەسەڵاتی سەرمایەداری هەیە . لینین دەڵێت (پێویستە دیموکراتیەت بۆ چەوساوەکان و وە لەناو بردن بۆ چەوسێنەران. (تەئکید هی لینینە) لەو حاڵەدا ، لەناو بردنی ئەو چینە مانای نەبوونی یەکسانی ئەو چینەیە ، لەگەڵ چینی چەوساوەدا ، هەروەها لە دیموکراتییەتدا کورت دەبێتەوە) کەواتە دیموکراسییەتی پرۆلیتاریا ، داواکاری و لێکدەرەوەی ئێمە دەتوانێت ، تجسیدی بکات لە دەسەڵاتی خۆیدا .

لە وەڵامی هەمان پرسیاردا منصوری حیکمەت دەڵێت { دیموکراسی شکلێکی حکومەتی و زنجیرە فکرەو پراکتیکێکی سیاسییە کە لەگەڵ ووجودی کۆمەڵایەتی سەرمایەو ئەو بیَ مافی یە سیاسی یانەدا، دەگونجێت کە لێوەی سەرچاوە دەگرن . کە بە تایبەتی لە سەردەمی ئێمەدا هیچ پەیوەندی یەکی بە بەرین بوونەوەی مافەکانی جەماوەری خەڵکەوە نەماوە . دیموکراسی، ناوێکی ڕەمزی سیاسی و ئاڕمێکە بۆ بارودۆخێکی سیاسی و ئابوری کۆنەپەرستانە کە پیرۆزی بازاڕ میحوەری ئەسڵی یەتی . ل٣٨ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. ئەمەی منصوری حیکمەت باسی لێوە دەکات ، بۆ دیموکراسی سەرمایەداری ڕاستە. بەڵام ناکاتە ئەوەی کە هاو جووت بێت لەگەڵ ناوەڕۆکی دیموکراسی پرۆلیتاریا . واتە ئەوەی کە لە دیموکراسی سەرمایەداریدا بێت و تصوریکیش بێت بۆ دیموکراسی پرۆلیتاریا ، لێکدانەوەیەکی پووچوو ئانارشیستانەیە . چونکە هەر دیموکراسیەو پەیوەندی بە ناوەڕۆکی بزووتنەوەکەی خۆی هەیەو چ هەڵدەگرێت و بۆچی کار دەکات . لینین لە (دەوڵەت و شۆڕش)دا دەڵێت ( مارکس و برۆدۆن لە یەک شتدا بە یەک دەگەن کە هەردووکیان دەڵێن (( هەڵوەشاندنەوەی ))

میکانیزمی دەوڵەتی تازە (واتە سەرمایەداری) بەمەدا ئەشوبهێن ( لە یەکدەچن ) مارکسیزم و ئانارشیزم (برۆدۆن و باکونین، لە گەڵیاندا) . نامانەوێت ئەوە وا ببینێن کە انتهازییەکان وە نە کاوتسکیەکان لەبەر ئەوەی یەک دەگرنەوە لەم خاڵەدا لەگەڵ مارکسیزمدا ، وە جیاوازی مارکس لەگەڵ برۆدۆن و هەروەها لەگەڵ باکۆنیندا مەسئەلەی یەکێتی لەسەر ڕووی ممارسە کردن (بێجگە لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) یەکێتی مەبدەئیەن دەرەچێت لە بڕواو بۆچوونی ئانارشیزمی ووردە بۆرژوازی . هەروەها مارکس لەو کەسانە بوو کە بڕوای بە ناوەندێتی (مرکز) هەیە هەروەها ئەبینرێت لە حکومەکانیاندا گەڕانەوە لە مرکزیەت (ناوەندێتی) بوونی نیە . هەروەها ئەو کەسانەی کە سەری خۆیان حەشارداوە لە حەشارگەی (بڕوابوون) بە دەوڵەتی (خرافی کوێر) و جووڵە جوڵ کەر، ئەتوانێت ئەوە ببینێت بۆ لە ناوبردنی میکانیزمی دەوڵەتی بۆرژوازی ، لەناو بردنی مەرکەزییەت (ناوەندێتی).) کەواتە مارکس دەیەوێت مەرکەزیەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەکار بهێنێت بۆ لە ناو بردنی دەسەڵات و تواناکانی سەرمایەداری . لەگەڵ ئەوەشدا ، ئانارشیزمەکان یەک دەگرنەوە لەگەڵ مارکسیزمدا کە دەسەڵاتی سەرمایەداری دەبێت لەناو بچێت . لینین دەڵێت مارکس ناوەندێتی پرۆلیتاریا بەکار دەبات و دەیخاتە هۆی لەناو چوونی ناوەندێتی بۆرژوازی و مارکس بەرەنگاری ناوەندێتی بۆرژوازی سەربازی و بیرۆکراتی ، بە ناوەندێتی پرۆلیتاریای هۆشیارو، دیموکراتیەتەکەی دەکات . کەواتە دیموکراتی پرۆلیتاریا کاتێک بەهای خۆی لە دەست دەدات کە خودی چینەکان بە خۆشیانەوە نەمێنێت . لە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستیدا ، باس کردن لە دیموکراتیەت شتێکی زۆر بێ بایەخ و مایە پووچ دەبێت . چونکە ئازادی و یەکسانی ، سنوری دیموکراسییەتەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە بەزاندووە .

له وەڵامی پرسیاری (پازدە)دا دیموکراسی پرۆلیتاریا وا دەبینرێت کە مەسەلەیەکی تاکتیکییە . منصوری حیکمەت دەڵێت { ئەوە ڕاستە کە تائێستا ووشەی دیموکراسی بە گشتی لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی دا ، لایەنێکی ئیجابی هەبووەو وەکو ووشەیەکی بنچینەیی لە خەباتی سیاسی داو لە مەسەلەی تاکتیکدا حساب کراوە . بەڵام ئەمە ئیتر بە بڕوای من دەبێ ئاڵ و گۆڕی بەسەردا بێت، چونکە بارودۆخی مەوزوعی و مانای عەمەلی دیموکراسی و هەروەها تێڕوانینی کۆمەڵگای ئەمڕۆ بۆ دیموکراسی ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هاتووە . ل٣٨ (دیموکاسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)} . ئەوەی لێرەدا منصوری حیکمەت باسی لێوە کردووە ، تەنها بە شێوەیەکی فریووکارانە دەیەوێت و زۆر زەلیلانە هەڵوێستی ئانارشیستانەی گرتووەتە بەر و چەواشەی خەباتی چینی کرێکار دەکات . چونکە مەسەلەی دیمکراسی پرۆلیتاریا تاکتیکی نیە ، بەڵکو مەسەلەی ستراتیجی فکری و فەلسەفی مارکسیزمە ، بۆ بەدەستهێنانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی . چونکە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، کاریگەرترین هۆی لەناوبردنی تەواوەتی نیزامی سەرمایەدارییە . کەواتە کاتێک دەبێتە تاکتیک ، کە ئەو مەفهومەو ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێت و قسەی ڕۆژ بێت . بۆیە مەسەلەیەکی ستراتیژیشە چونکە تاقە دەسەلاتی زامن و بە دەستهێنەری ئازادی و یەکسانی ئینسانە . کەواتە ناتوانرێت هیچ کاتێک پشت گوێ بخرێت و بەکار نەبرێت لە شۆڕشدا . ئنجلس ئەڵێت چەند لە بەدەست هێنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا  دوابکەوین ، هەر بەو ئاستە لە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دوا دەکەوین.. چونکە کە دەسەڵاتێکی دژبوونی هەبوو ، دەسەڵاتێکی تری جیاواز لە ناوەڕۆکی چینایەتیدا ئەتوانێت  ناوی ببات و خواستی چینایەتی خۆی فەرز بکات بەسەر کۆمەڵگادا . هەروەها یەکێک لە شکستەکانی کۆمۆنەی پاریس ، مارکس واتەنی باش ڕاڤە نەکردنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو . واتە سەقام گیر نەبوونی دیکتاتۆریەتی چینی کرێکار بوو . کەواتە سەردەمەکە کۆن بێت ، یان تازەو یان بۆگەنی کرد بێت ، ئەوا لە هەموو

کاتەکاندا ، واتە سەردەم سەرەتای دروست بوونی سەرمایەداری بێت ، یان بگاتە ئەوەی کە پەیوەندی دەسەڵاتی سەرمایەداری و سیاسەتی ئابوری و ئیمپریالیزمییانەی هێزە گەورەکانی جیهان . ئەوا بە بێ بەکار هێنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا (دەسەڵاتی دیموکراسی پرۆلیتاریا). لەناو چوونی ئەو دەسەڵاتە خەونەو یەکێکە لە خەونە ڕەنگاو ڕەنگەکانی وورده بۆرژوازی . بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ کە دیموکراسی خوازی و مافی مرۆڤ و ئازادییەکەی بۆرژوازی ، ناتوانێت ئەو ڕاستییە مێژووییە بسڕێتەوە کە لە بەرامبەر ئەمانەدا دیموکراسی پرۆلیتاریا ، پێویستی مێژوویی خۆی هەیە . دیموکراسی بۆرژوازی بە هەر شکڵ و شێوەیەک خۆی بڕازێنێتەوە ، هەمان دیموکراسی و دەسەڵاتەکەیەتی ، کە لە وولاتانی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و ئەمریکای سەروودا هەیە .

لینین لە (دەوڵەت و شۆڕش)دا دەڵێت (هەموو شکڵەکانی دەوڵەتی بۆرژوازی لە هەموو ڕەنگەکانیدا ، بەڵام هەموویان یەکن ، لە هەموو ئەم دەوڵەتانەدا بەم شکڵ و بەو شکڵ  لە کۆتاییدا بە تەئکید دیکتاتۆریەتی بۆرژوازییە . (تەئکید هی لینینە) واتە جیاوازییەکان لە شکڵەکانیاندا نییە . کەوا بڕوانیتە دیموکراسی بۆرژوازی، کە مافی مرۆڤ و هەندێک ئازادی بە قسەی منصوری حیکمەت ئاوەڵا کردووە . بەڵام ئەوە نابینرێت کە گۆڕی بە کۆمەڵ دروست دەکرێت بۆ ئینسانەکان و هەژارەکان شەو و ڕۆژ لەسەر شەقامەکان دەبەنە سەرو لە خانوی بە کارتۆن دروست کراودا ژیان دەبەنە سەرو هەزارو یەک دیاردەی دزێوی تری ئەم کۆمەڵگایە واتە بارودۆخی مەوزوعی ئەمڕۆ ، هەمان بارودۆخی دەسەڵاتی سەرمایەداری کۆنە . واتە سیلسیلەی ئەو دەسەڵاتەیە کە لە کۆنەوە هاتووە.. وە ناشتوانرێت مانای عەمەلی دەسەڵاتی دیموکراسییانەی پرۆلیتاریا ، بە بارێکی تردا بگۆڕێت و تیڕوانینەکان ئاڵ و ئاگۆڕیان پێ بکرێت . چونکە ناوەڕۆکی دەسەڵاتی چینایەتی سەرمایەداری گۆڕانی بەسەردا نەهاتووەو، لە بەرامبەریشیدا

دەسەڵاتی پرۆلیتاریا ، وەک پێویستی و مەفهومی خۆی گۆڕانکاری هەڵناگرێ.. واتە لێرەدا سەردەمەکان دەست نیشانی جۆری دیموکراسییەکان دەکەن . منصوری حیکمەت دەیەوێت بەو ئاڵو ئاگۆڕە شکڵییانەی کە بەسەر هەندێ لە ڕوخساری پەرلەمانەکاندا هاتووە ، وا بەیان بکات کە دیموکراسی سەرمایەداری گۆڕانی بەسەردا هاتووە و دەبێت گۆڕان بەسەر تێڕوانینی مارکسیانە بۆ دەسەڵاتی پرۆلیتاریاش بە دەست بێت و ناوەڕۆکە کۆنەکەی نەمێنێت . دەیەوێت لەم ڕێگایانەوە ، پەردەپۆشی بڕواو بۆچوونی ئانارشیستانەی خۆیی و ووردە بۆرژوازی پێ بکات .

منصوری حیکمەت لە وەڵامی پرسیاری (پانزە)دا دەڵێت { هەر چۆنێک بێت لە سەرەتای کاردا، مارکس و انجلز تا ڕادەیەک سۆسیالیزمیان تەنانەت وەکو ئامانج و ناوەڕۆکی عەمەلی سەرکەوتنی دیموکراسی ، وەکو بەدیهاتنی دیموکراسی واقعی ، باسی لێ کردووە . ل٣٩-٤٠ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. ئەمە درۆیەکی ڕووتە بە ناوی مارکس و ئنجلسەوە . چونکە مارکس و ئنجلس نە دیموکراسی بە سۆسیالیزم لە قەڵەم ئەدەن و نە سۆسیالیزمیش ناوەڕۆکێکی دیموکراسی دەبێت لە لایان ، وە تێکەڵ کردنی سۆسیالیزم و دیموکراسی ، بێ ناوەڕۆک کردنی سۆسیالیزم و دیموکراسی پرۆلیتاریایە . مارکس ڕەخنە لە هیگڵ دەگرێت لەسەر دیموکراسی و لە (هاوبەشی ڕەخنەی فەلسەفەی حق لە لای هیگڵ ) دا دەڵێت (دیموکراتی بریتی یە لە ناوەڕۆکی سیستەمی دەوڵەتی . هەموو سیستەمێکی دەوڵەت). واتە لێکدانەوەکانی مارکس لە کۆندا لەسەر سۆسیالیزم و دیموکراسی ، پێی وایە ، هەتا دەوڵەت بە هەموو شێوازەکانییەوە بمێنێت.. ئەوا سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بەدی نایەت ، واتە ئازادی و یەکسانی، لە پەیوەندی یەکانی ئینساندا پێک نایەت . واتە ئازادی و یەکسانی بەندە بە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمەوە، نەک بە دیموکراسی پرۆلیتاریا و بۆرژوازییەوە . وە لە شوێنێکی تردا ئنجلس لە ساڵی (١٨٧٣ز) دا لە مقالەی (بشأن السلطة) دا

دەڵێت (شۆڕش بە بێگومان بریتییە لە دەسەڵاتی دوای دەسەڵات ، شۆڕش بریتی یە لە کاری سەپێنراوی بەشێک لە دانیشتوان بەسەر بەشێکی تردا بە چەک و قەمە و تۆپ (مدافع) ، یان بە هۆییەک دەسەڵاتداری نەبێت ئەو دەسەڵاتە) هەروەها ئنجلس لە هەمان مقالەدا لەسەر خیانەتی ئەوانە قسە دەکات کە بە شان و باڵی شتێکدا هەڵدەدەن بە بێ زانیاری و یان ئەیزانن و خیانەتی پێدەکەن کە دەڵێت (یان ئەوەتا ئەوەی دژی دەسەڵاتە ، نازانن و بە شان و باڵیشیدا هەڵ دەدەن . لەم جارەیاندا هیچ ناکەن بێجگە لە دروست کردنی تشویش، یان ئەوەتا ئەیزانن و هەستی پێدەکەن ، وە لەم بارەیاندا خیانەت بە مەسەلەی پرۆلیتاریا دەکەن . وە لە هەردوو جارەکەدا هیچ خزمەتێک ناکەن بێجگە لە کۆنە پەرستێتی نەبێت) . هەروەها بۆ ئێستاش کۆنە پەرستی دروستدەکات کە سۆسیالیزم بە دیموکراسی یەکسان بکات . لێرەوە درۆ دەکات منصوری حیکمەت بە ناوی مارکسیزمەوە دەیەوێت تشویشێک لە فکری مارکسیزمدا بدات بە دەستەوە.

کۆنە پەرستی منصوری حیکمەت لەوەدایە کە بە ناوی نوێ خوازی و گۆڕانی بارو دۆخەکانی سەرمایەدارییەوە لە میتۆدی مارکسیزم بدات و پاساوی قسەو قسەلۆکەکانی بداتەوە . ئنجلس لە نامەیەکیدا بۆ بیبل لە ٢٨ ئازاری ساڵی (١٨٧٥) نوسیویەتی و دەڵێت ( لەبەرئەوەی پرۆلیتاریا پێویستی هەیە بە دەوڵەت (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا (ن)) پێویستی بەوە نییە لە پێناوی ئازادیدا، بەڵکو لە پێناوی سەرکوتی بەرهەڵستکارەکەیەتی ، هەروەها کاتێک ئەتوانین قسە لەسەر ئازادی بکەین ، کە لە گەڵیدا دەوڵەت بە مانای پیاهەڵدانی (وصف) دەوڵەت هەڵوەشێتەوە.) ئەمانە و زۆری تری نوسینەکانی مارکس و ئنجلس و لینینیش ڕاستی ئەوە دەسەلمێنن کە دیموکراسی و سۆسیالیزم یەکسان نین و بەو شێوەیەش باس نەکراوە  لە نوسین و فەلسەفەکەیاندا . کە منصوری حیکمەت درۆ دەکات بە ناویانەوە .

لینین حکومەتی کرێکاری، بۆ ئەوە بەکار نەهێناوە، کە ببێتە هۆی زیاتری ڕەخنە گرتنی لەگەڵ کاوتسکییەکان و ئانارشیزمەکان . بەڵکو لینین بڕوای تەواوەتی بەوە هەبووە کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، پێویستی دامەزراندنی هەیە بۆ پرۆلیتاریا تا بتوانێت لەو ڕێگەوە ، زیاتر ئاڵوو گۆڕی سیستمی سەرمایەداری و گوێزانەوەی بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بەرجەستە بکاتەوە . هەروەها ئەوەی کە لە (دەوڵەت و شۆڕش)دا باسی لێوە کردووە و ڕەخنەکانی ئاڕاستەی وورده بۆرژوازی و ئۆپۆرتۆنیستەکان و هەروەها لاینگری تزاری و هەموو باڵەکانی تری دژی شۆڕشی کرێکاری کردووە و زۆر سەر سەختانە دیفاعی لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کردووە . چونکە لینین لە مارکس و ئنجلس باش گەیشتبوو . کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایان بە پێش مەرجی دامەزراندنی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دەزانی . وە زۆرێک لە ناوەڕۆکی نوسینی دەوڵەت و شۆڕش بە هەندێک لە نووسینەکانی مارکس و ئنجلس دەلیل و بەڵگەی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا هێناوەتەوە .

منصوری حیکمەت لە وەڵامی بەشێک لە پرسیاری (پانزە)دا دەڵێت { بەڵام دەرکەوتنی سیمای حکومەتی کرێکاری وەکو دیموکراسی کرێکاری بۆ لینین زیاتر لە لایەنێکی دیفاعی هەیەو لە بنەڕەتدا پلیمێک لەگەڵ کەسانێکدا دەهاتە ئاراوە کە لە هەڵوێستی پێشداوەرییە لیبڕاڵییەکان و نیزامی پەرلەمانییەوە ئازادی سیاسی لە ژێر سایەی حکومەتی کرێکاریدا دەخستە ژێر پرسیارەوە . ل٤٠ ( دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. لە لای لینین حکومەتی کرێکاری و سۆسیالیزم یەک مانای نەبوە تاوا لێکبدرێتەوە کە تەنها لە پێناوی ئەوە بووە لە جەدەلەکانی دا بیباتەوە . ڕاستە لینین ، جەدەلێکی تووندو تۆڵی فکری کردووە لەگەڵ نەیارانی مارکسیزم و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . بەڵام تەنها لە پێناوی ئەوەدا نەبووە کە تەنها جەدەلێک بێت و پراکسیس نەکرێت لە واقعدا . لینین دەڵێت (سۆسیالیزم

هەموو دەوڵەتێک لە ناو دەبات و لە دواییدا هەڵی ئەوەشێنێتەوە . دەبێتە هەڵوەشاندنەوەی هەموو دیموکراتیەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین سۆسیالیزم بنیات بنێین بێجگەلە لە پیارۆشتن بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا . کە دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی تووندوتیژی دژی بۆرژوازی ، وە دژی کەمایەتی دانیشتوان بەکاری دەهێنێت و بۆ گەشە کردنێکی تەواوی دیموکراتییە گەشەیەکی <u>تەواو</u> و کەمال . ( تەئکید هی لینینە)). کەواتە ئەو وەڵامەی لینین بەسە بۆ ئەوەی کە وەڵامی خۆمانی پێ بدەینەوە ، بەرامبەر بە هەموو ئەو باس کردنە پێچەوانانەی کە منصوری حیکمەت باسی لەسەر کردووە . لەگەڵ ئەوەشدا لینین لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لەسەر ئەوە سوور بوو کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، خاڵێکە لە خاڵەکانی میتۆدی مارکسیزم کە بە گرنگەوە سەیری کراوە وە قسە لەسەر پرۆسیس کردن و چۆنیەتی ئەو کردارە کراوە . هەر لە نوسینی (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو هەڵگەڕانەوەی کاوتسکی) تا دەگاتە بە مەقالەو نووسینەکانی دواتری ، کە زۆر بە گرنگەوە سەیری ئەو مەسەلەیەی کردووە . نەک وەک تەمایلات و بزووتنەوەیەکی غەیرە پرۆلیتاری و جیاواز لە سۆسیالیزمی زانستی ، باس وخواستی لەسەر کردبێت . منصوری حیکمەت پێمان ناڵێت ، لە کام شوێن لە نووسینەکانی لینیندا ، دیموکراسی پرۆلیتاریا بە تەمایلات و بزووتنەوەی غەیرە کرێکاری زانیوە !؟.

لینین لەوە گەشتبوو، کە ناوەڕۆکی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، ناوەڕۆکی مەوزوعی خۆی لە دەست نادات هەتا بۆرژوازی و سەرمایەداران بوونییان ما بێت . لینین ، بە بەردەوامی لە ئەنترناسیۆنالی سێیەمدا ، باس وخواستی زۆری لەسەر بڵابوونەوەی ناوەڕۆکی موضوعی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەکرد ، بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا لە پێناو لەناو بردنی سەرمایەداران و چەوسێنەران .

ئەوە درۆیەکی ڕووتە کە منصوری حیکمەت دەیخاتە پاڵ لینین و لە وەڵامی پرسیاری (پانزە)دا { بە واتایەکی تر دیموکراسی لە شێوە مامەڵەی لینین دا ڕەسەنایەتی و حەقانیەتی خۆی لە ووتوویژە کۆمەڵایەتییانەوە بە دەست دێنێ کە لە هەر دەورەیەکدا پایەو بناغەیەک پێکدەهێنن و ئەو بارو دۆخەشی بە دیموکراتیک دەژمێردرێ کە ڕێگرییەکانی بەڕێوە چوونی ئیدارەی سیاسی توێژە دەست تەنگەکان تیایدا لە نێوچوو بێت . ل٤١ ( دیموکراسی: لە نێوان ڕادەبڕین و ڕاستی دا)}. کاتێک لینین و بەڵشەفیکەکان شۆڕشیان کرد ، لینین داواکاری دەست بەجێی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا بە هاوکاری جووتیارانی دەست تەنگ و بە ڕابەرایەتی پرۆلیتاریا ، بەرز کردەوە ، دەیگوت دامەزراندنی ئەم دیکتاتۆریەتە بۆ ئەوەیە ، کە پرۆلیتاریا بتوانێت لە ڕێگەی ممارەسەی دیموکراسییەکەیەوە ، هەموو ئاسەوارەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و حکومەتەکانی تزاری و کاتییەکەی کرنیسکی و دەستوورو یاساکانیان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربهێنێت . وە پێی وا بوو کە هەر ڕێگریەک دەکرێت لە ممارەسە کردنی ئەم دیموکراسییە لە لایەن ئانارشیستەکان و مەنشەفیەکان و کادێتەکانەوەو.... دەبێت بە توند ترین شێوە وەڵامی خۆیان وەربگرنەوە . واتە ڕێگەی لە بەشداری کردنی ووردە بۆرژوازی دەگرت لەو دەسەڵاتەی پرۆلیتاریادا . ئەگەر ئەم ووردە بۆرژوازییە نەیەتە ژێر ڕکێفی دیموکراسی پرۆلیتاریا و لەو پێناوەدا کار نەکات . واتە کاتێکیش دەتوانن ئەو کارە لە ئەستۆ بگرن ، کە بەرژەوەندی جیاواز بەیان نەکەن و گوێڕایەڵی تەواوی داخوازی و ئامانجەکانی پرۆلیتاریا بن لە عەمەلی کردنەوەیاندا . لینین ئەو دیموکراسییەی لە ڕێگای شوراکانەوە دەیوویست برەو پێ بدات کە کرێکاران و جووتیارانی هەژار ، بە ڕابەرایەتی پرۆلیتاریا بە دەستیانەوە بگرن . دەیگوت دیموکراتی بۆ چەوساوەکان و سەرکوتیش بۆ چەوسێنەران .

ناكرێت ئێمە دیموكراسی پرۆلیتاریا وا چاو لێ بكەین ، كە كات و شوێنەكەی نەگونجاو دەبێت لەگەڵ سۆسیالیزم ، تێڕوانینی كۆمۆنیزمی زانستی ، لەناو كرێكاراندا . بەو دەلیلەی كە گوایە دیموكراسی خەڵكی لە جیهانی سێیەم و لە دەوڵەتە گەلییەكانی وەك چین و لە سەردەمەكانی یەكێتی سۆڤیەتی جاران و دیموكراس لیبراڵییەكانی ئەورووپاوە چاوی لێبكەین و ببینرێت . چونكە ئەوانە دیموكراسی سەرمایەی دەوڵەتی و بازاڕی ئازاد بوون . واتە هەموو ئەو مەفهومانەی دیموكراسی ناتوانێت یەك تۆز لە ڕەوا بوون و زیندوو مانەوەی دیموكراسی پرۆلیتاریا كەم بكاتەوە ، تا نیزامی سەرمایەداری مابێت ، داواكردنی دیموكراسی پرۆلیتاریا ڕەواو مەوضوعییە . واتە داخوازیەكان پەیوەندیدارن بە پێكهاتنی كۆمەڵگاوە . لە هەر كۆمەڵگەیەكدا داخوازی جیاوازی خۆی هەیەو بۆ گۆڕینیشی ئەدات و هۆی خۆی هەیە . ئەم بۆچوونەی كۆمۆنیزمی كرێكاری لەسەر دیموكراسی، بۆچوونێكی ئانارشیستانەیە .

لە بەشێک لە وەڵامی پرسیاری (پانزە)دا منصوری حیكمەت دەڵێت { بە بڕوای من لەگەڵ پەیدا بوون دواتر بەسەر چوونی مەقولەی دیموكراسی خەڵكیدا ئیتر دەورانی شان بە شان ڕۆشتنی كرێكارو سۆسیالیزم لەگەڵ مەقولەی دیموكراسی دا بە ڕەسمی تەواو دەبێ . ل٤٣(دیموكراسی: لە نێوان ڕادەربڕین و ڕاستی دا)}. ئەوە گەمژەیی ووردە بۆرژوازییە ، وە یان خیانەتە بە سیاسەت و ستراتیژی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕو داواكارییە مێژووییەكەی . چونكە دیموكراسی پرۆلیتاری لەوێوە بێ ئیعتبار نابێت كە دیموكراسی خەڵكی (دیموكراسی بۆرژوازی) بێ ئیعتبار بووە . لەبەر ئەوەی دیموكراسی پرۆلیتاری ، لە بەرامبەر دیموكراسی خەڵكی و هەموو جۆرو ناوەكانی تری بۆرژوازی دا دەجەنگن و بۆ بێ ئیعتبار بوونیان لە خەباتدایە . منصوری حیكمەت پێی وایە كە دیموكراسی خەڵكی لە كاتی خۆیدا دیموكراسی پرۆلیتاریا بووە . چونكە وا دەبینێت و لەگەڵ ئانارشیستەكان هاوڕایەو

دیموکراسی پرۆلیتاریا و دیموکراسی خەڵکی یەک مانایان دەبێت و دیموکراسی بۆرژوازی دەگەیەنێت . هەموو ئەو بۆچوونانەی منصوری حیکمەت نموونەی نادروست و بێ ناوەڕۆکن لەسەر دیموکراسی پرۆلیتاریا و یەکسان کردنی بە دیموکراسی بۆرژوازی ، لێکدانەوەیەکی درۆزنانەی ووردە بۆرژوازییەو دەیەوێت لەم ڕێگایەوە بەها بە واقعی بوونی بۆچوونەکانی بدات کە بێجگە لە بە دەستەوەدانی سیاسەتی ئانارشیستانە و لێکدانەوەکانیان هیچی تری لێ بەرهەم نەهاتووە .

منصوری حیکمەت دەیەوێت جارێکی تر لە وەڵامی پرسیاری(پانزە) دا ئەوە ڕابگەیەنێت دەورانی بازاڕی ئازادو نەمر ناساندنی سەرمایەداری ببێتە هۆی لێکدانەوەو لادانی دیموکراسی پرۆلیتاریا کە لەو بەشەدا دەڵێت { ئەم واقعیەتەی کە دەورەی نوێ ی خوشەویست بوونی دیموکراسی کە لەم سالانە دا بینیومانە ، بە ڕەسمی لە جەرگەی بە پیرۆز دانانی بازاڕو بە نەمر ناساندنی کەپیتالیزم دا شکڵ دەگرێت، خۆی شایەدی ئەوەیە کە ئیتر دەورانی ڕادیکالیزە کردن و ((ڕەسەن)) کردن و کرێکاری کردنی مەقولەی دیموکراسی لە لایەن سۆسیالیستەکانەوە بەسەر چووە . ل٤٣ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. سەرمایەداری دەیەوێت بە هەر شێوەیەک کە بتوانی ڕێگەی پرۆلیتاریا ببڕێت و نەتوانێت بگاتە دەسەڵاتی خۆی ، ئەو جاڕەی کە ئەمڕۆ بە گوێی مرۆڤیدا دەدەن ، هەر لە دیموکراسی و مافی مروڤ و ئازادی و کۆمەڵگای مەدەنییەوە ، هیچ ناگەیەنێت بێجگە لە پێناسەو بەهای پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری . ئەوە سەرمایەداریە لە ڕێگەی پاپاو قەشەکان و عەمامەبەسەرەکان و سیاسەتمەدارەکانی دەسەڵات و ئۆپوزسیونەکەیانەوە ، دەیانەوێت ئەوە بە گوێی کرێکاراندا بدەن ، کە پەیوەندی کارو سەرمایە ، ئەزەلی و ئەبەدییە . ئەو هەموو دەهۆڵ کوتینەی سەرمایەداران ، ناکاتە ئەوەی کە کۆمۆنیستیە زانستییەکان ، واز لە دیموکراسی پرۆلیتاریا بینن . بەڵکو زیاتر ئەوە دەخاتە بەردەمیان کە

پێکهێنانی و پرۆسیس کردنی دیموکراسی پرۆلیتاریا ، زیاتر گەشەدارترو بەرجەستەتری بکاتەوە لە فکرو زهنیاندا .          پیاهەڵدانی بۆرژوازی بە دیموکراسییەکانیاندا ، ناکاتە بێ بەها بوونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . واتە دەبێت نەزمی نوێ ، جیاوازی چی هەبێت لەگەڵ سەردەمی جەنگی ساردا ، لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری یەوە ! هەتا ئێمە گۆڕانکاریش بکەین لە مەفهومی دیموکراسی پرۆلیتاریادا ؟ ئەوەی لە ئێستادا بەرهەمهاتووەو جیهانی بلۆکی شەرقی و غەربی بە مانای دوو حیلفی سەربازی و سیاسەتی کۆتایی پێ هاتووە ، تەنها ئەوە بووە لە جیهانی کۆن و نوێ دا ، بەرگێگ هەبوو بە ناوی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستییەوە ، درۆزنانەو پەردە پۆشی سەرمایەداری دەوڵەتی بووە . ئەم دەمامکەی سەرمایەداری کەوتووەتەوە سەر دەمووچاوی ئەسڵی خۆی . حیلفی وارشو لە حیلفی ناتودا تواوەتەوەو ئەو هێزەی کە لە دەورانێکی کۆندا کرێکارانی لە خشتە دەبردوو بۆ زۆرێک ببونە جێگەی ئومێدی شۆڕشی ناوچە جیاجیاکان ، هیچ نەبوو ، تەنها ململانێ یەکی سەرمایەدارانە بوو .

لە ئێستادا جارێکی ترو بە جۆرێکی تر ، کارتێلەکان بەشی خۆیان خستووەتە ناوچە ئابوریەکانی ڕۆژهەڵات و تروستەکانیان بە پێی هێزی سیاسی و قودرەتمەندی ئابوری و سیاسیان لە جیهاندا بەسەردا دابەش بووە . لە کۆندا بەشی کارتێلەکان بەشێکیان هی سەرمایەی دەوڵەتی بوون و بەشێکیان هی سەرمایەی بازاڕی ئازاد بوون . بەڵام ئێستا هی سەرمایەی بازاڕی ئازادن . ئەمە هەموو ئەو گۆڕانەی نەزمی نوێیە کە یەک تۆز نەیتوانیوە لە پەیوەندییەکانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و دیموکراسیەکەیان ، بچێت بەو لاوە . هەتا منصوری حیکمەت بیەوێت لە ڕێگەی ئەو چەواشە کارییەوە ، ڕاست و دروست بوونی بۆچونەکانی خۆی لەسەر دیموکراسی پرۆلیتاریا بدات بە دەستەوە و لەو ڕێگەیەوە ڕابگەیەنێت کە لێکدانەوەی نوێی لەسەر مارکیسیزم کردووە و سەرنجی دەوروپشتەکەی

بۆ لای خۆی ڕابکێشێت . سیاسەتی ئانارشیستانەی ووردە بۆرژوازییانەی خۆی تاوبدات . ڕاستە سەردەم سەردەمی مارکس نییە ، بەڵام سەردەمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاریاش نییە ، هەتا ئێمە لەم دیکتاتوریەتەدا قسە لەسەر ئەوە بکەین و هەموو هەوڵ و کۆششەکانمان بۆ ئەوە بخەینە گەڕ کە ناوەڕۆک و دەسەڵاتی خۆی لە دەست بدات و ئازادی و یەکسانی ئینسان بەرجەستە بێت لە کۆمەڵگادا . مارکس لە سەردەمی سەرمایەداریدا بووە و لێکدانەوەکانیشی لەسەر ئابوری سیاسی سەرمایەداری و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی لێکداوەتەوە . ئەو کاتە و ئێستاش بەهای سەرمایەداری بەند بووە بە بەهای کار و سەرمایەوە . هەر لەو کاتەشدا هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی کارو سەرمایە بووە ، ئیتر بتەوێت سەردەم سەردەمی مارکس نییە و یان سەردەمی نوێی نیزامی سەرمایەداریە بۆیە دەبێت گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی فەلسەفی مارکسیزم لەسەر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بکرێت ، هاوتایە لەگەڵ سیاسەتی ئانارشیستەکان و بە گەواهی ڕاستی بۆچوونەکانی دادەنێت . هیچ ناگەیەنێت ، بێجگە لە سیاسەتی ووردە بۆرژوازی فریوکار .

کاتێک منصوری حیکمەت دەڵێت سەردەمی لینین و یەکەم شۆڕشی کرێکاری نیە . دەیەوێت جارێکی تر لەم ڕێگایەوە ڕێگا بۆ چڵکاوی بۆچونەکانی بکاتەوە و مەسەلەی وەلانانی دیموکراسی پرۆلیتاریا و جێکەوتە بوونی بۆچونەکانی ، لە ناو کرێکاراندا ئەگەر پەیوەندی سیاسیشیان بە کرێکارانەوە هەبێت ، شۆڕشی کرێکاری بە تەواوی کەماڵەوە بەرجەستە نەبووە لە جیهاندا . هەتا شۆڕشی ئۆکتۆبەریش کە نەیتوانی هەموو ئاستەکانی شۆڕشی کرێکاری ببڕێت و بتوانێت دەوری جدی تر لە ڕاگوێزانی سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم جێبەجێ بکات . تەمەنی شۆڕش کورت ماوە بوو... کاتێک کە سەرمایەداری بۆگەنی کردووە و لەگەڵیشیدا شۆڕشی کرێکاریش گەشەی تەواوی خۆی نەکردووە لە جیهاندا . دەبێت بۆ کۆمۆنیستە زانستیەکان دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا خواست و وویستی

ستراتیجی و  شۆڕشگێڕانەی ئێمە بێت . ئەوە بۆگەن کردووی دیموکراسی سەرمایەداری و نیزامەکەیەتی ، کە ڕاستی و دروستی مێژووی دیموکراسی پرۆلیتاریا گەشەدار تر دەبێت . واتە بۆگەن کردنی سیستەمی سەرمایەداری و دیموکراسیەکەی نابێتە هۆی بۆگەن کردنی دیموکراسی پرۆلیتاریا . ناکرێت ئێمە وەک منصوری حیکمەت ، بڵێین  هەر کەس سەر پشکە لەوەی هەر ووشەیەک بەکار بهێنێ کە مەبەستەکەی ڕوون بکاتەوە . چونکە ناکرێت بڵێنی ئازادی لە جیاتی مەقولەی دیموکراسی دەبێت و دیموکراسی مانای ئازادی دەگەیەنێت . کە هەردوو بارەکەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەربەخۆیی خۆیان دیاری دەکات . ئەو لێکدانەوەی منصوری حیکمەت لە دیموکراسی پرۆلیتاریا و ئازادی و دیموکراسی بۆرژوازی دەکات و بێ بەها سەیری دەکات و شێوەی تازەی لێکدانەوەی ووردە بۆرژوازی و کۆمۆنیزمی کرێکاریە و فێڵبازانە ، سیاسەتی ئانارشیستی خۆی بەیان دەکات .

لە وەڵامی پرسیاری(پانزە)دا منصوری حیکمەت دەڵێت { بە بڕوای من دەبێت ئەم دوو ووشەیە وەلا بنێین و هەرچەندە نا بەدڵیش بێت ، لەم شانۆگەریە منداڵانەیەی دوا دوای سەدەی بیستەمدا بەشداری نەکەین . ل٤٣ (دیموکراسی: لە نێوان دەربڕین و ڕاستی دا)}. وەلا نان و وەلا نەنانی دیموکراسی پرۆلیتاریا پەیوەندی هەیە بەسەردەمێکی مێژوویی خۆییەوە ، کە تیایدا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا سەرکوتی تەواوی سەرمایەداری و بۆرژوازی کردبێت . چونکە ئەو کاتانەی کە سەرمایەداری وەک چین بوونی لە دەستدەدات ، پرۆلیتاریاش بوونی خۆی لە دەستدەدات . واتە پەیوەندییەکان ، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و لە دەسەڵاتی چینەکانەوە دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی  ئینسان بەسەر سرووشتدا ، ئەوکاتە ئینسان لەگەڵ ئینساندا هیچ دژایەتیەک و ململانێیەکی نامێنێت و ئینسانی چەوساوەو چەوسێنەر پەیوەندیان لە دەست دەدەن .

کەواتە دەبێت لەو کاتانەدا پەیوەندی ئینسان ، ئازادی و یەکسانی دەبێت . تەنها ئازادی و یەکسانی دەبێتە ناوەڕۆک بۆ پەیوەندیەکانیان . منصوری حیکمەت بەوە خۆی لەو شانۆگەرییەی جیهانی سەرمایەداری جیا دەکاتەوە و بەشداری ناکات ، کە گوایە ووشەی دیموکراسی وەلا بنرێت و لە جیاتی ئازادی و یەکسانی بەکار بهێنرێت لە دەسەڵاتی چینایەتی چینەکاندا . یان ئەو کۆمۆنیستانەی کە داوای دیموکراسی پرۆلیتاریایان کرد ، بە دیموکراسی خواز لە قەلەم بدرێت . واتە هەموو ئەو بۆچوونانەی کە منصوری حیکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری و بۆچوونەکانی تری ناو بزووتنەوەی کرێکاری و ئانارشیستەکان و ئۆپۆرتۆنیستەکان دەریدەبڕن ، کە گوایە دیموکرات خواز نەبن ، هیچ نابێت بێجگە لەوەی کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بە ناوی دیموکراسی سەرمایەداری و شتی لەو بابەتە لە قەڵەم دەدەن . واتە منصوری حیکمەت ئەکتەرێکی فاشلی شانۆگەریە مناڵانەیەی سەرمایەدارییە ، کە لەم دوا دوای یەی سەدەی بیستەم دا پیشان دەدرێ . لە فەلسەفەی چینی کرێکاردا ، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا جێگەیەکی تایبەتی و موضوعی و پێویستی بزووتنەوەی شۆڕشگێری کرێکارانی هەیە . کە لێرەوە ئینسان دەگات بە ئازادی و یەکسانی یەکانی شایستەی ئینسان . مارکس لە پێشەکی بۆ (هاوبەشی لە ڕەخنەی فەلسەفەی حەق لە لای هیگل) دا دەڵێت ((سەری (مێشک) ی ئەو ڕزگاری یە فەلسەفەیە ، وە دڵیشی پرۆلیتاریایە . وە ناتوانین ئەو فەلسەفەیە، بنیات بنێین لە واقیعدا بەبێ لەناو بردنی پرۆلیتاریا ، وە ناتوانێت پرۆلیتاریا خۆی لە ناو ببات ، بەبێ بنیاد نانی ئەو فەلسەفەیە لە واقعدا . (تەئکید هی مارکسە )..........

**مانگی نیسانی ١٩٨٨**

**ن.ف. عبدالله**